دەستوور
ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات
٤٧
چوارشەممە
٢٠١٠/٩/١
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net

## ئاگاداری

خوێنەرانی ئازیزی ڕۆژنامەی دەستوور ئاگاداردەکەینەوە، کەبەهۆی نزیکبوونەوەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە، ڕۆژنامەکەمان ڕۆژی سێشەممە٢٠١٠/٩/٧ دەردەچێت.

# ٣١-ئاب

## خیانەتێکی لەبیرنەکراو

20

www.arsivakurdi.org

# ئۆپۆزیسیۆن نایەوێت لە ٣١ی ئاب بکۆڵێتەوە

## پەرلەمانتارێک: دەبێت پەرلەمان بابەتی ٣١ی ئاب بوروژێنێت


ڕەحمەت بکە بە تاجی عەدالەت و توندو تۆڵی بمجێ...
هاوکاری
سبەینێ یادی چوارەم ساڵەی هاتنەدەستە سەرکەوتنەکەی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ دەکەینەوە
سەرکەوتن بۆ ڕەوتی یەکێتی نیشتمانی دەبێت و دۆڕانی شەڕانییەکان

زانیار محەمەد

دوای تێپەڕبوونی ١٤ ساڵ بەسەر خیانەتی ٣١ی ئابدا، فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمانی کوردستان نایانەوێت لە ٣١ی ئاب بکۆڵنەوەو ئەو باسە بوروژێنن، پەرلەمانتارێکیش رایدەگەیەنێت پێویستە پەرلەمان بابەتی ٣١ی ئاب بوروژێنرێت.

عومەر عەبدولعەزیز سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لەپەرلەمانی کوردستان لەپەیوەندییەکی تەلەفونیدا ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک لەو بارەیەوە بدات، بەبیانووی ئەوەی "ئەو مەلەفە داخراوەو بەئاسانی ناکرێتەوە".

نەریمان عەبدوڵڵا ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "٣١ی ئاب قەزیەیەکی نەتەوەییەو مێژوو رەحم بەهیچ کەسێک ناکات، پەنابردن بۆ دوژمن، قبوڵناکرێت بەهەر بیانوویەکەوە بێت".

نەریمان ئاماژەی بەوەشکرد کەئەو بابەتانە چارەنووسسازن، دەبێت لەپەرلەمان بوروژێنرێت، وتی "بۆ ئەوەی دووبارەنەبێتەوە، هیچ گەلێک قبوڵناکات ئەو رووداوانەی بەسەردا تێبپەڕێتو ئەنجامدەرانی لەبیربکرێن".

نەریمان عەبدوڵڵا بەگرنگیزانی ٣١ی ئاب لەپەرلەمان باسبکرێت، "بۆ ئەوەی کەس نەوێرێت لەداهاتوودا بیر لەوەبکاتەوە هەموو شتێک بۆ خۆی بەڕەوا بزانێت"، بەڵام روونیکردەوە لەفراکسیۆنی گۆڕان هیچ بەرنامەیەکیان نییە بۆ وروژاندنو باسکردنی ٣١ی ئاب.

ئارام قادر سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی وتی "ئەو بابەتە بابەتێکی سیاسییە، ئێمەش پەرلەمانتارینو پەیوەندیمان بەو بابەتە سیاسیانەوە نییە".

ئارام قادر بەباشی زانی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵ لەو بارەیەوە قسەبکەن.

رۆژی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ پارتی دیموکراتی کوردستان هێزەکانی رژێمی بەعسی رووخاوی هێنایە هەولێرەوە. لەپێناو دەستبەسەراگرتن بەسەر ئەو شارەو دەرکردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

دوای ١٤ ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا نە پارتی داوای لێبوردنی کردووە، نەهێزی ئۆپۆزیسیۆنیش ئامادەیە ئەو باسە لەپەرلەمانی کوردستان بوروژێنێت، دەزگا راگەیاندنەکانی دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆنیش بێدەنگیان هەڵبژارد.

# گومانی هاتنەوەی قاسم ئاغا بۆ هەولێر شیوعییەکان تورەدەکات

تایبەت بەدەستوور

گومانی هاتنەوەی قاسم ئاغای کۆیە بۆ هەولێر لەلایەن هێزێکی باڵادەستی هەرێمەوە شیوعییەکان نیگەراندەکات، بەبیانووی ئەوەی قاسم ئاغای کۆیە دەستی لەکوشتنی چەند پێشمەرگەیەکی ئەو حیزبەدا هەبووە لەسەردەمی رژێمی بەعسدا.

گۆران حسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی دەستوور، رایگەیاند کەجارێ ئەو زانیاریانە لەلایەن پارتییەوە پشتڕاستنەکراوەتە تا هەڵوێستی فەرمی رابگەیەنن.

گۆران باسییلەوەشکرد کەئەوان وێنەو دەنگی قاسم ئاغایان لەلایە کە بەسەر دوو پێشمەرگەی دیلی برینداری حیزبی شیوعییەوە وەستاوەو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکات، وتی "تۆ بڵێی هێزێکی سیاسیو تەنانەت عەشایەری رەسەنی ئەم وڵاتە هەبێت شانازی بەخوێنڕێژو تاوانبارێکی لەم شێوەیە بکات؟".

مام جوامێر پێشمەرگەی دێرینی حیزبی شیوعی عێراق ئەوەی خستەڕوو کە لە ٣ی ئازاری ١٩٨٩ هێرشێکی فراوانی سوپاکەی سەدام بەهاوکاری جاشەکانی بەسەرکردایەتی قاسم ئاغای کۆیە بۆ سەر پێشمەرگەکانی، دوو کەسیان بەناوی (شەپۆلو رێباز) بەبریندار کەوتنە ژێر دەستی ئەو هێزە.

ئەو وتی "پاش راپەرین تەرمی (هاورێ شەپۆل)یان بۆ ئاشکرابووە، بەڵام تەرمی هاورێ رێباز جارێ ونە".

لەراپەڕینی ئاداری ١٩٩١دا، لەناو بارەگای ئیستخباراتی رانیە، رێکخستنەکانی حیزبی شیوعی لەناوچەی پشدەرو بتوێن دەستیانگرت بەسەر کاسێتێکی ڤیدیۆیدا، تیایدا قاسم ئاغای کۆیە دەردەکەوێتو کۆمەڵێک جاشو سەربازی بەدەورەوەیە، قاسم ئاغا داوای زانیاری لەیەکێک لەو بریندارانە دەکاتو ئەویش هیچ نادرکێنێت.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، گومانی پێشوازیکردن لەقاسم ئاغای کۆیە، بۆ دروستکردنی ئینشیقاقە لەناو حیزبەکەی ئەرشەد زێباری، بەڵام گۆران حسێن وتی "شوێنی ئەو کەسانە بەردەم دادگایە، چونکە لێبووردنەکەی بەرەی کوردستانی ئەو کەسانە ناگرێتەوە کەکاتی خۆی سوودیان لێوەرنەگرت".

# سەرکردەیەکی گۆڕان: کۆبوونەوەکانی نێوان یەکێتیو گۆڕان فەرمی نەبوون

مەعاز فەرحان

سەرکردەیەکی بزووتنەوەی گۆڕان رایدەگەیەنێت هیچ کۆبوونەوەیەکی فەرمی لەنێوان یەکێتیو پارتی بۆ هێورکردنەوەی پەیوەندی نێوانیان ئەنجامنەدراوە، بەڵام پێیباشە هەردوولا پرۆژەی هاوبەشیان هەبێت.

عوسمان بانیمارانی هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "تائێستا هیچ کۆبوونەوەیەک نەکراوە لەنێوان بزووتنەوەی گۆڕانو یەکێتی نیشتمانیدا، تەنها ئەوە بوو وەفدێکی ئەوان سەردانی ئێمەیان کردووە کە لەدوو کەس پێکهاتبوو، هیچی تر".

بانیمارانی وتی "پێمباشە پەیوەندیمان باش بێت و دۆستبین و پرۆژەی هاوبەشمان هەبێت، زۆر سروشتییە پەیوەندیمان باش بێت، ئێمە لەپەرلەمانێک دادەنیشینو بەیەوەکەوەین، زۆر سروشتییە لەگەڵ یەکێتیو لەگەڵ پارتیشدا دۆستایەتیو پەیوەندیمان هەبێتو پرۆژەی هاوبەشمان هەبێت".

لەبارەی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی نوێوە، بانیمارانی وتی "ئێمە جارێ سەردانیان ناکەین موبادەرەکە لای ئەوانەوە بووە، ئەگەر ئەوان هەنگاوی ئاشتی بنێن، ئەوسا ئێمەش سەردانیان دەکەین، بەڵام شەرتە ئەوان هەنگاوەکەیان بۆ ئاشتی بێت".

# چیمەنتۆی هەرێم بۆ خواروو و ناوەڕاست دەڕواتو چیمەنتۆی ئێرانیش دێتە هەرێمەوە

فەرمان خێڵانی

خاوەن کارگەکانی بەرهەمێنانی چیمەنتۆ لەهەرێمی کوردستان دەڵێن بەهۆی زیادبوونی بەرهەمی چیمەنتۆی ناوخۆوە، چیمەنتۆ رەوانەی خواروو و ناوەڕاستی عێراق دەکەن، رۆژانەش تەنها لەسنووری حاجی ئۆمەرانەوە نزیکەی ٢ هەزار تەن چیمەنتۆ دێتە کوردستانەوە.

ئاراس عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری کارگێڕی کارگەی چیمەنتۆی (ماس) لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور رایگەیاند کەرۆژانە بڕی ٦٠٠٠ هەزار تۆن چیمەنتۆ بەرهەمدەهێنێت لەڕۆژێکداو لەڕێگەی بریکارەکانیانەوە رێژەی لە٦٥٪ی بۆ هەرێمو لە٣٥٪یشی بەسەر باشوررو خوارووی عێراقدا دابەشدەکەن، بەمەش پێداویستی هەرێم بۆ چیمەنتۆ پڕدەکەنەوە.

لەلایەکی ترەوە حەسەن باقی سەرۆکی ژووری بازرگانی سلێمانی، ئاماژەی بەوەدا کە لەهەرسێ کارگەی چیمەنتۆی ماسو بازیانو تاسڵوجە، رۆژانە ٢٥ هەزار تۆن چیمەنتۆ بەرهەمدەهێنرێت، بەڵام وتی "هیچ ئامارێکمان لا نییە سەبارەت بەو چیمەنتۆیەی رەوانەی خواروو و ناوەڕاستی عێراق دەکرێت".

بەپێی ئامارێک کەپێش چەند رۆژێک بڵاوکرایەوە، لەماوەی چوار مانگی رابردوودا ٢٥٠ هەزار تۆن چیمەنتۆ لەخاکی ئێرانو لەسنووری حاجی ئۆمەرانەوە هاتووەتە کوردستان، ئەمە لەکاتێکدایە کەخاوەن کارگەکان دەڵێن رێژەیەکی زۆری بەرهەمی چیمەنتۆ بەهۆی زۆری بەرهەمەکانیانەوە رەوانەی خواروو و ناوەڕاستی عێراق دەکەن.

لەهەرێمی کوردستاندا سێ کارگەی چیمەنتۆ هەیە، کارگەکانی (بازیانو تاسڵوجەو ماس) هەر ٣ کارگەکە لەناحییەی بازیانو شارەدێی تەینالن.

عەقید رۆستەم کۆکۆیی بەڕێوەبەری مەرزی باشماخ لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی "هەموو رۆژێک ١٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠ تۆن چیمەنتۆ لەم مەرزەوە دێتە کوردستانەوە".

لەژمارەی داهاتوودا
بەدواداچوونێک بخوێنەرەوە

# کوردنشینی دەبێتە رێگر لەبەردەم دروستکردنی چەند پاڵاوگەیەکی نەوت

زانیار داقوقی

چەندان جار بەرپرسانی قەزای خانەقین داوایانکردووە چەند پاڵاوگەیەک لەقەزاکەیان دروستبکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی خانەقین ناوچەیەکی کوردنشینە وەزارەتی نەوتی عێراقی ئامادەنییە پاڵاوگەی نەوت دروستبکات.

محەمەد مەلا حەسەن قایمقامی قەزای خانەقین، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ئێمە ماوەیەکە هەوڵی دروستکردنی پاڵاوگەیەکی نەوت دەدەین بۆ خانەقین، بەڵام وەزارەتی نەوتی عێراق درۆمان لەگەڵدا دەکات".

مەلا حەسەن وتی "وەزیری نەوتی عێراق ئامادەنییە ئەو پاڵاوگانە بکاتەوە، چونکە پێیوایە پارێزگای دیالە نەوتی تێدانییەو وادیارە خانەقین قەزایەکی کوردنشینەو وەزارەتی نەوتی عێراق نایەوێت پاڵاوگەی نەوت لەو قەزایەدا دروستبکرێت".

قایمقامی خانەقین ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات کەدروستکردنی پاڵاوگەی نەوت بۆ خانەقینو پارێزگای دیالە سوودی بۆ عێراقیش هەیە، چونکە جگە لەوەی ٤ ناحییە سەر بەقەزاکەیە، هاوکات نزیکەی ٤ ئیدارەی دیکەشی لەسەرە. کەدەکاتە ٨ ئیدارە لەسەر قەزای خانەقین.

# حەوت ساڵە ٤٠ خێزان سەنتەرێکی گەنجانیان داگیرکردووە

زانیار داقوقی

ماوەی حەوت ساڵە بەهۆی نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونەوە، لەقەزای خورماتوو ٤٠ خێزانی ئاوارەی کورد لەسەنتەری لاوانی ئەو قەزایە نیشتەجێکراون، تائێستا ئامادەنین چۆڵیبکەن، وەزارەتی وەرزشو لاوانی عێراقیش بەنیازە قەرەبووی ئەو ئاوارانە بکاتەوە لەپێناو چۆڵکردنی ئەو سەنتەرەدا.

شەلال عەبدول بابانی قایمقامی قەزای خورماتوو لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند کەماوەی حەوت ساڵە دوای گەڕانەوەیان بۆ ئەو ناوچەیە، بەهۆی نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونەوە ٤٠ خێزانی ئاوارە بەناچاری لەسەنتەری لاوانی ئەو قەزایە نیشتەجێبوون.

ئەو وتی "بڕیارە قەرەبوویان بکەینەوەو لەجیاتی چۆڵکردنیان بەبڕی ٣ ملیۆن بۆ ٥ ملیۆن دینار".

بابانی ئەوشی وت "لیژنەیەکی هاوبەشیان پێکهیناوە لەلایەن قایمقامیەتو ئەنجومەنی قەزاو سەنتەری لاوان بۆ ناونووسینی ئەو خێزانە ئاوارانە، بۆ ئەوەی قەرەبووبکرێنەوەو ئەو سەنتەرە چۆڵبکەن".

# مـــــەرگـــــی کـیـــمــــیـــایـــی

## ئەگەر بەتەواوەتی سەلمێنرا تورکیا چەکی کیمیایی بەکارهێناوە، ئەوا ڕووبەڕووی سزای قورسی نێودەوڵەتی دەبێتەوە

ئا:محەمەد عەلی کەمال

ژمارەیەک دەزگای ئەورووپی لێکۆڵینەوە لەوێنەی ئەو گەریلایانە دەکەن کە بەچەکی کیمیایی کوژراون، بەپێی گۆڤاری نیوزویک بەڵگەکانی ئەمجارە بەهێزترن لەوانەی پێشووتر، لەئەگەری سەلمانی ڕاستی ئەو کارەدا حکومەتی ئەنقەرە توشی سزای ئابووری دەبێتەوە.

چاپی ڕوسیای گۆڤاری نیوزویک لەهەواڵێکدا لەژێر ناوی "مەرگی کیمیایی" ئەوە ئاشکرادەکات بەڵگەکانی ئەمجارە زۆر بەهێزن، ئەگەر بێتو ئەوە بەسەر تورکیادا ساغبێتەوە کەچەکی کیمیایی لەدژی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بەکارهێناوە، ئەوا کێشەی گەورە چاوەڕێی تورکیا دەکات کە لەوانەیە خۆیان لەسزا ئابوورییەکاندا ببیننەوە. هەروەک لەهەواڵەکەدا هاتووە "کوردەکان ئەمجارە سەلماندیان کەسوپای تورکیا چەکی کیمیایی لەدژیان بەکارهێناوە".

هەر لەهەواڵەکەدا کەباسی هێرشەکەی سوپای تورکیای لەناوچەی چوکورجا کردووە کە بەچەکی کیمیایی لەئەیلولی ساڵی ٢٠٠٩دا کردوویانەتە سەر یەکەیەک لەگەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئاماژەی بەوەشداوە کەبەرپرسانی پزیشکی دادوەری شوێنەوارەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییان لەخانەوادەی گەریلاکان شاردووەتەوەو زانیارییان لەوبارەیەوە نەداونەتێ.

ئەو گۆڤارە کە لەپاڵ ئەوەدا کەباسی کوشتنی گەریلاکانی بەچەکی کیمیایی کردووە، ئەو دڕەندەییو وەحشیەتەشی خستووەتەڕوو کەبەرانبەر تەرمەکانیان کراوەو نوسیویەتی "وێنەی ئەو هەشت کوردەی کەکوژراون، بینینیان موچڕک بەگیانی مرۆڤدا دەهێنێ، کاسەی سەریان پارچە پارچە کراوەو چاویان دەرهێنراوە، سکیان هەڵدڕاوەو شوێنەواری سوتانو برینداری بەلەشیانەوە دیارە".

ئەوەشی ڕاگەیاندووە کەژمارەیەک پزیشک لەزانکۆی هامبۆرگی وڵاتی ئەڵمانیا لێکۆڵینەوەی وردیان لەسەر وێنەکان کردووە، لەڕاپۆرتەکەیاندا وێڕای ئەوەی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەچەکی کیمیایی لەدژی گەریلاکان بەکارهێنراوە، ئەشکەنجەو ئازاری جەستەییش دراون.

هەر لەهەواڵەکەدا هاتووە بەکارنەهێنانی چەکی کیمیایی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی لەبارەوە واژۆکراوەو تورکیاش لەساڵی ٢٠٠٣دا ئەم ڕێککەوتننامەیەی واژۆکردووە. ئەوەشی ڕوونکردووەتەوە کەپارتی ئاشتیو یەکسانی (بەدەپە) سەرگەرمی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکە لەو بارەیەوەو سەرۆکی دامەزراوەی مافی مرۆڤ لەتورکیاش ئەوە رادەگەیەنێت کەتورکیا چەندان ساڵە چەکی قەدەغەکراو لەبەرانبەر کوردەکاندا بەکاردەهێنێ، بەڵام تا ئێستا هیچ کەسو لایەنێک باسی بابەتێکی لەو جۆرەی نەکردووەو خۆی لەقەرە نەداوە.

هەروەک ڕۆبەرت لۆی شارەزا لەخانەی چاتهامی بەریتانی ڕایدەگەیەنێت ئەگەر بێتو ئەوە لەسەر تورکیا ساغبێتەوە کەچەکی کیمیایی لەدژی پەکەکە بەکارهێناوە، ئەوا کێشەی گەورە چاوەڕوانی ئەنقەرە دەکات.

لۆی لەهەواڵەکەی نیوزویکدا باس لەوە دەکات لەوانەیە ئەو کێشانەی ئەنقەرە توشیان دێت سزاو گەمارۆ بن، ئەو کاتەش تەنانەت ئەمریکای هاوکارو هاوپەیمانیشی ناتوانێت یارمەتی بدات. چونکە لەئێستادا تورکیا داوای چەکو فرۆکەی پێشکەوتوو لەئەمریکا دەکاتو ئەگەر ئەم کەیسە لەبەرژەوەندی پەکەکە ساغبوویەوە، ئەوا زیانی هەریەک لەئەمریکاو تورکیای تێدایەو چیدیکە ئەنقەرە ناتوانێ چەک لەواشنتن بکڕێت.

هاوکاتو لەشاری ئامەد پارێزەرانی شارەکە بەنیازن کەیسی ئەو زیندانییە نەخۆشانەی لەلێواری مەرگدانو حکومەت ئازادیان ناکات، ببەنە دادگای باڵای مافەکانی مرۆڤ لەیەکێتی ئەورووپا.

پارێزەرانی شاری ئامەد بەمەبەستی گێڕانەوەی مافی ئەو زیندانییە سیاسییانەی لەزیندانەکاندا بەندنو بەپێی ڕاپۆرتە پزیشکییەکان لەسەرەمەرگدان، بەڵام تا ئێستا حکومەتی تورکیا ڕەزامەندی لەسەر ئازادکردنیان نیشاننەداوە، بەنیازن سەردانی دادگای مافەکانی مرۆڤ لەیەکێتی ئەورووپا بکەن. لەبەر ئەوەی زیندانەکان پێشێلی مادەکانی ١٣و ١٤و ٣یان لەدژی ئەو کەسانە کردووەو پێشتریش چەند زیندانییەکی سیاسی بەو جۆە گیانیان لەدەستداوە. ئەو کەسانەشی لەئێستادا بەهۆی نەخۆشییەوە لەلایەن پزیشکەوە ڕاپۆرتیان بۆ کراوە، دەبێت ئازاد بکرێن کەژمارەیان دەیان کەسە. وا بڕیارە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا سکاڵاکە ببرێتە ئەو دادگایەو چاوەڕوانیش دەکرێت بەهۆی پێشێلکردنی مادەی ١٣ کەتایبەتە بەخراپ مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانییەکانو مادەی ٣ کەهەموو زیندانیان لەبەرانبەر یاسادا بێ گوێدانە بیروباوەڕی سیاسییان یەکسان دەکاتو مادەی ١٤ لەیاسای سزادانی تورکی، حکومەتی ئەنقەرە بەرەو ڕووی سزادانو لێپێچینەوە ببێتەوە.



**گۆڤاری نیوزویک: کوردەکان ئەمجارە سەلماندیان کەسوپای تورکیا چەکی کیمیایی لەدژیان بەکارهێناوە**

---

# سەرباری پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، زەوییەکەش بەبێ بەرانبەر تەملیککراوە

## دەستوور هۆکاری ئاسانکارییەکانی حکومەت بۆ پرۆژەی ئاسودە بڵاودەکاتەوە

کاروخ نامیق

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست ڕۆژنامەی دەستوور کەوتوون، حکومەتی هەرێم جگە لەوەی بڕیاریداوە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ناو یەکە نیشتەجێبوونەکانی پرۆژەی ئاسودەی کۆمپانیای بەڕێز بخاتە ئەستۆی خۆی، زەوییەکەشی بەبێ بەرانبەر لەسەر کۆمپانیاکە تەملیککردووە.

بەپێی گرێبەستی واژۆکراوی نێوان کۆمپانیای بەڕێزو دەزگای هاندانی وەبەرهێنانی پێشوو، ئەرکی ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەکانی ناو پرۆژەکە خراوەتە سەر وەزارەتەکانی حکومەت، ئەمە لەکاتێکدا بەپێی یاسای ژمارە ٤٥ ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان ئەنجامدانی خزمەتگوزاری ناو پرۆژە نیشتەجێیەکان لەئەستۆی وەبەرهێنە.

دەزگای هاندانی وەبەرهێنانی پێشوو بەنووسراوی ژمارە (٢٥٢٣) لە٢٠٠٦/٧/٤ کەبۆ ئەنجومەنی وەزیران ئیدارەی سلێمانیان بەرزکردووەتەوە، داوایانکردووە زەوی بۆ پرۆژەی ئاسودە تەرخانبکرێتو بەبێ بەرانبەر تەملیکبکرێت لەسەر کۆمپانیاکە، بەو پێیەی کەپرۆژەکە پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی ستراتیژییە.

پێشتریش سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئیدارەی سلێمانی ڕەزامەندبوون لەسەر ئەنجامدانی پرۆژەکە کەبریتیە لەدروستکردنی (٢٥٠٠) یەکەی نیشتەجێبوون، بەنووسراوی ژمارە (٨١٦١) لە ٢٠٠٦/٧/١٠ جەختیکردووەتەوە لەسەر تەرخانکردنی زەویی پێویست بۆ پرۆژەکە بەشێوەی تەملیک بەبێ بەرانبەر.

بەڵام بەپێی نووسراوی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی لەبەرواری ٢٠٠٩/١٢/٦/ بەژمارە ١/١/ ٣٠٢٩ تائێستا ئەو پارچەی زەویانەی کەتەرخاندەکرێت بۆ کۆمپانیای بەڕێز لەبەر ڕۆشنایی نووسراوی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨١٦١) لە٢٠٠٦/٧/١٠ ئەنجامدراوە، زەوییەکان تۆماردەکرێن بەناوی کۆمپانیاکەوە بەبێ بەرامبەر، ئەمە لەکاتێکدا تەملیککردن بەپێی یاسای وەبەرهێنان پێویستی بەڕەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنانە.

لەخاڵی دووەمی ئەو نووسراوەدا کە ئاراستەی دەستەی وەبەرهێنان لەهەرێم کراوە، هاتووە خزمەتگوزارییەکانی ناو پرۆژە وەبەرهێنەکانو بەتایبەت ئەو پرۆژانەی کەلەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان ژمارە (٤٥) تایبەت بەسندوقی نیشتەجێبوون ئەنجامدەدرێن لەسەر وەبەرهێنەری پرۆژەکەیە، بەڵام بەپێی گرێبەستی واژۆکراوی نێوان دەزگای هاندانی وەبەرهێنانی پێشوو و کۆمپانیای بەڕێز، ئەرکی ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەکانی ناوپرۆژەکە خراوەتە سەر وەزارەتەکانی حکومەت.

دەستەی وەبەرهێنانی سلێمانی لەکۆتایی نووسراوەکەدا داوایکردووە لەدەستەی وەبەرهێنان بەرچاوڕوونییان بدەنێ، کە ئایا ئەو خزمەتگوزاریانە لەئەستۆی حکومەتە یان وەبەرهێن، چونکە ئەم حاڵەتە تەنیا تایبەتە بەکۆمپانیای بەڕێزو سەرجەم کۆمپانیاکانی تر خۆیان خزمەتگوزاریی پرۆژەکان ئەنجامدەدەن.


بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی/ نووسینگەی تایبەتی بەڕێوەبەر، لەڕێکەوتی ٢٠٠٩/٢/٢٤ نووسراوێکی نهێنی بەژمارە ١/١/ ٤٥٢ بەئیمزای یاسین فەقێ سەعید بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی بەوەکالەت ئاراستەی دەستەی وەبەرهێنانی کردووە، سەبارەت بەپرۆژەی نیشتەجێبوونی ئاسودە کەلەلایەن کۆمپانیای بەڕێزەوە ئەنجامدەدرێت.

دەزگای هاندانی وەبەرهێنان–نووسینگەی تایبەت بەنووسراویان ژمارە ٣٤ لە٢٠٠٥/١/١٥ موفاتەحەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوکاتیان کردووە. ئەو هۆکارەیانەیان باسکردووە کە وایکردووە ئاسانکاری بۆ کۆمپانیاکە بکرێت.

بەپێی نووسراوەکە گەورەیی پرۆژەکە لەو کاتەداو سروشتی پرۆژەکە، بوونی قەیرانی نیشتەجێبوون لەوساتەدا، وای لەحکومەت کرد، کە هەموو ئاسانکارییەک لەچوارچێوەی یاسادا ببەخشێت بەپرۆژەکە.

ئەو سەرمایەیەی بڕیاربووە بەکاربهێنرێت لەپرۆژەکەدا بەملیارو نیوێک دۆلاری ئەمەریکی دەخەمڵێنرێت، ئەو کاریگەرییە ئیجابییەی کە بەگەڕخستنی ئەو سەرمایە دەیبوو لەسەر ڕەوشی ئابووریی ئەو کاتەی هەرێم، هۆکارێکی تر بووە بەئاسانکاریکردن.

هەروەها بەبڕوای دەستەکە ئەنجامدانی پرۆژەیەکی لەوجۆرە دەبێتە خستنەکاری چەندان کادرو کەس لەو پرۆژانەدا بەتایبەتمەندیی جۆراوجۆرەوە هەر لەئەندازیارو یاساناسو ڕووپێوو هونەرییەوە تا دەگاتە دەستی کار. ئەوەش پاساوێکی تری ئاسانکارییەکە بووە.



---

# پۆزش

داوای لێبووردن لەبنەماڵەی مستەفا عەسکەری دەکەین بەوەی لەژمارەی (٤٥)ی ڕۆژنامەی دەستووردا وێنە هەواڵێکمان بڵاوکردووەتەوە کەوێنەکە (هۆڵی ئەجێ خانی عەسکەرییە بۆ پرسەی ژنان)، لەتەنیشت وێنەکەدا نووسراوە (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەسەدان ملیۆن دینار لەپرۆژەی لەم شێوەیەدا سەرفدەکات بەبێ ئەوەی کەس سوودی لێ ببینێت)، لەڕاستیدا ئەو پرۆژەیە پرۆژەی ئەنجومەنی پارێزگا نییەو بنەماڵەی مستەفا عەسکەری لەسەر ئەرکی خۆیانو بەهاوکاری مام جەلال ئەو پرۆژەیەیان دروستکردووەو موڵکەکەشی هی شارەوانی سلێمانییەو ئێستاش هەر موڵکی ئەوانە. دووبارە داوای لێبووردن لەبنەماڵەی مستەفا عەسکەری دەکەین.

**دەستوور**

# ڕوونکردنەوە

لەژمارە (٤١)ی ڕۆژنامەی دەستووردا، لەلاپەرە ١٤دا لێدوانی پەرلەمانتار عەبدوڵڵای مەلا نوریم بۆ ڕاپۆرتێک لەسەر پرسی بەقاچاخبردنی نەوت وەرگرتووەو وەک سەرچاوەش گریمانەیەکی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)م وەرگرتووە، لەدێڕێکی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "مانگانە تەنها داهاتی ئەم تەنکەرە نەوتانەی تەقتەق دەکاتە زیاتر لە٢٦٠ ملیۆن دۆلار کەدەچێتە گیرفانی بەرپرسانو یەکێتیو پارتییەوە" لەڕاستیدا ئەم دێڕە گریمانەکەی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە بووە، نەک لێدوانی ئەو پەرلەمانتارە، بۆیە داوای لێبوردن لەکاک عەبدوڵڵاو خوێنەران دەکەم.

**فەرمان خێڵانی**

# ناڕەزاییەکی گەورەی کادیرانی یەکێتی بەڕێوەیە

## سەرکردایەتی حیزبەکە لەسەرەوە لەچۆنیەتی دانانی لێپرسراوی مەڵبەندەکان ڕێککەوتوون، بەڵام لەخوارەوە ناڕەزاییو گرفت دروستبووە




### یەکێتی زۆری و بۆری مەڵبەندەکانی نەهێشت

بورهان قادرو شۆڕش خالید

کەمکردنەوەی مەڵبەندو کۆمیتەکان، ناڕەزایی کادیرانی ئەو حیزبەی لەئۆرگانەکانی خوارەوە زیاترکردووە، چونکە بەهۆی کەمکرنەوەی مەڵبەندو کۆمیتەکانەوە چەندین کادیری ئەو حیزبە بەناچاری دەبێت دەستبەرداری پۆستەکانیان بن. کوتلایەتیش لەچەند ناوچەیەک بووەتە بنەمای دانانی کەسەکان لەپۆستەکانی خوارەوەدا.

دانانی لێپرسراوە تازەکان بۆ مەڵبەندەکان، نیگەرانیو ناڕەزایی لای بەشێک لەلێپرسراوانی پێشووی مەڵبەندەکان دروستکردووە بەوەی کەئەوان پێشتر بەهەڵبژاردن دانراون، بەڵام ئێستا دووردەخرێنەوە لەپۆستەکانیان.

سەرکردایەتی حیزبەکە خۆیان لەسەرەوە ڕێککەوتوون لەچۆنیەتی دانانو جێکردنەوەی بەرپرسانی مەڵبەندەکان، بەڵام لەخوارەوە بەهۆی کەمکردنەوەی مەڵبەندەکان لەئێستاوە گلەییو ناڕەزایی دەستپێکردووە، کوتلەو کوتلەکاریش بۆ وەرگرتنی پۆستی بەرپرسی کۆمیتەکانو پۆستی بەرپرسی بەشی مەڵبەندەکان لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا زیاتر بووە.

یەکێتی لەکۆنگرەی سێدا بڕیاریدا مەڵبەندو کۆمیتەکانی لەپارێزگاو قەزاو ناحییەکانی کەمبکاتەوە، بەڵام کەمکردنەوەی ئەو مەڵبەندو کۆمیتانە ناڕەزایی لەزۆرێک لەقەزاو ناحییەکاندا بەدوای خۆیدا هێناوە.

ئاسۆ مامەند ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، دەڵێت ناڕەزاییو گلەیی هەیە، بەڵام وتی "ناڕەزاییەکە بەو شێوەیە نییە، ڕەنگە تاک تاکە هەندێ هەڤاڵ هەبێت ناڕازیبێت، بەڵام ئەوەی من بیستبێتم لەکۆبوونەوەکانی مەکتەبی ڕێکخستن هەموویان پەرۆشی نوێبوونەوەی یەکێتی نیشتمانین".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور لەژێرەوە واستەو واستەکاریو کوتلایەتی لەنێو مەڵبەندو کۆمیتەکاندا دەستیپێکردووە، بەجۆرێک هەر لێپرسراوی کۆمیتەیەک دەیەوێت لەپۆستەکەی بمێنێتەوە. بەڵام لەسەرەوە هیچ بەرپرسێک نایەوێت ناڕەزاییەتیو گلەییەکەی دەربخات.

سەرچاوەیەک لەڕێکخستنەکانی مەڵبەندی ٢ی کەرکوکی یەکێتی، بەدەستووری وت "لێپرسراوی کۆمیتەکانو کادیرانی ئەو مەڵبەندانەی هەڵدەوەشێنەوە، هەریەکەو خۆی لەبەرپرسێکی مەڵبەندەکان نزیکدەکاتەوە بۆ ئەوەی پۆستی لێپرسراوی کۆمیتەی پێبدرێت".

هەروەها وتی "لەسەرەوەش باڵێکی یەکێتی دەیەوێت کوتلەکەی خۆی زۆرترین پۆست وەربگرێتو پشتگیری باڵەکەی خۆیان دەکەن".

هەرچەندە بەرپرسانی یەکێتی ڕایانگەیاند موچەی هیچکام لەو بەرپرسانە نابڕدرێت کە لەپۆستەکانیان نامێنن، بەڵام سەرچاوەکەی دەستوور ئاماژەی بەوەشدا کەسەرکردایەتی یەکێتی ترسی لەنیگەرانیو توڕەبوونی کادیرەکانی هەیە. ئەوانەی بێبەشدەبن لەپۆستەکانیان.

سەرچاوەکە وتی "ئەوانەی تائێستا بەرپرسی کۆمیتە بوون، قبوڵناکەن ببنە کارگێڕی کۆمیتە، دەیانەوێت وەکو خۆیان بمێننەوە، ئەوەش ناکرێت، بۆیە ناڕەزایی گەورە بەڕێوەیە".

هەرێمی کەمال ئاغا بەرپرسی مەڵبەندی موسڵی یەکێتی بەدەستووری وت "ئێمە ناچارین کارگێڕی ئەو مەڵبەندانەی کەهەڵدەوەشێنەوە بکەینە بەرپرسی کۆمیتەکان بەهۆی شارەزاییو لێهاتوویان، بەرپرسی کۆمیتەکانیش ئەگەر لەئۆرگانەکانی خوارەوە جێگەیان نەبێتەوە دەیانبەینە مەڵبەندەکان".

هەرێم وتی "چالاکیو دڵسۆزی کەسەکان دەبێتە بنەمای دانانی کەسەکان بۆ بەرپرسی کۆمیتەکان، هیچ شتێکی تر نییە".

وتیشی "هیچ ترسێکمان لەوە نییە لەڕێکخستنەوەکاندا کادیرانمان زوویربن، چونکە جێگەی هەموویان دەکەینەوە".

بەپێی ئەو خۆڕێکخستنەوەیەی یەکێتی، بڕیاردراوە لێپرسراوی مەڵبەندی پارێزگاکان ئەندامی مەکتەبی سیاسییو مەڵبەندی قەزاو ناحیەکانیش ئەندامی سەرکردایەتی بن. بەو هۆیەشەوە زۆربەی لێپرسراوی مەڵبەندەکان پۆستەکانیان لێوەردەگیرێتەوە.

لەئێستادا ئاسۆ مامەند بۆ مەڵبەندی هەولێرو هەرێمی کەمال ئاغا بۆ مەڵبەندی موسڵو سەعدی پیرە بۆ مەڵبەندی دهۆک، هێرۆخانیش لەمەڵبەندی سلێمانی دەمێنێتەوە، ڕەفعەت عەبدوڵڵا لەمەڵبەندی کەرکوک دەمێنێتەوە، فریاد ڕەواندوزیش کراوە بەلێپرسراوی مەڵبەندی بەغداد. لەگەرمیانیش مەحمود سەنگاوی دانراوە.

لەقەزاکانیشدا ئارێز عەبدوڵڵا لەمەڵبەندی سۆران، وەستا ڕەسوڵ لەمەڵبەندی چەمچەماڵ، حەمەی حەمە سەعید لەمەڵبەندی شارەزوورو شالاوی عەلی عەسکەری مەڵبەندی کۆیە دانراون، لەمەڵبەندی ڕاپەڕینیش محەمەد وەتمان دانراوە.

سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی مەڵبەندی دهۆک، وتی "بەبڕیاری کۆنگرەیەو هەموو سەرکردایەتی مەڵبەندەکانیش دەگۆڕدرێ، لەدوای کۆنگرە بڕیارەکانی پێشوو نامینێن، لەکۆنگرە بڕیاری کەمکردنەوەی مەڵبەندەکان دراوە کەبەرزترین دەسەڵاتە ئێمەش هەر ئەو بڕیارەمان جێبەجێکردووە".

بەدەر لەنیگەرانی کادیرانی خوارەوە، تێکەڵاوکردنو کەمکردنەوەی ژمارەی مەڵبەندەکان، ناڕەزایی لای بەشێک لەبەرپرسانی پێشووی مەڵبەندەکان دروستکردووە.

لێپرسراوێکی مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسنووری هەولێر بەدەستووری ڕاگەیاند "ئێمە لەچەند ساڵی ڕابردوودا کە بەهەڵبژاردن بووینەتە لێپرسراوی مەڵبەند، ئێستاش مەکتەبی سیاسی بەبێ ئەوەی پرس بەئێمەو لێپرسراوی کۆمیتەکان بکەنو گوێ لەڕاو پێشنیازەکانمان وەرگرێت، ژمارەی مەڵبەندەکانی کەمکردووەتەوەو بەبێ هەڵبژاردن کەسی تریان کردووەتە لێپرسراوی ئەو مەڵبەندانە".

ئێستا ژمارەی مەڵبەندەکانی یەکێتی لەنزیکەی ٣٣ مەڵبەندەوە بۆ ١٤ مەڵبەند کەمکراوەتەوە، لقەکانی مەکتەبی کۆمەڵایەتیش بڕیارە تێکەڵ بەبارەگاکانی مەڵبەندەکان بکرێن.

ئاسۆ مامەند بەرپرسی مەڵبەندی هەولێری یەکێتی دانبەوەدادەنێت کەناڕەزایی لەنێو کادیرانو بەرپرسانی مەڵبەندەکاندا دروستبووە، بەڵام وتی "ناڕەزاییەکە بەو شێوەیە نییە، ڕەنگە تاک تاکە هەندێ هەڤاڵ هەبێت ناڕازیبێت، بەڵام ئەوەی من بیستبێتم لەکۆبوونەوەکانی مەکتەبی ڕێکخستن هەموویان پەرۆشی نوێبوونەوەی یەکێتی نیشتمانینو زۆربەیان پشتیوانیان لەو بڕیارە کردووە".

لەمەڵبەندەکاندا بۆ کەمکردنەوەی ئەو ناڕەزایەتییە بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، هەوڵدراوە ڕێژەی ئەندام بەش زیادبکرێنو بڕیارە بەشێک لەکارگێڕ مەڵبەندەکانو لێپرسراوی کۆمیتەکان لەبەشەکان جێ بکرێنەوە، بەهەمان ئیمتیازاتەوە.

# هەرێمی کوردستان دەکەوێتە سەر نەخشەی سەرچاوەکانی وزەی جیهان

## هەناردەکردنی گازی سروشتی دۆسییە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێرو بەغدادی ئاڵۆزتر کرد

ئەرسەلان ڕەحمان لەهەولێر

وەزارەتی نەوتی عێراق ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمو کۆمپانیای ئاڕ. دەبلیو. ئی (RWE) ئەڵمانی ڕەتکردەوەو ئەو ڕێککەوتنەی بە نایاسایی لەقەڵەمدا، کەهەفتەی پێشوو بۆ ناردنەدەرەوەی گاز واژۆکرا. ئەوەش گرژییەکانی نێوان هەولێرو بەغدای هێندەی تر ئاڵۆزترکرد.

بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنەی لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو ئەو کۆمپانیا ئەڵمانییەدا واژۆکرا، گازی سروشتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی هێڵی ستراتیژی نابۆکۆوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت.

بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە ئەو کۆمپانیایە ئەرکی بنیاتنانی ژێرخانی سەرەکی وەبەرهێنانو هەناردەکردنی گازی سروشتی دەگرێتە ئەستۆ.

عاسم جیهاد وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، تەنها وەزارەتی نەوتی عێراقو کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق ناسراو بە "سۆمۆ" مافی ئەوەی هەیە نەوت هەناردە بکاتو وەبەرهێنان لەکەرتەکانی نەوتو گازدا بکات.

وتی "هەر جۆرە ڕێککەوتنێک لەو دارشتە یاساییە چووە دەرەوە، کارێکی نایاساییو پووچە".

بەگوێرەی ئەو بەیاننامەیەی کۆمپانییا ئەڵمانییەکە دەریکردووە، وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دکتۆر ئاشتی هەورامی وتویەتی "لەساڵێکدا هەرێمی کوردستان توانای هەناردەکردنی ٢٠ ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی هەیە بۆ ئەورووپا".

هێڵی گازگوێزەرەوەی نابۆکۆ ساڵانە لەتواناییدا هەیە ٣١ ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی لەناوچەکانی دەریای قەزوینەوە بگوازێتەوە بۆ ئەورووپا بۆ ئەوەی وڵاتانی ئەورووپا کەمتر پشت بەگازی ڕوسیا ببەستن.

ئەو کۆمپانیا ئەڵمانییە یەکێکە لەکۆمپانیا بەشدارەکانی پڕۆژەی نابۆکۆ کەبڕی تێچوونی ٧,٩ ملیار یۆرۆیە واتە (١٠,٠٥ ملیار دۆلار).

ئامانجی سەرەکی ئەو پڕۆژەیە ئەوەیە وڵاتانی ئەورووپا کەمتر پشت بەڕوسیا ببەستن لە بەدەستهێنانی سەرچاوەی سەرەکی وزەدا.

لەشەشی ئایاری ڕابردوودا حسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی حکومەتی عێراق ڕایگەیاند، هەردوو لایەنی حکومەتی هەرێمو حکومەتی بەغداد لەسەر چارەسەری کێشەی سەرچاوە سروشتییەکانو کیڵگەکانی نەوت ڕێککەوتوونو بەرهەمو داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی ناوەندی، بەڵام تائێستا ئەو ڕێککەوتنە تەنیا وەکو مەرەکەبی سەر کاغەز ماوەتەوە وەک ئەوەی ئاژانسی ڕۆیتەرز وەسفیکردووە.

بەگوێرەی مادەکانی ١١٥ و ١٢١ ی دەستووری عێراقی فیدراڵ سامانی نەوت لەدەسەڵاتی حەسری حکومەتی ناوەندا نییە، بەڵکو لەدەسەڵاتی هەرێمەکاندایەو بەگوێرەی یاسایەک هەرێمەکان دەتوانن کاری لەسەر بکەن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگوێرەی یاساییەک کە لە ٢٠٠٧ لەپەرلەمانی کوردستان دەرچووە کاردەکاتو کێشەی سەرەکی ئەمڕۆی عێراق لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە لەعێراقدا تائێستا یاسایەکی پێشکەوتوو بۆ ڕێکخستنی بواری نەوت لەئارادا نییە.



گازی سروشتی کێشەکانی نوێکردەوە

لەهەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی فەرمی لەیەکی حوزەیرانی ساڵی ڕابردوودا لەڕێگەی هێڵی نەوت گوێزەرەوەی جیهانی تورکییەوە نەوتی کوردستان ڕەوانەی دەرەوە کرا.

کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغداد تا ئێستا لەڕووی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی پەیوەندییان بەداهاتی نەوتەوە هەیە وەک خۆیان بەچارسەر نەکراوی ماونەتەوە.

لەیەکەم کاردانەوەدا بەرپرسێکی باڵای حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدڕاڵ وەک پیشەی هەمیشەییان لەجیاتی دەستخۆشیو هەماهەنگی کردن لەگەڵ حکومەتی هەرێم، ڕەتیانکردەوە کەئەم گرێبەستە یاسایی بێتو لەبەرنبەردا حکومەتی هەرێم لەپەیڕەوکردنی سیاسەتی سەرکەوتووی پەرەپێدانی نەوتو گاز لەهەرێمی کوردستان بەردەوامدەبێت، ئەویش بەپشتبەستن بەدەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ کەزۆرینەی عێراقیەکان دەنگیان بۆ داوە لەگەڵ یاسای نەوتو گازی هەرێمی کوردستان.

فەلاح مستەفا سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەت لەلێدوانێکدا کە لەسایتی حکومەتی هەرێم بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت "ئێمە چاوەڕوانی ڕێنمایی لەوەزارەتێکی بێ بەرهەمو سەرنەکەوتووی وەک وەزارەتی نەوتی عێراق ناکەین، ئەو وەزارەتەی لەچەند ساڵی ڕابردوو بەملیارەها دۆلاری لەموڵکی گەلانی عێراق بەفیڕۆدا بێ ئەوەی بتوانێ بچوکترین خزمەتگوزاری پێشکەش بەبواری وزە بەکەرتی کارەباو سووتەمەنیەوە بکات لەعێراق".

فەلاح مستەفا وتی "ئێمە لەسەر ئەو سیاسەتە سەرکەوتووەی حکومەتی هەرێم بەردەوامدەبین. چیتر پشت بەناوەند نابەستین جگە لەوەش هەرێمی کوردستان بێنینە سەر نەخشەی دابینکردنی وزە لەجیهان".

لەدرێژەی لێدوانەکەی فەلاح مستەفا وتی "ئێمە دەپرسین تائێستا هەردوو وەزارەتی کارەباو نەوتی عێراق لەسایەی ئەو سیاسەتە چەوتەی گرتوویانەتە بەر چ بەرهەمێکیان هەبووە بۆ گەلانی عێراق؟ "

ئەو بەرپرسەی حکومەتی هەرێم لەو بڕوایەدایە تانەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لەگرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان "تەنها بۆ شاردنەوەی شکستەکانی خۆیانو ڕاگرتنی ڕەوڕەوەی پێشووەچوونو سەرکەوتنەکانی هەرێمە لەهەموو ڕووێکەوە".

هەموو گفتوگۆکانی نێوان هەولێرو بەغداد لەمەڕ دۆسیەی نەوت بەئاکام نەگەیشتوون، حکومەتی هەرێم خوازیاری پەرەسەندکردنی یاسای نەوتو گازە لەپەرلەمانی عێراق، تا بەو هۆیەوە ناکۆکییەکان بەلایەکدا بخرێن.

فەلاح مستەفا دەڵێت ئەوان جەخت لەسەر گرنگی بوونی یاسای نەوتو گازی عێراق دەکەنەوە بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو گرفتە تەکنیکیانەی دێنە ڕێی پەرەپێدانو هەناردەکردنی نەوتو گاز لەهەرێمەکان. مستەفا ڕایگەیاند حکومەتی هەرێم پابەندبوونی خۆی نیشانداوە بۆ گەڕاندنەوەی داهاتی نەوتو گاز بۆ گەنجینەی حکومەتی فیدڕاڵو دابەشکردنی بەسەر سەرجەم ناوچەکانی عێراق بەشێوەیەکی یەکسانو بەبێ جیاوازی.

**سەرچاوە: سوود لەڕۆیتەرو فرانس پرێس وەرگیراوە.**

www.arsivakurd.org

# تا ٢٠١٥ کێشەی کەمئاوی لەکەرکوک چارەسەر ناکرێت

## دەستوور بەشێک لەوردەکاری شکستهێنانی پرۆژەکانی ئاوی کەرکوک بڵاودەکاتەوە



٧ ساڵە پرۆژەی ئاو کەرکوک دروستنەکراوە

ئازاد زەنگەنە لەکەرکوک

لەساڵی ٢٠٠٣ەوە بەرپرسانی شاری کەرکوک لەسەرەتای هەموو ساڵێکدا بەڵێنی دروستکردنی پرۆژەی گەورەی ئاو دەدەن لەشارەکەدا، بەڵام دوای ٧ ساڵ لەتێپەڕبوون تائێستا هیچ پرۆژەیەکی ئاو لەشارەکەدا دیارنییە.

بەرپرسانی شاری کەرکوک راشکاوانە دەڵێن ئەگەری هەیە زیاتر لە ٥ ساڵی تریش کێشەی کەمئاوی شارەکە چارەسەرنەکرێت، بەو پێیەش تا ساڵی ٢٠١٥ ئەو شارە کێشەی ئاوی دەبێت، لەئێستاشدا هیچ پرۆژەیەکی دڵخۆشکەر لەشارەکەدا بوونی نییە.

عەبدولقادر محەمەد بەڕێوەبەری تۆڕی ئاوی کەرکوک لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت ئەگەر بمانەوێت گرفتی کەمئاوی کەرکوک چارەسەربکەین، دەبێت ٥ ساڵ سەرقاڵی ئەنجامدانی پرۆژەبین. ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش دەڵێت دەستی سیاسیو حیزبی ناهێڵێت کێشەی ئاو لەکەرکوک چارەسەربکرێت.

لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە تائێستا بەدەیان جار بەرپرسانی شاری کەرکوک هەواڵی دڵخۆشکەر لەڕووی دروستکردنی پرۆژەی ئاوی گەورەوە لەدەزگا راگەیاندنەکانەوە بەگوێی هاوولاتیانی شارەکەدا دەچرپێنن، بەڵام تائێستا جگە لەدروستکردنی چەند بیرێکی ئیرتیوازی، هیچ پرۆژەیەکی ئاو لەشارەکەدا جێبەجێنەکراوە.

لەساڵەکانی ٢٠٠٦ەوە تا ٢٠٠٩ سەرەتای هەموو ساڵێک، باس لەدەستپێکردنی پرۆژەی ئاوی گەورە دەکرێت، بەڵام تائێستا ئەو پرۆژانە هیچی لێ شین نەبووەو هیچ پرۆژەیەکیش دیار نییە.

عەبدولقادر محەمەد وتی «لەسەردەمی پۆڵ بریمەرو نیگرۆپۆنتیەوە تائێستا بەغداد ساڵ بەساڵ پرۆژەی ئاوی کەرکوک دوادەخات، لەساڵەکانی ٢٠٠٩،٢٠٠٨،٢٠٠٧،٢٠٠٦، هەروەها ئەمساڵیش داوای پرۆژەی ئاوی پردێمان کردووە، بەڵام حکومەتی ناوەندو وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان رێگرە لەبەردەم ئەنجامدانی پرۆژەی ئاو بۆ کەرکوک».

هەرچەندە لەساڵی ٢٠٠٨ وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی حکومەتی ناوەندی لەبەغداد داوایان لەتۆڕی ئاوی کەرکوک کرد، لەقەزای پردی تۆڕێکی فراوانی ئاو بۆ کەرکوک دروستبکەن، بەڵام دوای ئەوەی زەوی بۆ دابیندەکرێتو دیزاین دەکرێت، حکومەتی ناوەندی پرۆژەکە رادەگرێت.

عەبدولقادر محەمەد ئاماژە بەوە دەدات زەوییەکیان بەبڕی نزیکەی ١٠٠سەد هەزار ملیۆن دیناری عێراقی لەجوتیارێک کڕی، هەموو ئەندازیارو کارمەندەکانیان ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی ئامادەکردنی دیزاینو شێوازی پرۆژەکە بوون، پاش ئامادەکردنی زەوی بۆ پرۆژەکەو دیزاینەکەی وەزارەتی سەرچاوەئاوییەکانی بەغداد ئەو پرۆژەیان رەتکردووەتەوە.

ئەو دەڵێت ئاگاداریانکردنەوە کە لەساڵی ٢٠٠٩دا پرۆژەیەکی گەورە تری ئاو بۆ کەرکوک دەکرێت، بەڵام وتی «دیسانەوە فریویاندانو پرۆژەکەیان بۆ نەکردن».

بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی کەرکوک وتی «بڕیارە لەساڵی ٢٠١٠ پرۆژەی ئاوی کەرکوک بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کەنزیکەی ٨٠ ملیار دیناری دەوێت، ئەگەریش لەئەمساڵدا پرۆژەکە ئەنجامبدرێت بۆ ساڵی ٢٠١٥ تێکڕایی شاری کەرکوک لەقەیرانی کەمئاوی رزگاریدەبێت».

لەکەرکوک ئێستا تەنها پرۆژەی کەیوان هەیە، ئەوەش بەشی تەواوی هاوولاتیانی شارەکە ناکات.

دڵشاد پیرۆت ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو ئەندامی لیژنەی پرۆژەکان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «تەنها پرۆژەی ئاوی کەیوان هەیە کەشاری کەرکوک سوودمەندە لێی، بەڵام ئەو پرۆژەیە لەتوانایدا نییە ئاوی هەموو کەرکوک چارەسەربکات، بۆیە بڕیارە لەئایندەیەکی نزیکدا پرۆژەی ئاوی پردێ بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە».

جگە لەقسەکردن لەسەر دروستکردنی پرۆژەی ئاوی پردێ، قسە لەسەر دروستکردنی پرۆژەی ئاوی کەرکوکیش دەکرێت.

پیرۆت وتی «بەم پرۆژانە شاری کەرکوک لەقەیرانی نەبوونی ئاو دەربازی دەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش لەپارەی داهاتی نەوت، کەدەگەڕێتەوە بۆ شاری کەرکوک بەدەر لەبودجەی ئاسایی خۆی، ئەنجومەنی پارێزگا بڕی ٢٥ ملیار دیناری بۆ تەرخانکردووە، بەڵام تائێستا دەستنەکراوە بەئەنجامدانی پرۆژەکە، بەڵکو لەقۆناغی راگەیاندنی پرۆژەکاندایە بۆ بەڵێندەرو کۆمپانیاکان».

دڵشاد پیرۆت دەڵێت بەغداد چەند ساڵێکە ستەم لەکەرکوکو کەرکوکییەکان دەکات لەو بڕیارەی کەتایبەتە بەتەواوکاری پرۆژەکانو جێبەجێکردنی پرۆژەی گرنگو ستراتیژیو ئەو داهاتەی بەپێی ئەو بڕیارە دەدرێت بەپارێزگاکان.

ئەو وتی «لەماوەی پێنچ ساڵی رابردوودا وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان تەنها یەک پرۆژەی ئاویان بۆ ئەنجامداوین ئەویش لەسنووری قەزای حەویجەیە بەبودجەی ٢٣ملیار دینار».

پیرۆت ئاماژە بەوە دەدات کەدەستی سیاسیو حیزبی هەیە لەچارەسەرنەکردنی کێشەی کەمئاوی لەپارێزگای کەرکوک.

ئەو وتی «وەزیرەکانی ئێستای حکومەتی ناوەندی زیاتر بایەخ بەو ناوچانەدەدەن کەژمارەی هەوادارانی حیزبەکەی خۆیان تیادا زۆرە، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ چارەسەرنەکردنی کێشەی کەمئاوی کەرکوک لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا».

بەوتەی دڵشاد پیرۆت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئاو بیریان لەلێدانی چەند بیرێکی ئیرتیوازی کردووەتەوەو وتی «بەدروستکردنی لقی دووی ئاوی کەیوان بەدڵنیاییەوە کێشەی ئاو لەشاری کەرکوک بۆ چەند ساڵێکی درێژ چارەسەردەبێت لەهەموو گەڕەکەکانی شاردا».

ئاماژەی بەوەشدا کە بەنیازن لەگەڕەکە ئاوارەنیشنەکان، بەتایبەت لەپەنجا عەلیو فەیلەق چەند بیرێکی ئیرتیوازی لێ بدەن.

# ململانێی گۆڕانو یەکێتی، دەرگای سەنتەرێکی گەنجان دادەخات

## سەنتەرەکە دوو ساڵە کارەکانی تەواوبووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لێپرسراوی بۆ دانەنراوە، تائێستا نەکراوەتەوە

کامەران کەریم ـ شارەزوور

گەنجانی وارماوە دەڵێن یەکێتی نیشتمانی پشتگیری کەسێک دەکات بۆ بەرپرسی سەنتەری گەنجانی شەهید (مەحمودی مامە عەزە)، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش پشتگیری کەسێکیتر دەکەن، بۆیە بەهۆی ئەو ململانێیەوە دووساڵە ئەو سەنتەرە نەکراوەتەوە.

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو بەرپرسی پێشووی مەڵبەندی شارەزووری یەکێتی رەتیدەکەنەوە کە نەکردنەوەی سەنتەرەکە پەیوەندی بەبوونی ململانێوە هەبێت لەسەر دانانی کەسێک بۆ بەرپرسی ئەو سەنتەرە.

گەنجان داوادەکەن ململانێی سیاسی تێکەڵ بەسەنتەرو بنکەکانی گەنجان نەکرێتو گەنجانی شارەکە خۆیان بەرپرسێک بۆ ئەو سەنتەرە دابنێن.

> ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو مەڵبەندی یەکێتی هەریەکەو کاندیدێکیان بۆ پۆستی لێپرسراوی سەنەتەرێکی گەنجان هەیە!

لوقمان فاتح گەنجێکی ناحییەی وارماوایە ململانێی سیاسی بەهۆکاری نەکردنەوەی ئەو سەنتەرە دانا، ئەو وتی «سەرەتا دڵخۆش بووین بەکردنەوەی ئەو سەنتەرە لەناحییەکەمانداو پێمانوابوو شوێنێکە هەمووومان سوودمەند دەبووین لێی، بەڵام هەر زوو ئارەزووەکانمان بوو بەخەون».

سەنتەری گەنجانی ناحییەی وارماوا شەهید (مەحمودی مامە عەزە)، دوو ساڵ لەمەوبەر کارەکانی تەواو بوو، بەڵام تائێستا نەکراوەتەوە، نیگەرانییەکی تری گەنجانیش ئەوەیە تائێستا نازانرێت سەنتەرەکە سەر بە چ وەزارەتو بەڕێوەبەرایەتییەکە.

ئاری مستەفا مامۆستایەکی وارماوایە کردنەوەی ئەو شێوە سەنتەرانەی بەپێویستزانی، داواشیکرد ئەوانەی وەکو بەرپرسی ئەو سەنتەرە دادەنرێن، تەنها مەرج ئەوەبێت شیاوبێت بۆ ئەو پۆستە.

ئەو وتی «بەڵام ئەم سەنتەرانە لەبەرئەوەی سەرەتا بەململانێی دەستپێدەکەن، بۆیە رۆشنبیرانو گەنجان بێزاربوون لەو جۆرە مامەڵەیەو کەمتر رووی تێدەکەنو بەشوێنی خۆیانی نازانن».

ئەو سەنتەرە لەساڵی ٢٠٠٨ لەسەر بودجەی وەبەرهێنانو بەبڕی یەک ملیارو دوو سەدو پەنجا ملیۆن دینار دروستکراو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی سەرپەرشتیدەکرد.

دوو کەس هەوڵ بۆ وەرگرتنی پۆستی بەرپرسی سەنتەرەکە دەدەن، بەوتەی گەنجانی ناحیەکەو ئەو دوو کەسەش لەبەر ململانێی سیاسی یەکلایی نەبووەتەوە کامیان بکرێنە بەرپرسی سەنتەرەکە.

سامان رەوف یەکێکە لەو گەنجانەی هەوڵی ئەوەی داوە ببێتە بەرپرسی ئەو سەنتەرە، بەدەستووری وت «نزیکەی ٥٠٠ واژووی گەنجانی ناحییەکەم لایە بۆ ئەوەی ببمە لێپرسراوی ئەو سەنتەرە«.

چەند گەنجێکی ناحیەکە دەڵێن بەهۆی ئەوەی سامان لەلایەن بەرپرسی پێشووی مەڵبەندی شارەزوورەوە پشتگیریدەکرا، لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە رەتکراوەتەوە بکرێتە بەرپرسی ئەو سەنتەرە.

سامان وتی «سەرەتا ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی باش بەرگریان لێدەکردم، بەڵام دواتر کەنەبووم بەگۆڕان کەوتنە دژایەتیکردنمو رازی نەبوون ببم بەلێپرساوی ئەو سەنتەرە، چونکە بەپرۆژەو سەنتەری خۆیانیان دەزانی».

بەڵام بەپێی زانیارییەکانی دەستوورو چەند گەنجێکی ناوچەکە، ئەحمەد قەدەفەری بەرپرسی پێشووی مەڵبەندی شارەزوور پشتگیری سامانی کردووەو بۆیە ئەنجومەنی پارێزگا رەتیانکردووەتەوە.

ئەحمەد قەدەفەری بەرپرسی پێشووی مەڵبەندی شارەزووری یەکێتی، وتی «ئێمە دوورو نزیک تەداخولاتمان نەکردووە، کاتی خۆی سامان نزیکەی ٥٠٠ ئیمزای هێنا کەقبوڵیان بوو وەک لێپرسراوی سەنتەر، ئێمەش رامانوابوو ئەوەندە گەنجە قبوڵیان بێت شتێکی باشە».

یەکێکیتر لەو گەنجانەی پشتگیری لێدەکرێت ببێتە لێپرسراوی سەنتەرە، ناوی نەوشیروان عەزیزەو دەرچووی زانکۆیە، ئەنجومەنی پارێزگای پشتگیری لێدەکەن.

نەوشیروان وتی «بەرپرسانی ئیداری ناوچەکە رەزامەندبوون بەوەی من ببمە لێپرساوی ئەو سەنتەرە«.

هەروەها وتی «من سەر بەهیچ رەوتو کیانێکی سیاسی نیم، بەڵام بۆچی هەوڵەکانمان ئەنجامی نەبوو ئەمە پرسیارێکە لای ئێمە دروستبووە«.

بەرپرسانی ئیداری ناوچەکە رەتیدەکەنەوە نەکردنەوەی سەنتەرەکە بەهۆی ململانێی سیاسییەوە بێت.

شاخەوان رەوف ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی رەتیکردەوە، ئەنجومەنی پارێزکاری سلێمانی دژایەتی سامان رەئوفیان کردبێت لەوەرگرتنی لێپرسراویەتی سەنتەرەکە، وتی «تەنها مەبەست لەدانانی نەوشیروان عەزیز ئەوەبووە کەدەرچووی کۆلێژەو هیچ ئینتیمایەکی سیاسی بۆ هیچ گروپو حیزبێک نییە، ئێمەش بەهەماهەنگی لەگەڵ شارەوانیو ناحییەی وارماوا رەزامەندبووین بەدانانی نەوشیروان».

فازڵ عومەر بەڕێوەبەری ناحییەی وارماوا، وتی «ئێمە نووسراومان کردووە بۆ بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری سلێمانی چاوەڕوانی وەڵامی ئەوانین بۆ کردنەوەی سەنتەرەکە، بەهیچ شێوەیەک ململانێی حیزبی هۆکاری نەکردنەوەی ئەو سەنتەرە نییە».

عەباس عەبدولڕزاق بەڕێوەبەری وەزارەتی رۆشنبیری لەسلێمانی، وتی «لەلایەن خۆمانەوە بەنووسراو سەرووی خۆمانمان ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام بەشێوەی فەرمی ئەو سەنتەرەی وارماوامان وەرنەگرتووە، بەڵام ئەگەر رۆشنبیرانو گەنجانی وارماوە سەنتەرەکە وەربگرن، ئێمە یارمەتیان دەدەین بەپێی توانا».



بەرپرسانی ئیداری ناوچەکە رەتیدەکەنەوە نەکردنەوەی سەنتەرەکە بەهۆی ململانێی سیاسییەوە بێت

# چاوەڕێی هەنگوینی هەورامان مەبن

## هەنگەوانێک: ساڵی پار نزیکەی ٣٠٠ کیلۆ زیاتر هەنگوینم فرۆشتووە، بەڵام ئەمساڵ هیچ بەرهەمێکم نییە

مەعاز فەرحان

هەنگەوانانی ناوچەی هەورامان دەڵێن ئەمساڵ بەهۆی بارانی زۆری بەهارو نەبوونی شیلەی گوڵەوە، بەرهەمی هەنگوینی ناوچەکە بەرێژەیەکی بەرچاو کەمیکردووە.

جگە لەنەبوونی بەرهەمەکانیان ئەمساڵ رێژەیەکی زۆری هەنگ لەو ناوچەیە لەناوچوون، لەچەند گوندێکی ئەو دەڤەرەدا هەنگەکان بەرهەمەکانیان بەشی خۆشیان ناکات، بۆیە خاوەنەکانیان شیلەی شەکریان بۆ دروستکردوون.

ئەحمەد کەریم لەساڵی ١٩٩٦ەوە خەریکی بەخێوکردنی هەنگە لەهەوراماندا و هەموو ساڵێک لەسەرەتای مانگی دوودا هەنگەکانی دەبات بۆ نێو شاخەکانی هەورامان، وتی "٣٥ سندوقی هەنگم هەیە، بەڵام ئەمساڵ پورەیان نەداوە".

ئەحمەد وتی "هیچ ساڵێک بەو شێوەیە نەبووە، پار زۆر باش بوو بەلایەنی کەمەوە ١٢٠ کیلۆ هەنگوینم هەبووە، ئەمساڵ هیچم نییە".

ئەو دەڵێت کە لەمانگی دووەوە هەستیان بەوە کردووە کەئەمساڵ هەنگوینیان نابێت، چونکە شیلە زۆر کەمبووە. وتی "بۆ ئەوەی هەنگەکانم بەیەکجاری نەفەوتێن تائێستا سێ فەردە شەکرم پێداون، بەدڵنیاییەوە ئەمساڵ شاخەکانی هەورامان بێ هەنگوین دەبن".

هەنگوینی چیاکانی هەورامان بەیەکێک لەباشترین هەنگوینی ناوچەکانی کوردستان دەژمێردرێتو ساڵانە رێژەیەکی زۆر بەرهەمی هەنگوین لەهەوراماندا بەرهەمدەهێنرێتو لەبازاڕەکانی کوردستاندا دەفرۆشرێت.

ئامارێکی وردو دروست لەبەردەستدانییە کەرێژەی بەرهەمی هەنگ لەهەوراماندا بۆ ئەمساڵ بخاتەڕوو، لێپرسراوانی کشتوکاڵی ناوچەکەش رایدەگەیەنن لە٥٠٪ رێژەی بەرهەمی هەنگوین لەچاو ساڵانی رابردوودا کەمیکردووە.

هەموو ساڵێک هەنگەوانەکانی ناوچەی هەورامان لەسەرەتای مانگی دووە زۆربەی هەنگەکانیان دەبەن بۆ نێو چیاکانی هەورامان، لەمانگی نۆدا هەنگوین لەپورە هەنگەکان دەردەهێننو لەبازاڕەکاندا دەیفرۆشن.

هەر پورە هەنگێک لەهەوراماندا بەلایەنی کەمەوە لەساڵانی رابردوودا چوار کیلۆ بەرهەمی هەبووە، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی نەبوونی شیلەوە ئەو هەنگوینەی هەنگەکان بەرهەمیدەهێنن، بەتەنها بەشی خۆراکی هەنگەکە خۆی دەکات. لەچەند گوندێکیشدا تەنانەت بەشی خۆشیان ناکات.

ئەمین قادر لەشەستەکانی سەدەی رابردووەوە خەریکی هەنگ بەخێوکردنە، لەبیرەوەری ئەودا هیچ ساڵێک هەورامان بەقەد ئەمساڵ بێ هەنگوین نەبووە.

ئەمین کە ٤٠ هەنگی هەیە، وتی "لەشەستەکانەوە یەکەم ساڵە بەرهەممان نەبێت".

ساڵی پار ئەمین نزیکەی ٣٠٠ کیلۆ زیاتر هەنگوینی فرۆشتووەو ٥٠ کیلۆشی بەدیاری داوە، بەخەڵک، بەڵام ئەمساڵ زۆربەی هەنگەکانی مردوونو هیچ هەنگوینی نییە. وتی "هاتنی نەخۆشیی بۆ سەر هەنگەکانی بێزاریکردوون".

ئەنوەر جەعفەر لەگوندی دەگاشێخانی سەر بەناحیەی بیارە وتی "نزیکەی بیست هەنگم هەبووە کەبەرهەمێکی باشیان هەبووە، بەڵام نازانم بۆ واخەریکە هەموویان دەمرن".



ئەمساڵ هەنگێکی زۆر فەوتان

تائێستا بەخێوکردنی هەنگ وەک پرۆژەیەکی ئابووری گرنگ سەیرنەکراوە، تەنها جوتیارانو گوندنشینان وەک بەرهەمێکی لاوەکی خۆیانو لەپێناو بژێوی ژیاندا پەنایان بۆ بردووە.

لەساڵانی رابردوودا وەزارەتی کشتوکاڵ بڕیاریدا پەرە بە بەرهەمی هەنگوین بداتو هەناردەی وڵاتانی تریشی بکات، بەڵام هەوڵەکان نەیانتوانی هەنگوینی هەورامان لەفەوتان بپارێزن.

هەنگەوانەکانی ناوچەی هەورامان گلەیی لەوەزارەتی کشتوکاڵ دەکەن، دەڵێن نەیانتوانیوە ئاوڕ لەئەوانو هەنگەکانیان بدەنەوە. وردەوردە خەریکە هەموو هەنگەکانیان لەدەستدەدەن.

ئەنوەر وتی "ئەو ئامێرو دەرمانەی کەوەریدەگرین بەپارەیە، ئەمساڵیش ئەو دەردە هاتووە ناتوانن هەنگەکانمان لەفەوتان رزگاربکەنو هیچیان نەکردووە".

عەرەب ئەمین لێپرسراوی هۆبەی هەنگ لەبنکەی کشتوکاڵی خورماڵ وتی "هۆکاری سروشتی کاریگەری زۆریان هەیە بۆ کەمبوونەوەی هەنگوین لەناوچەی هەوراماندا کەئەویش بەهۆی نەبوونی بەروبوومی رووەکی لەهاویندا کەدەبێتە هۆی نەبوونی شیلەی گوڵان".

عەرەب زۆری پورەدانی هەنگ بەشتێکی خراپ دەزانێت بۆ کەمبوونەوەی هەنگوین، وتی "هەنگەوانەکانیش شارەزاییەکی زانستیان نییەو پورەی زۆر بەهەنگەکانیان دروستدەکەن".

ساڵانی پێشوو بەپێی وتەی عەرەب ئەگەر سەرژمێرییەک بکرایە رەنگە نزیکەی سێ هەزار زیاتر پورە هەنگ هەبوایە، بەڵام وتی "ئێستا ئەو رێژەیە زۆر کەمبووەتەوەو رەنگە هەزارپورە هەنگ هەبن لەناوچەکەدا".

ئەو وتی "بەرهەمی هەنگوین لە٥٠٪ کەمیکردووە".

# هەزاران پەنابەری ئێرانی لەکوردستاندا لەژیانێکی کولەمەرگیدان

## ٧٠٠٠ پەنابەری ئێرانی لەکوردستاندا دەژین، بەڵام رۆژانە رووبەڕووی کێشەی مادیو مەعنەوی دەبنەوە

محەمەد نەجیب لەسلێمانی

هەزاران خێزانی پەنابەری رۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی توشبوون بەنەخۆشیو کەمی داهاتی رۆژانەو رایی نەبوونی کارەکانیان لەدەزگاکانی کوردستاندا، ژیانێکی کولەمەرگی بەسەردەبەن.

ئەو پەنابەرانە گلەیی دەکەن لەوەی حکومەت کارئاسانیان بۆ ناکات، تەنانەت جگەلەوەی وەکو پەنابەر مامەڵەیان لەگەڵدا ناکات، یارمەتیشیان نادات بۆ دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونو بردنەدەرەوەی ئەو نەخۆشانەیان کەچارەسەریان لەدەرەوەی وڵاتە. حکومەتیش دەڵێت ئەوان خەڵکی ئێرە نین.

بەپێی ئامارێکی نافەرمی لەهەردوو پارێزگای سلێمانیو هەولێردا نزیکەی ٧٠٠٠ هەزار پەنابەری ئێرانی هەیە، لەسلێمانی نزیکەی ١٢٠٠ خێزانی پەنابەر کەنزیکەی ٣٥٠٠ کەس دەبن نیشتەجێن، لەهەولێریش زیاد لە١٢٠٠ خێزانی لێیە.

گەورەترین کێشەی ئەو پەنابەرانە لەئێستادا نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونو داهاتی رۆژانەیە، بەجۆرێک زۆرینەیان لەسلێمانیو هەولێر کرێچینو مانگانە کرێی خانووەکانیشیان پێنادرێت.

جەعفەر محەمەدی ئەنجومەنی پەنابەرانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان بەدەستووری وت "پەنابەران گیروگرفتی زۆریان هەیە لەهەموو رووییەکەوە، بۆیە پەنابەرمان هەیە لەنەبوونیدا ٦ مانگە کرێی خانووەکەی نەداوە".

هەروەها وتی کێشەی نەخۆشی درێژخایەنمان هەیە، خێزانەکان نەیانتوانیوە نەخۆشەکانیان ببەن بۆ دکتۆرو چارەسەریانبکەنو وتی "تائێستاش لەماڵەوە بەو دەردەوە دەناڵێنن، یان هەیە ناتوانێت بەتەواوەتی ژیانی خۆی بەڕێکات".

زۆربەی خێزانە پەنابەرەکانی ئێران، بەهۆی کێشەی سیاسییەوە هاتوونەتە کوردستانو مافی پەنابەریان پێدراوە، بەڵام دەبێت شەش مانگ جارێک بەخۆیانو کەفیلەوە سەردانی پاسپۆرتو مانەوە بکەن.

ئەنجومەنی پەنابەران ئاماژە بەوەدەکات کەسەردانی سەرجەم لایەنە بەرپرسەکانیان کردووە، بۆ ئەوەی لانیکەم نەخۆشەکانیان بۆ چارەسەربکەن، بەڵام وتی ئەوان بێ وەڵامبوون.

جەعفەر ئاماژەی بەوەدا کە٤٢ نەخۆشیان لەسلێمانی هەیە کەحکومەت بەڵێنی پێداوین بۆ ئەوەی چارەسەرییان بۆ بکات، بەڵام وتی "پاشئەوەی کەیسی پزیشکیمان بۆ کردوونو هاتووەتە پای کردارەوە، ئەو هەموو ماندووبوونە بەو مەسەلەیەوە کەدەبوو ٥ لەو نەخۆشانە رەوانەی دەرەوە بکرانایە، بەڵام هیچ نەکرا"

لەمادەکانی ١٤و١٥و١٦ نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، کەهەر پەنابەرێک لەوڵاتی یەکەم چووە وڵاتی دووەم، دەبێت ئەو وڵاتە شوێنی نیشتەجێ بوونو ژیانیان بۆ دابینبکات. بەڵام پەنابەر ئێرانییەکان لەکوردستاندا هیچ یارمەتییەکی ئەوتۆ نەدراون.

ئەنجومەنی پەنابەران دەڵێت بەداخەوە تائێستا حکومەتی هەرێم هیچ هەنگاوێکی جدی نەناوە، کەیارمەتی مادیو چارەسەرکردنی نەخۆشو شوێنی نیشتەجێبوونمان بۆ دابینبکات.

جەمشید کەریم کەبۆ ماوەی ١٣ساڵە پەنابەرە لەکوردستان، خاوەنی منداڵێکی تەمەن ٩ساڵی نەخۆشە وتی "منداڵەکەم لە ٣ساڵییەوە هەردوو چاوی ئاوی سپی هینا، بۆیە تائێستا ٥ جار نەشتەرگەری کراوە، بەڵام ئێستا چاوێکی بینینی نەماوە".

هەروەها وتی "ئەوەیتریان لە٣٠٪ بینینی ماوە، کەتائێستا نزیک بەساڵکە بەڵێندراوە کەبنێرێتە دەرەوە لەلایەن یوئێنەوە، بەڵام هیچ وەڵامێک نییە، بۆیە بێدەرتان ماوینەتەوە".

ئەو دەڵێت "ژیانی پەنابەرێتی ئەوپەڕی ناخۆشییە، لەبەرئەوە تۆ خەڵکی ئەم وڵاتە نیت، بۆیە بۆت نییە هیچ شتێک بکڕیتو بیکەیت بەناوی خۆتەوە ئیتر ماڵ بێت یان ئۆتۆمۆبێل، ئەمە ئەگەر پارەت هەبێت ئەوەت بۆ ناکرێت، ئەگەر نەشتبێت دەبێت کرێکاری بکەیت، بۆیە ژیانی پەنابەریەتی ئەوپەر نەگبەتییە".

جەمشید هیچ ئۆمێدێکی بە بەڵێنەکانی حکومەتی هەرێم نەماوەو دەڵێت حکومەتی هەرێم تائێستا هیچ هاوکارییەکی نەکردووین.

تائێستا پەنابەرانی ئێرانی لەکوردستان چەند جارێک نارەزاییان دەربڕیوە، کەدوانارەزاییان لە٨/٢١ ئەمساڵدا بوو لەبەردەم بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان، لەشاری هەولێر کەداوای بەپەلەچارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییانەی کەدرێژخایەنو دابینکردنی ئیمکانیەتی مادی بۆ پەنابەران دەکرد.

فاروق شەریعەتی کەماوەی ١٤ساڵە پەنابەرە خاوەنی منداڵێکو پیشەی ئاسنگەرییە ئاماژەی بەوەدا تا ئەوکاتەی پێشمەرگە بووە، ژیانی باشتربوو تا ئەم ژیانەی ئێستای.

ئەو وتی "چونکە گوێت لەژیانی ناوشار نەبوو کەوات لێ دەکات بێزاربیت لەژیان، چونکە کرێچیمو خێزانم نەخۆشەو ئەمەش باری ژیانمی زیاتر قورسکردووە".

فاروق ئەوەشی نەشاردەوە وتی "سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتیو نەبوونیە، پاسپۆرتو مانەوە، هەرجارێک بیانوویەکت لێ دەگرن بۆ هێنانی کەسێک کەفیلیت بکات".

فاروق دەڵێت رێگریشان لەکارکردن بۆ دروستدەکرێتو وتی "ئەگەر رۆژێک کارنەکەیت، ئەوا نیمە بیخۆم، لەهەر وڵاتێک پەنابەر بیت هەموو مافێکت هەیە لەو وڵاتە، بەڵام لێرە هیچ یارمەتیەکمان نادەن لەکاتێکدا کوردین"

سالار مەحمود سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستان پێیوایە ئەو پەنابەرانە هەموو مافێکیان بەسەر هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بۆیە داوایکرد پەنابەران داواکارییەکانیان بگەیەننە پەرلەمانو لیژنەکەیان بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەن.

بەپێی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ لەدوای چەند ساڵێک دەبێت رەگەزنامەی باری شارستانێتی بەپەنابەران بدرێتو مامەڵەکردنیان بەئاسانی لەوڵاتدا بۆ بکرێت.

سالار وتی "راستە ئەوان تائێستا بەفەرمی هیچ شتێکی وایان نەخستووەتە بەردەمی ئێمە، بەڵام بەئەرکی خۆمانی دەزانین بەدواداچوون بۆ کێشەیەکی ئینسانی لەو شێوەیە بکەین".

جەعفەر موحەمەدی ئەنجومەنی پەنابەرانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان وتی "بەرپرسانی حکومەتی هەریم دەڵێن هەر چوار پارچەکەی کوردستان یەکە بۆ ئێمە، بەڵام بەداخەوە ئەوە تەنها دروشم بووە".

بڕیارە پەنابەرانی ئێرانی، دوای جەژن لەسەر داوای سەرجەم پەنابەران مانگرتنێکی سەرتاسەری رابگەیەنن، ئەگەر داخوازییەکانیان جێبەجێ نەکرێت.

محەمەد قەرەداخی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران وتی "پەنابەر هەندێک مافی خۆی هەیە، بەڵام ئەوان هاووڵاتی ئێرە نین کەحکومەت شتیان بۆ بکات".

هەروەها وتی "ئەوان زیاتر پەیوەندییان بەوەزارەتی ناوخۆوە هەیە، چونکە هەر پەنابەرێک دێتە ئەم وڵاتەوە پەیوەندی بەوەزارتی ناوخۆوە هەیە".



حکومەت: ئەوان هاووڵاتی ئێرە نین تا شتیان بۆ بکەین

### بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# لەدایکی منداڵێکی تووشبوو بەئۆتیزم

بەرێزتان لەهەموو کەسێک باشتر دەزانن لەم وڵاتەدا موعاناتی دایکانێک کەمنداڵی ئۆتیزمیان هەبێت واتای چییە، سەرلەبەری وڵاتی عێراق بەکوردستانیشەوە، بێ بنکەی پێشکەوتووی راهێنانو شیاندنی دەروونیە، بێ کارمەندو پسپۆڕی شارەزایە لەبواری ئۆتیزمدا، بێ کەرەسەو گەمەو ئامرازی مەشق پێدانیانە، بێ ژووری ئۆکسجینو بێ فرنی نانەگەنمەشامیو بێ راوێژکاری دەروونی ئۆتیزمو بێو بێ.... تاد.

تو ویژدانی خۆتان. زیندانیکردنی منداڵێکی ئۆتیزم لەناو چواردیواری ماڵەوە چ بارێکی قورسە بۆ دایکەکەی، دابرانیان لەدنیا چ رێگەیەکی نازانستییە بۆ ژیانی خێزانو دەورووبەر، ئەی بەحەقی کێ رەوایە لە (وەزارەتی پەروەردەوە) مۆڵەت نادرێتە ئەو چەند دایکەی کەهەموو ئەرکەکانی لەسەرەوە باسمکردن کەوتووەتە ئەستۆی خۆیانو ناتوانن بۆ یەک لەحزە چاویان لەمنداڵە بێچارەکانیان غافڵ بکەن ؟!!

لەپەروەردەوە بەبیانووی ئەوەی گوایە لەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیراندا کەبۆ مۆڵەتپێدانی دایکانی تەرخانکراوە کەفەرمانبەرنو منداڵی (شەلەل دەماخو تالاسیماو مەنغۆلیان) هەیە ناوی (ئۆتیزم) نەهێنراوە. بۆیە مۆڵەتیان راگرتوون، هەمووان دەزانن هەریەک لەم نەخۆشیانەی کە لەبڕیارەکەدا ناویان هاتووە بەشێوازی جیاواز موعاناتو گرفتی قورسیان بۆ دایکانیان هەیە، بەڵام گەر لەئەنجومەن یا وەزارەتی تەندروستی راوێژکاری دەروونیتان لایە، دەتوانن لێیان بپرسن، ئەو منداڵە ئۆتیزمانەی کوردستان کە لەراپۆرتی لیژنەکانی دەروونیو هەمیشەیی وەزارەتی تەندروستیدا بە (لە١٠٠٪شکستە) تەشخیس کراون، لەهەر سێ نەخۆشییەکەی تر زیاتر پێویستیان بەچاودێری دایکیان هەیە یان نا؟

منداڵێکی ئۆتیزمی تەمەن یازدە ساڵ، ٢٤ سەعاتە بەم گەرمایە حەفازەی لەپێ بێتو شەوان بەحەب بخەوێنرێتو خواردنی وردەشووشە لەبرنج جیانەکاتەوەو بێسلڵکردنەوە دەست بەناو ئاو و ئاگردا بکاتو لەئاکامی خۆفرێدانەوە بەو حاڵەیەوە تا ئێستا چەندین جومگەو ئێسک لەگیانیدا سەقەت بووبێت، ددانێکی ساغ لەدەمیدا نەمابێتو تەنیا زیندانیکراوی ناو ماڵەوە بێت، گەر من وەک دایکی بچم بۆ دەوامو بێ سەرپەرشت لەماڵەوە جێیبهێڵم، جەنابی بەرێوەبەری پەروەردە بۆ تەنیا سەعاتێک دەتوانێت چاودێری بکات؟! دڵنیام لەسەعاتی دووەمدا دنیای لەبەرچاو رەش دەبێت، بۆیە داوا لەبەرێزتان دەکەم نووسراوێکی (الحاق) بەو بڕیارەتانەوە بنێرنە لای وەزارەتی پەروەردەو ناوی ئەو ئۆتیزمانەش زیادبکرێن کە بەپێی بڕیاری لیژنەکانی پزیشکی پێویستیان بەچاودێری بەردەوامە تا دایکەکانیان مۆڵەتیان پێ بدرێن.

گەر وەڵام نەدرێینەوە منداڵە ئۆتیزمەکان دەهێنینە ناو ساحەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تا لەنزیکەوە حاڵیان ببینن. خوهەندێک لەبەرپرسانی باڵای کوردستان منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتتان هەیە گەرچی لەکوردستان داتان نەناون، بویە لێرەدا داوا لەسەروکی حکومەتی هەرێم دەکەین کەوێڕای ئەوەی وەک کەسوکاری منداڵانی ئوتیزم داوای چوونە دەرەوەی منداڵەکانمان نەکردووە بو راهێنانەوەیان لەدەرەوەی کوردستان، بۆیە باشتر وایە سەنتەرێکی پێشکەوتوو بو هەمان مەبەست لەناو کوردستان دامەزرێنن کەتێیدا ژووری ئوکسجینوناندینی تایبەت بەو خۆراکانەی بۆ منداڵی ئۆتیزم تەندروستین دابنرێت.

**پەروین خدر ئیبراهیم**
**دایکی پشتیوان**

# "یەکێتی لەهەولێر میوان نییە"

## ئاسۆ مامەند بەرپرسی مەڵبەندی هەولێری یەکێتی بۆ دەستوور

سازدانی: بورهان قادر

**ئاسۆ مامەند بەرپرسی مەڵبەندی سێی هەولێرو ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا ئاماژە بەوە دەدات یەکێتییەکان پێیانخۆشە کەپەیوەندیان لەگەڵ گۆڕاندا ئاساییبێتەوە، دەڵێت ئەو پەیوەندییەش کارناکاتە سەر ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان یەکێتیو پارتی.**

**ئاسۆ مامەند دەڵێت تائێستا پارتی بەفەرمی بەیەکێتی نەوتووە کەکۆسرەت ڕەسوڵ بەجێگری سەرۆکی هەرێم قبوڵناکەن، یەکێتیش عەدنان موفتی بۆ ئەو پۆستە دەستنیشانکردووە. وتی کەنازانێت ئایا کۆسرەت ڕەسوڵ دەبێتەوە بەجێگری سەرۆکی هەرێم یان نا.**

**دەستوور:** ئەو هۆکارانە چیبوون کەئێوەی گەیاندە ئەو قەناعەتەی کەبڕیاری ئەوە بدەن ژمارەی مەڵبەندەکان بەشێوەیەکی وا بەرچاو کەمبکەنەوە؟

**ئاسۆ مامەند:** پێش کۆنگرە بەرنامەیەکی لەو جۆرە هەبوو کەژمارەی مەڵبەندەکان کەمبکەینەوە، چونکە ڕێژەی مەڵبەندەکان زۆربوو، بەداخەوە هەندێك لەمەڵبەندەکانیش ئاستی دانیشتووانو سنوورەکەی وەکو پێویست نەبوو، چونکە هەندێ شوێن پێویست نەبوو کەمەڵبەندی تیادابێت، دیارە لەکۆنگرەش بڕیارەکە دراو جێبەجێکرا.

**دەستوور:** بەڵام لەکەمکردنەوەی مەڵبەندەکاندا نارەزایی دروستبووە بەوەی کەئەو کەسانەی کەپێشتر بەهەڵبژاردن بوونەتە لێپرسراوی مەڵبەند، بەڵام ئێستا ئەوان لادراون، ئەو کەسانەی کەبوونەتە لێپرسراوی مەڵبەندیش بەبڕیار دانراون نەوەکو بەهەڵبژاردن؟

**ئاسۆ مامەند:** هەر حیزبێك کەکۆنگرە دەبەستێ سەر لەنوێ کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵدەبژێرێتەوەو بەرنامەی تازەی هەیە، دواتر لەساڵی ٢٠٠٦ هەڵبژاردن بۆ مەڵبەندەکان کراون، بۆ نارەزاییەکەش بەو شێوەیە نییە، ڕەنگە تاك تاکە هەندێ هەڤاڵ هەبێت نارازیبێت، بەڵام ئەوەی من بیستبێتم لەکۆبوونەوەکانی مەکتەبی ڕێکخستن هەموویان پەرۆشی نوێبوونەوەی یەکێتی نیشتمانینو زۆربەیان پشتیوانیان لەو بڕیارە کردووە.

**دەستوور:** ئەگەر باس لەناوخۆی هەولێر بکەین لەرووی ئیداریەوە، پێشتر زۆرجار گوێمان لێدەبوو کەئێوە بەشدارنینو وەکو میوان وان، واتە لێپرسراوە ئیدارییەکانی ناو هەولێر هەمووی پارتیەو یەکێتی پەراوێزخراوە، ئەی ئێستا چۆنە؟

**ئاسۆ مامەند:** ئێمە ڕێککەوتننامەی ستراتیژیمان هەیەو لەحکومەت شەریکین، بەڵام خۆتان دەزانن واقیعی ئیدارەی هەولێر ڕەنگە ئەو برادەرانە بن کەسەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانن، بەڵام مانای ئەوە نییە ئیتر ئێمە میوان بین لەو شارە، پێموایە زۆر موتەفاهمین.

**دەستوور:** ئێستا ئێوە وەکو یەکێتی لەئەدای ئیشکردنی پارتی لەهەولێر رازین یان نا؟

**ئاسۆ مامەند:** ئێمە هەر شتێکمان هەبێت ڕێککەوتنی ستراتیژیمان هەیە، ئەگەر شتێك هەبێت لەکۆبوونەوەکانی خۆمان لەگەڵ پارتی ڕاستەوخۆ باسی دەکەین.

**دەستوور:** ئەگەر بچوکترین یەکەی ئیدارەی هەولێر بۆ نمونە قوتابخانەیەکی بنەڕەتی باس بکەین، لەهەولێر هیچ بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی بنەڕەتی هەیە یان مامۆستایەك کە بەئاشکرا بڵێ من یەکێتیمو بەڕێوەبەری قوتابخانەش بێت؟

**ئاسۆ مامەند:** پێموایە بەو وردیە نا، بەڵام پێموایە بەڵێ بەڕێوەبەری قوتابخانە هەیە یەکێتیە، تەنانەت بەرنامەی حکومەت هەیە هەندێ لەقایمقامی قەزاکانی سنووری هەولێرو دهۆك سەر بەیەکێتی نیشتیمانیو لەسلێمانیش پارتی بن.

**دەستوور:** بەڵام ئەندامو دۆستو لایەنگرانی ئێوە لەهەولێر بەردەوام گلەیی ئەوە دەکەن، کەئەوان وەکو یەکێتی لەهەولێر پەراوێزخراون؟

**ئاسۆ مامەند:** ئاخر ڕەنگە ئەندامانی پارتیش لەژێر سنووری دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، واتە ئەو ناوچانەی کەیەکە ئیدارییەکان زیاتر لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی بێت، ئەو گلەییانەیان هەبێت، وەکو وتم هەندێ گلەیی هەیە، بەڵام بەو شێوەیە نییە کەکار بکاتە سەر پەیوەندی نێوان ئێمەو پارتی دیموکراتی کوردستان.

**دەستوور:** ئێستا پەیوەندیتان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا چۆنە؟

**ئاسۆ مامەند:** ئێمە وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێمانخۆشە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو لایەنێك باش بێت، چونکە هەر جۆرە پەیوەندیو تەبایيو یەکدەنگیەك لەبەرژەوەندی میللەتەکەمانو ئەو دەستکەوتانەیە کەئەمڕۆ بەدەستهاتوون، ئەوانیش وەکو لایەنێکی سیاسی، پێمانخۆشە پەیوەندیمان باش بێت.

**دەستوور:** خوێندنەوەت بۆ ئەدای ئیشکردنی گۆڕانو مامەڵەی ئەوان وەکو لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆن لەبەرانبەر دەسەڵاتدا چۆنە؟

**ئاسۆ مامەند:** بە تەئکید ئۆپۆزبسیۆن هەبێت، باشە، بەڵام لەچوارچێوەی بەرژەوەندە باڵاکانی میللەتەکەمان بێت، من ناڵێم کەموکوڕیمان نییە، بەڵام هەوڵبدەین ئەو کەموکوڕیانە لەناوخۆمان چارەسەربکەین، ئەگەر ئۆپۆزسیۆنیش هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکوڕیانە ئێمە پشتیوانی لێدەکەین.

**دەستوور:** وەڵامی پرسیارەکەی منت نەدایەوە، وتم پێتوایە مامەڵەی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ ئەو واقیعەی ئێستا وەکو هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن؟

ئاسۆ مامەند: وەکو باسمکرد ڕەنگە گلەییمان هەبووبێت لەوەی کەهەندێکجار هەندێك مامەڵەی ئەوان، ڕەنگە لەبەرژەوەندی میللەتەکەمانو لەبەرژەوەندی دەستکەوتەکانی ئەمڕۆ وا نەبووبێت، بەڵام هەر شتێکی ئەوان بۆ بەرژەوەندی چاککردنی کەموکوڕییەکان شتێکی ئاساییە.

**دەستوور:** ئێستا باس لەیەکنزیکبوونەوەی گۆڕانو یەکێتی دەکرێ، پێتانوایە ئەو نزیکبوونەوەیە کارناکاتە سەر پەیوەندی ئێوەو پارتی؟

**ئاسۆ مامەند:** وەکو وتم ئێمە پێمانخۆشە لەهەموو لایەنە سیاسییەکان نزیکبینەوە، بۆیە زۆر بەئاساییی دەبینین کەپەیوەندیەکانمان لەگەڵ گۆڕاندا باشبێت، بەڵام بەبۆچوونی من ئەو پەیوەندییە کارناکاتە سەر



ڕێککەوتنی ستراتیژی ئێمە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان.

**دەستوور:** ئەی رات چییە لەسەر ئەوەی کە بەهۆی ڕۆیشتنی بەشێك لەدەنگەکانی یەکێتی بۆ گۆڕان، یەکێتی کورسی کەمتری لەپارتی هێناوە، بۆیە یەکێتی ئێستا بۆ بەردەوامبوونی ڕێککەوتننامەی لەگەڵ پارتی بەردەوام لەبەرانبەر پارتی تەنازول دەکات؟

**ئاسۆ مامەند:** پێموانییە شتی وا هەبێت، هیچ جۆرە تەنازولێکیش نییە، بەڵام هەندێجار لەبەر بەرژەوەندی میللەتەکە ئەگەر لایەنی حیزبی تەنازولاتیشی تیابێت بۆ بەرژەوەندی میللەتەکەمانو ئەو دەستکەوتانە، ئەوە زۆر ئاساییە، بەڵام من هیچ جۆرە تەنازولێك لەلایەن یەکێتیەوە نابینم، چونکە ئەوەی تائێستا دەیبینین وەکو یەك لەحکومەت شەریکین، نازانم تەنازولەکەی ئێمە لەکوێدایە.

> **بەفەرمی نەپارتی داوای ئەوەی کردووە کەکاک کۆسرەت نەبێتە جێگری سەرۆکی هەرێم، نە کاک عەدنان موفتیش دەستنیشانکراوە بۆ ئەو پۆستە**

**دەستوور:** ئێستا باس لەوەدەکرێت کەدکتۆر بەرهەم ساڵێکیتر سەرۆکی حکومەت دەبیو دوو ساڵەکەی داهاتوو ئەو پۆستە دەبێتەوە هی پارتی، ئەوەتا چەند ڕاستەو گفتوگۆ لەو بارەیەوە کراوە؟

**ئاسۆ مامەند:** لەهیچ لایەكو لەهەردوو مەکتەبی سیاسی باسی شتی وانەکراوە، تائێستاش بەشێویەکی وادیارنییە، لەوباریەوە من هیچی تری لێنازانم.

**دەستوور:** تائێستا پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم یەکلانەبووەتەوە، راتان چییە لەسەر ئەوەی کەپارتی رازی نییە کەکۆسرەت ڕەسوڵ جێگر بێت، هەربۆیەش یەکێتی عەدنان موفتی دەستنیشانکردووە بۆ ئەو پۆستە؟

**ئاسۆ مامەند:** من نازانم، ئەوە لەئێوە دەبیستم، هیچ شتێکی لەو جۆرە نییە، پارتی بەفەرمی داوای ئەوەی نەکردووە کەکاك کۆسرەت قبوڵ ناکات، نە بەفەرمیش تائێستا کاك عەدنان دەستنیشانکرابێت بۆ ئەو پۆستە، شتێکە لەنێوان مەکتەبی سیاسی هەردوولا دادەنرێت.

**دەستوور:** بەڵام بۆ کەس دانەنراوەو ئەگەر ئەو پۆستە هی ئێوەیە بۆ کەسێك دانانێن؟

**ئاسۆ مامەند:** ڕاستە دانەنراوە، بەڵام تائێستا پارتی بەفەرمی نەیوتوە کەبڵێن فلانمان قبوڵەو فلانمان قبوڵ نییە، هەموو سەرقاڵی تەشکیلی حکومەتی عێراقن، پێشموایە جەنابی مام جەلالو کاك مەسعودو مەکتەبی سیاسی هەردوولا ئەوە یەکلابکەنەوە.

**دەستوور:** پێتوایە کۆسرەت ڕەسول ببێتەوە بەجێگری سەرۆکی هەرێم؟

ئاسۆ مامەند: نازانم.

**دەستوور:** دوای بڵاوبوونەوەی دیدارەکەی قانیعی فەرد، مام جەلال ڕوونکردنەوەیەکیدا تا چەند ڕاستە کەئەو لێدوانە لەسەر داوای پارتیو مەسعود بارزانی بێت؟

**ئاسۆ مامەند:** ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە، بەڵام ئەو قسانەی مام جەلال قەناعەتی خۆیەتیو هیچ جۆرە کاریگەرییەك نەبووە.

**دەستوور:** ئەی سەبارەت بەوەی کەمام جەلال دەڵی من یەکجار قانیعی فەردم بینیوە، کەچی ئێستا ڕاگەیاندنکارانی پارتی دەڵێن چۆن مام جەلال ئەو قسانە دەکات ئەو ١٧ دەوڵەت بەهاوڕێیەتی لەگەڵ قانیعی فەرد گەڕاوەو کەسێکی نزیکی ئەوە؟

**ئاسۆ مامەند:** من ئاگاداری ئەو وردەکاریانە نیم.

**ئاسۆ مامەند.**
**لەدایکبووی ١٩٦٥ دوبز.**
**١٩٨٠ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کردووە.**
**١٩٨٢ بووەتە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.**
**ئێستا ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسیو لێپرسراوی مەڵبەندی سێی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.**

# گۆڕان وەڵامی پارتیو نێچیرڤان بارزانی ناداتەوە

## بەشێك لەسەرکردەکانی گۆڕان داوادەکەن بزووتنەوەکەیان وەڵامی توندی نێچیرڤان بارزانیو پارتی بداتەوە

بورهان قادر

بێدەنگی بزووتنەوەی گۆڕان لەبەرانبەر پارتیدا، سەرکردەکانی بزووتنەوەکە بۆ دوو بەرە دابەشدەکات، کەگروپێکیان داوادەکەن خۆیان لەشەڕی میدیایی لەگەڵ پارتی بپارێزن، گروپەکەی تریش پێیانوایە کەبێدەنگی لەبەرانبەر هێرشەکانی پارتی، دەبێتەهۆی تەکینەوەی جەماوەر لەگۆڕان.

دوای بڵاوبوونەوەی دیدارێکی ڕۆژنامەوانی نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، کەوتبووی بەداخەوە گۆڕان ئەو هەلەی لەدەستدا کەهەڵسوکەوت بکات وەك ئۆپۆزیسیۆنێکی ماقوڵ، ئێستا سەرکردایەتی گۆڕان خۆیان لەوەڵامدانەوەی ئەو قسەیە بەدووردەگرن، لەهەمانکاتدا بووەتە بابەتو مشتومڕێکی ناوخۆیی لەناو سەرکردەکانی گۆڕاندا بەوەی کەرای دژ یەك دروستبووە لەسەر وەڵامدانەوە.

سەرچاوەیەك لەبزووتنەوی گۆڕان بەدەستووری ڕاگەیاند "ئێستا لەناو گۆڕاندا پەرتەوازەییەك بەدیدەکرێ بەوەی لەهەندێ بابەتی چارەنووسسازدا نازانن چ لێدوانێك بدەن، هەندێکجاریش لێدوانی هەندێ هەڵسووڕاو بەتایبەت ئەوانەی کە لەئاستی بەرزدان سەرکردایەتی بزووتنەوەکە دڵگراندەکەن".

سەرچاوەکە دەڵێت لەگەڵ ئەوەی گۆڕان بڕیاریداوە کەوەڵامی نێچیرڤان بارزانی نەداتەوە، بەڵام هەندێك لەسەرکردەو هەڵسوڕاوە باڵاکانی بزووتنەوەکە لەگەڵ ئەوەن کە لەئاست قسەی لەوجۆرە بێدەنگ نەبن، دەڵێن بێدەنگی لەو قسەیە قبوڵکردنی ئەوەیە کەگۆڕان بزووتنەوەیەکی نامەعقولە.

سەرچاوەکە دەڵێت ڕەوتێك دەڵێن هەر ئەو بێدەنگیە بوو وایکرد کەیەکێتی ئاوای بەسەربێت، ئەوان پێیانخۆشە کەیەکێتیش لەسەر هەندێ بابەت لەبەرانبەر پارتی بێدەنگ نەبن، وتی "ئەوانە ئەو کەسانەن کە لەناو یەکێتی بوون، ترسیان لەوە هەیە کە لەداهاتوودا گۆڕانیش ئەگەر بێدەنگ بێت، وەکو یەکێتی لێبێت".

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەدا ڕەوتی دووەم کەداوای بێدەنگی دەکەن، مەبەستیان ئەوە نییە لەهەموو کاتو بابەتێك بێدەنگبن، بەڵکو دەڵێن با هەوڵبدرێت پەیوەندی سیاسی لەگەڵ پارتی هەبێتو سیاسەتیان لەگەڵ بکرێت، پێویستیش ناکات لەسەر هەموو شتێك وەڵامبدرێنەوە، وتی "ئەمانە ئەو کەسانەن کەزیاتر نوخبە ڕۆشنبیریەکەنو زۆر ناچنە ناو ململانێی گۆڕان لەگەڵ یەکێتیو پارتی".

چەند ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمان ئامادەنەبوون لەوبارەیەوە قسەبکەن، بەپاساوی ئەوەی پرسەکە زیاتر پەیوەندی بەبزووتنەوەی گۆڕانەوە هەیە.

سەرچاوەیەکی نزیك لەلیستی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت فراکسیۆنەکە نایەوێ کاتی خۆی بۆ بابەتێك تەرخانبکات کەبۆنی کاری حیزبی لێبێت، دەیانەوێ بەکاری پەرلەمانەوە خەریك بێت، وتی "چونکە ئەوان دەڵێن کاری ئێمە پەرلەمانە نەوەکو ڕێکخستنو سیاسەت، دواتریش تا لەداهاتوودا بۆ ناو بزووتنەوەی گۆڕانو بۆ دەرەوەش بیسەلمێنن کەئەندامانی پەرلەمانی گۆڕان کاریانکردووە، ئەمەش چەکێکە بۆ کۆبوونەوەکانی ناو بزووتنەوەی گۆڕان".

محەمەد تۆفیق ڕەحیم وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان وتی "بڕۆن پرسیار لەنێچیرڤان بارزانی بکەن، دواتر من ئەو دیدارەم نەخوێندووەتەوە، بۆیە ناتوانم قسەی لەسەر بکەم".

ڕێبین ڕەسول چاودێری سیاسی دەڵێت گۆڕان خیتابێکی ئاڵۆزو نارۆشنیان هەیە بەرانبەر دۆستو نەیارەکانیان، بۆیە قسەکانی نێچیرڤان بارزانی بەشێکیان واقیعین، وتی "گۆڕان هەندێکجار بەشێوەیەکی عاتفیانە مامەڵە دەکات، لەکاتێکدا پێویستە ئۆپۆزیسیۆن بەشێوەیەکی مەنتقیانە مامەڵەبکات لەگەڵ بارودۆخی سیاسیدا، گۆڕان ئێستا قسەیەکدەکات دوای هەفتەیەك واز لەو قسەیە دێنێت".

ڕێبین ڕەسوڵ دەڵێت گۆڕان لەکاتی تیرۆرکردنی سەردەشتدا وا هاتە ناو گۆڕەپانەکە کەخۆی کردە خاوەنی بابەتەکە، بەڵام دوای ئەوەی کەسەرۆکی هەرێم هەڕەشەیکرد، گۆڕان خۆی لەمەسەلەکە کێشایەوە، وتی "لەو قۆناغەی کەپێویست بوو، گۆڕان ئامادەنەبوو بەرپرسیاریەتی ئۆپۆزیسیۆن هەڵبگرێت".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتوون، بێدەنگی گۆڕان لەبەرانبەر هێرشە میدیاییەکانی پارتیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەسەرکردەکانی بزووتنەوەکە دەیانەوێت پەیوەندییەکی ئاساییان لەگەڵ پارتیدا هەبێت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "گۆڕان دەیەوێت لەڕێگەی نێچیرڤان بارزانیەوە پەیوەندی لەگەڵ پارتیدا دروستبکات، هەر بۆیەش ئەگەر ئەو قسەیە نێچیرڤان بارزانی نەبوایە، بەڵکو مەسعود بارزانی یان هەر بەرپرسێکی دیکەی پارتی لەئاستی مەکتەبی سیاسی بوایە، گۆڕان وەڵامی دەدایەوە".

سەرچاوەکە دەڵێت وەڵامنەدانەوەی نێچیرڤان بارزانی چەند هۆکارێکی هەیە، لەوانە: پێشتر نێچیرڤان بارزانی چەند جارێك موجامەلەی گۆڕانی کردووە، هەروەها زیاتر لەگەڵ یەکێتی ناکۆکەو بەتایبەت لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات، جگە لەوانەش سەرکردەکانی گۆڕان پێیانوایە مامەڵەی سیاسی لەگەڵ ئەو سەرکەوتووترە، بەتایبەت کەئەو ئێستا داوای ریفۆرمو چاکسازی لەناو پارتیدا دەکات.

بەڵام ڕێبین ڕەسول دەڵێت گۆڕان لەپاش تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان خیتابێکی کەمێك هێمن لەبەرانبەر پارتی پەیڕەودەکەن، وتی "ئەمەش سیاسەتێکی حەکیمانەو زیرەکانەی گۆڕانە، کەدەیەوێت پەیوەنییەکانی خۆی ئاساییبکاتەوە، بۆیە پێموایە ئەگەر ئەو قسەیە هەر بەرپرسێکی پارتی یان مەسعود بارزانی بیکردایە، گۆڕان وەڵامیان نەدەدایەوەو دەیانەوێ ئەو دۆخە بپارێزن، چونکە ئێستا باس لەدانیشتنی سەرۆکی هەرێمو نەوشیروان مستەفا دەکرێ".

# "پارتی گۆڕانکاری ئەوتۆی نەکردووە، تەنها ئاڵوگۆڕ کراوە"

## سەلاح دەلۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی لقی سێی کەرکوکی پارتی بۆ دەستوور



شۆڕش خالیدو ئازاد زەنگنە

**سەلاح دەلۆ بەرپرسی لقی کەرکوکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا، ئاماژە بەوەدەدات کەیەکێتیو پارتی لەکەرکوک کۆکنو کێشەو ناکۆکیان نییە، لەکاتێکدا سێ لیژنەی ئەنجومەنی پارێزگای شارەکە بەهۆی ناکۆکی نێوان ئەو دوو حیزبەوە چەند ساڵە بێ سەرۆک ماونەتەوە.**

**دەلۆ دەڵێت بەریەستی بنەڕەتی لەبەردەم پێشکەوتنو ئەنجامدانی خزمەتگوزاری زیاتر بۆ شاری کەرکوکو چارەسەری گرفتەکان حکومەتی فیدراڵە.**

**دەستوور:** بارودۆخی کەرکوک بەپێچەوانەی شارەکانی دیکەوە جیاوازە، خەڵکی زۆر چاوی لەدەستی حیزبە زیاتر، بەڵام تائێستا حیزبەکان نەیانتوانیوە داوای کەرکوکییەکان جێبەجێبکەن پێتوایە هۆکارەکەی چی بێت؟

**سەلاح دەلۆ:** بێگومان بارودۆخی کەرکوک بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەی عێراقدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، کێشەی کەرکوک زۆر کۆنە، ئەگەر تەماشای مێژوو بکەین هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، بەتایبەتی دوای دەرکردنی نەوت ئەو سامانە سروشتییە زۆرە، رژێمە یەک لەدوایەکەکانی عێراق بەرژێمی دیکتاتۆری سەدامیشەوە کەزیاتر لە٣٠ ساڵ حوکمڕانیان کرد، ئەوەندەی بەتەنگ زیادکردنو دەرکردنی نەوتو فرۆشتنو بەفیڕۆدانی داهاتەکەی بوون، ئەوەندە بەتەنگ ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی شارەکەوە نەبوون، بەدرێژایی مێژوو دانیشتووانە رەسەنەکەی غەدری لێکراوە، لەرووی ئاوەدانکردنەوەشەوە بەدواکەوتوویی ماوەتەوە، ئەگەر تەماشابکەیت ئاوەدانکردنەوە کراوە لەرووی شەقامو پردەوە، بەڵام بەهۆی زۆری بارستایی داڕووخانی شارەکە پێوەی دیار نییە، حیزبەکان لەخەمی کێشەی شارەکەنو پاڵپشتی داواکارییە رەواکانی خەڵکی خۆڕاگری کەرکوکن، بەپێی توانا بەدەم داواکارییەکانیانەوە دەڕۆنو پاڵپشتی ئیدارەی شاریش دەکەن لەچوارچێوەی بەرنامەکانی خۆیاندا بۆ خزمەتی شارەکە .

**دەستوور:** پاش حەوت ساڵ هێشتا ئەوانەی گەڕاونەتەوە خۆیان بەئاوارە دەزانن، نەتوانراوە ئاوارەیی لەدەروونی کەرکوکییەکان بسڕدرێتەوە، تاوانی ئەمە لەئەستۆی کێیە؟

**سەلاح دەلۆ:** بێگومان گرفتی ئاوارە زۆرە هەرچەندە هەوڵی زۆر دراوەو ئیمکانیەتیش خراوەتە بەردەست، بەڵام دیارە لەئاستی زۆری ئاوارەکان نەبووە، گرفتی گەورەش یاسایەو دەبێت بەپێی یاساو لەچوارچێوەی مادەی ١٤٠ی دەستووریدا گرفتەکان چارەسەربکرێن، ئەمەش زیاتر ئۆباڵی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، لەهەمانکاتدا لایەنی کوردیش دەبێت لەمەودوا جیدیتر هەوڵی بۆ بدەنو زیاتر هەست بەلێپرسراویەتی بکرێت بەرانبەر ئەم پرسە .

**دەستوور:** بەرپرسانی شاری کەرکوک هەر شتێک هەبێت دەڵێن کاری حکومەتی ناوەندییە، بەڵام کورد لەحکومەتی ناوەندی چەندین پۆستی گرنگی هەیە، ئایا بۆچی ئەوان ئاگادارناکەنەوە؟ یان ئەوان کەمتەرخەمبوون لەم بارەیەوە؟ بۆ نمونە کێشەی گەڕانەوەی خانووە داگیرکراوەکانی ئاوارەکان، یا کێشەی کارەبا؟

**سەلاح دەلۆ:** بێگومان بەربەستی بنەڕەتی لەبەردەم پێشکەوتنو ئەنجامدانی خزمەتگوزاری زیاتر بۆ شاری کەرکوکو چارەسەری گرفتەکان حکومەتی فیدراڵە، راستە لەحکومەتی ناوەند بەشدارە، بەڵام هەموو شتێک نییە، بۆ نمونە کێشەی کارەبا کێشەیەکی گشتییەو تەواوی گەلانی عێراق پێوەی دەناڵێنن، ئەوە دەوڵەتی فیدراڵە کەمتەرخەمەو دەبێت خەڵکی ئەوە بزانێت.

**دەستوور:** خەڵکی کەرکوک وایدەبینن تاوانەکەی یەکێتیو پارتین، ئەمەش راستییەکی زۆری تێدایە، بۆچوونی بەڕێزتان چییە؟

**سەلاح دەلۆ:** تۆ باسی تاوان دەکەیت، پێموانییە پارتیو یەکێتی هیچ تاوانێکیان دەرهەق بەخەڵکی کەرکوک ئەنجامدابێت، ئەگەر تەماشای حیزبەکان بەتایبەتی یەکێتیو پارتی بکەیت، قوربانییەکی یەکجار زۆریان لەپێناو کەرکوکدا بەخشیوە، ئێستاش بەهەمان شێوەو نەفەس داکۆکی لێدەکەن، ئەم راستییەش خەڵکی تێکۆشەری کەرکوک باش دەیزانن.

**دەستوور:** دەوترێت بەشێک لەهۆکارەکەی پەیوەندی بەکێشەی نێوان حیزبەکان خۆیانەوە هەیە، بەتایبەت پارتیو یەکێتی، بەهۆی ئەوەی رایان لەسەر چۆنیەتی خزمەتگوزارییەکانو شوێنی ئەنجامدانی جیاوازە؟

**سەلاح دەلۆ:** ئەم بۆچوونە دوورە لەراستییەوە، هیچ پرۆژەو خزمەتگوزارییەک بەهۆی پارتیو یەکیتیەوە دوانەخراوە، هەردوو حیزبو حیزبەکانی دیکەش بۆیان نییە رێگربن لەبەردەم پێشکەشکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا، بەپێچەوانەوە پێویستە پاڵپشتی ئیدارەی شار بین بۆ گەیاندنی کارە خزمەتگوزارییەکان.

**دەستوور:** پارتیو یەکێتی تەنیا بەرووکەش کۆکن لەکەرکوک، تائێستا سێ لیژنەی ئەنجومەن بێ سەرۆکە بەهۆی ئەو ناکۆکییەوە، دوو ئاسایشی هەر ماوە، دوو سیستمی خوێندن هەرماوە، لەکاتێکدا ئێستا حکومەت یەک ئیدارەیە لەهەرێم؟

**دەستوور:** پارتیو یەکێتی هیچ ناکۆکییەکیان نییە لەسەر باری کەرکوکو نە لەسەر شتی دیکە، هیچ شتێکیش بەهەڵواسراوی نامێنێتەوە لەنێوانماندا، یەک پەروەردەیی کوردیش لەکەرکوک هەیە ئێستا.

**دەستوور:** یەکێک لەو هەڵانەی رووبەڕووی یەکێتیو پارتی بووەوە لەم شارە ئەوەبوو هەریەکەو بۆ خۆی پشتگیری یەک دوو حیزبی تورکمانیو عەرەبی دەکرد، لەکاتێکدا ئەو حیزبانە نوێنەری راستەقینەی عەرەبو تورکمان نەبوونو رێژەیەکی زۆر کەم خەڵکیان لەگەڵدا بوو، بەو شێوازە مامەڵەیە دەچنەوە؟

**سەلاح دەلۆ:** مەسەلەی حیزبو لایەنە سیاسییە برا تورکمانو عەرەبەکان دەکەوێتە چوارچێوەی پەیوەندی حیزبییەوە، حیزبە نیشتمانپەروەرەکان پەیوەندیان لەگەڵ هەردوو لاماندا باشە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونو بەرنامەی حیزبەکان کە لەپێناو برایەتیو پێکەوەژیاندا تێدەکۆشن.

**دەستوور:** ئەو گۆڕانکارییانەی پارتی لەکەرکوک دەستیپێکردووە چۆنە؟ دەتانەوێت گۆڕانکارییەکان لەچییەوە دەستپێبکەن؟

**سەلاح دەلۆ:** گۆڕانکاری ئەوتۆ نەکراوە، ئەگەر مەبەستت گواستنەوەو ئاڵوگۆڕی هەندێ بەرپرسی لقو مەکتەبەکانی پارتیمان بێت، ئەوە لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی ئاساییدا هاتووەو زۆر زۆریش ئاساییە، بەردەوامیش دەبێت نەک تەنیا لەکەرکوک، بەڵکو لەگشت شوێنەکان.

**دەستوور:** دەنگۆی ئەوە هەیە لەگەڵ دەستبەکاربوونی بەڕێزتان چەند کارگێڕێکو بەرپرسی ناوچەیەک بگۆڕن ئەوە چۆنە؟

**سەلاح دەلۆ:** ئەوە زیاتر لەمانگێکە دەستبەکار بوومو کەسم نەگۆڕیوە، بەرنامەی لەو جۆرەش ئێستا نییە، لەهەمانکاتدا وەکو وتم گۆڕینو گواستنەوە بەپێی پێویست بەردەوامەو ئاساییە.

**دەستوور:** خەڵکی کەرکوک ئەو رەخنەیەی لەبەرپرسانی پارتی هەبوو لەشارەکەدا کەدەرگایان کراوەنەبوو بەرووی جەماوەردا، دەوترا جەماوەرتان فەرامۆشکردووە، دەتانەوێت چۆن جەماوەر ئاشتبکەنەوە؟

**سەلاح دەلۆ:** جەماوەری پارتیمان هەمیشە وەک خێزانێک وایە، ئەگەر تورەشبن پرسێکی ناو ماڵییەو درێژە ناکێشێت، پارتی هەردەم خاوەنی جەماوەرێکی گەورە بووە کە بەقەناعەتەوە لەدەوری کۆبوونەتەوەو پشتیوانیان لێکردووە، ئەمەش یەکێک لەنهێنییەکانی مانەوەی ئەم حیزبەیە بەو هێزە گەورەیە.

**دەستوور:** لەگەڵ دەستبەکاربوونی بەڕێزتان، ناڕەزاییەکان لەکەرکوک بۆ ئاو و کارەباو خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان زیادیکردووە، ترست نییە لەوەی ئەو پلانەی وەکو پارتی داتاننناوە سەرکەوتوو نەبێت، چونکە ناڕەزایی خەڵکی کەرکوک ئێستا زیاتر هەستی پێدەکرێتو رووەو تەقینەوە دەچێت؟

**سەلاح دەلۆ:** داواکارییەڕەواکانی خەڵکی خۆڕاگری کەرکوک زۆر لەجێیە، بەڵام من لەسەرەتادا هەندێ باسی کەرکوکم کردو جەماوەر خۆیان دەزانن، نە پارتیو نە یەکێتیو نە حیزبەکانی دیکەش بەرپرس نین لەمەسەلەی خزمەتگوزاری، بەڵکو هاودەنگین لەگەڵ جەماوەرو پاڵپشتی ئەنجومەنو ئیدارەی شار دەکەین بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاتر، ترسم لەسەر سەرنەکەوتنی پلانەکانی خۆمان نییە، راستە لەماوەی رابردوودا شار هەندێ بەگەرمی هاتنە سەر شەقام، ئەمیش زیاتر سەبارەت بەکارەبا بوو، کەشتێکی گشتی عێراقەو پێویستە هەوڵی جیدی بۆ چارەسەرکردنی بدرێتو خەڵکیش مافی خۆیەتی ئەو جۆرە داواکارییانە بکەن.

**دەستوور:** بەڕای ئێوە بۆچی لەکەرکوک جەماوەریەتی پارتی پاشەکشەی کردووە یان گەشەی نەکردووە؟ کێشەکان چین؟

**سەلاح دەلۆ:** ئەنجامی هەڵبژاردن نابێت بکرێتە پێوەری جەماوەری حیزبی، جەماوەری ئێمە پاشەکشەی نەکردووە، بەپێچەوانەوە ئەوەی دەبینرێت لەهەڵکشاندایە.

**دەستوور:** نێچیرڤان بارزانی ماوەی ساڵێکە بانگەشەی ریفۆرم دەکات، بەڵام خەڵکی چاوەڕێی زیاتری دەکرد لەوەی کرا بۆ ئەمەش دوو بۆچوون هەیە، هەندێک دەڵێن پارتی ترسی هەیە لەوەی بەرپرسانی بگۆڕێت، هەندێکیش دەڵێن پەیوەندی بەوەوە هەیە جۆرێک لەململانێی نێوان مەسرورو نێچیرڤان رێگەی نەداوە ئەو ریفۆرمە بکرێت کەبانگەشەی بۆ دەکرد؟

**سەلاح دەلۆ:** پارتیمان هەمیشە هەوڵی نوێبوونەوەو چاکسازی داوە، جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانیش لەچوارچێوەی بەرنامەکانی پارتیماندا ئاماژەی بۆ کردووە، گۆڕینی بەرپرسان وەک پێشوو باسمکرد لای پارتی ئاساییە، بەرپرسان کادیری حیزبن لەهەر شوێنێک بەرژەوەندی بزانێت لەوێ ئەرکیان پێدەسپێردرێت، هیچ جۆرە ململانێیەک لەنێوان کاک نێچیرڤانو کاک مەسرور بارزانیدا نییە دڵنیاش کەنابێت.

**دەستوور:** رایەک هەیە دەوترێت نێچیرڤان بارزانی دەستکراوە نەبووە لەچۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییانە؟

**سەلاح دەلۆ:** جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی هیچ کاتێک کێشەی دەسەڵاتی نەبووەو هەموو کاتێکو ئێستاش دەسەڵاتی تەواوی هەیە.

> ئەنجامی هەڵبژاردن نابێت بکرێتە پێوەری جەماوەری حیزبی

> پارتیو یەکێتی هیچ ناکۆکییەکیان نییە لەسەر باری کەرکوک

> جەماوەری پارتی ئەگەر تورەشبن پرسێکی ناو ماڵییەو درێژە ناکێشێت

# یادگار ستار: ئەورووپا وەکو سەربازیی جاران وایە فێری هەموو شتێکت دەکات



دەستوور

یادگار ستاری گۆرانیبێژ کەساڵی ١٩٧٧ لەسلێمانی لەدایکبووە، لەم چاوپێکەوتنەی دەستووردا دەڵێت ئەورووپا وەکو سەربازیی جاران وایە، فێری هەموو شتێکت دەکات، پێشیوایە هونەری ئەمڕۆ بووەتە بازرگانیکردنو بەو هۆیەوە هونەرمەندە باشەکان شاراونەتەوە.

**دەستوور:** تەمەنی منداڵیت چۆن بەسەربردووە؟

**یادگار ستار:** هەندێجار منداڵێکی زۆر هێمنو لەسەرخۆبووم، هەندێک کاتیش منداڵێکی زۆر بزێو بوومو حەزم لەیاری بووە، زۆربەی منداڵیشم لەگەڕەکی خەبات بەسەربردووە.

**دەستوور:** بەمنداڵی شەڕت کردووە یان لێیانداویت؟

**یادگار ستار:** شەڕمکردووەو لەمنداڵم داوەو لێشیانداوم، بەڵام سەریان نەشکاندووم.

**دەستوور:** سەرەتای کاری هونەریت دەگەڕێتەوە بۆ چ ساڵێک؟

**یادگار ستار:** لەمنداڵییەوە بەهرەی گۆرانیوتنم هەبووەو کەسوکاریشم هاندەرم بوون، لەساڵی ١٩٩٤دا دەستمکرد بەگۆرانیوتنو یەکەم گۆرانیم بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان تۆمارکرد بەناوی ئەی شۆخەکەی بەختیاری.

**دەستوور:** بۆ هەر لەسەرەتاوە شێوازی گۆرانیی شادت هەڵبژارد؟

**یادگار ستار:** لەبەرئەوەی دەنگی من زیاتر شیاوە بۆ ئەوەی لەسەر ڕیتمی خێرا گۆرانی بڵێم، بەڵام لەبەرنامەمدایە گۆرانیی خاویش بڵێم.

**دەستوور:** تاچەند شارەزاییت لەمەقامدا هەیە؟

یادگار ستار: شارەزایی تەواوم نییە، بەڵام دەتوانم بیانڵێم، لەبەرئەوەی مۆزیکژەنیش نیم، ئەوەش گرفتە بۆ من، بەڵام هەوڵدەدەم ئامێرێکی میوزیک فێربم، چونکە گۆرانیبێژ ئەگەر شارەزایی لەئامێرێکی مۆزیکدا هەبێت باشترە.

**دەستوور:** باسی کارەکانی ئەم دواییەت بکە؟

**یادگار ستار:** پێش ئەوەی سەفەربکەم بۆ دەرەوەی وڵات، سێ گۆرانیم تۆمارکرد، دواتر دووان لەو گۆرانیانەم لەسویدو دانیمارک کلیپکرد.

**دەستوور:** چۆن دەڕوانیتە داهاتووی خۆت؟

**یادگار ستار:** کارەکانم بەئاسانی نایەت بەدەستەوە، بەڵام تا مابم کۆڵنادەمو بەردەوامدەبم لەکارکردن بەکوالیتیی بەرزو جوان.

**دەستوور:** ساڵی چەند رووتکردە هەندەرانو ئێستا لەچ وڵاتێک ژیان بەسەردەبەیت؟

**یادگار ستار:** لەساڵی ٢٠٠٧ ڕوومکردە وڵاتی سویدو ئێستا لەشاری ستۆکهۆڵم دەژیم.

**دەستوور:** تاچەند سوودت لەفۆلکلۆر وەرگرتووە؟

**یادگار ستار:** بەشێوەیەکی زۆرباش سوودم لەفۆلکلۆر وەرگرتووەو پاڵپشتێکی گەورە بووە بۆ گۆرانییەکانمو هونەری فۆلکلۆر هەوێنی گۆرانیی کوردییە.

**دەستوور:** کاتێک کەگۆرانیدەڵێیت هەست بەچیدەکەیت؟

**یادگار ستار:** هەندێک کات دەچمە ناخی ئەو گۆرانییەی کەدەیڵێمو زۆرکات بەدڵ بۆ خۆمی دەڵێم.

**دەستوور:** وەرزش دەکەیت؟

**یادگار ستار:** (بەپێکەنینەوە) چەند ڕۆژێک رامکرد بەڵام دوایی نەمتوانی، پێویستە هەموو مرۆڤێک وەرزشبکات، بەتایبەتی گۆرانیبێژ، بەڵام من تۆزێک ڕێکببوومەوە، بەڵام لەوەتەی هاتوومەتەوە، قەڵەو بووم.

**دەستوور:** حەزت لەچ خواردنێکە؟

**یادگار ستار:** حەزم لەکەبابو سەروپێیەو حەزم لەهەر شتێک بێت، فریایدەکەومو دەگەمە سەری، تا بەگەرمی بیخۆم.

**دەستوور:** راتچییە بەرانبەر بەهونەرمەندە میللییەکانی ئەمڕۆ؟

**یادگار ستار:** ڕێزو خۆشەویستیم بۆ هەموو ئەو هونەرمەندانە هەیە، هەندێکیان زۆرباشو دیارنو کارەکانیان جوانە، من داواکارم ئەو کەسەی کەدەیەوێت پێیبڵێن هونەرمەندی میللی، دەبێت بەمانای وشە هەڵگری ئەو ناوە بێت. ڕێزم هەیە هونەری ئەمڕۆ هەمووی بووە بەبازرگانیکردن، نەک خزمەتکردنی هونەر، کە بەداخەوە بەو هۆیەشەوە هونەرمەندە باشەکانیش دەشارێنەوە، بەهۆی چەند کەسێکەوە کەهیوادارم ئەوە نەمێنێت.

**دەستوور:** تاچەند شارەزاییت لەدروستکردنی خواردندا هەیە؟

**یادگار ستار:** لەکوردستان هیچ شتێکم نەدەزانی، بەڵام لەوێ فێری دروستکردنی هەموو خواردنێک بووم وەک برنجو شلەو مریشک، ئەورووپا وەکو سەربازیی جاران وایە، فێری هەموو شتێکت دەکات.

**دەستوور:** حەزت لەچ جۆرە جلوبەرگێکە؟

**یادگار ستار:** حەزم لەقاتی کوردیو چاکەتو پانتۆڵە.

**دەستوور:** جوانترین شت لای تۆ چییە؟

**یادگار ستار:** جوانترین شت لەلای من وەفایە، ئەوکەسەی کەوەفای نەبوو، لای من مانای نییە، چونکە هەموو خۆشەویستیو ڕێزێک لەسەر وەفا دروستدەبێت.



# نازێ عەزیزی جێژوانی چۆڵە


موحسین یاسین

خانمە هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (نازێ عەزیزی) کەئێستا لەشاری هەولێر نیشتەجێیە، سەرقاڵی کلیپکردنی گۆرانیی جێژوانی چۆڵە.

نازێ لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی لەچەند ڕۆژی پێشوودا کاری کلیپکردنی گۆرانیی جێژوانی چۆڵ کۆتاییهاتووە، کەتێکستی میدیا مەعروفیو ئاوازی خۆیەتیو بژار دیلان کاری میوزیکی بۆ کردووەو یەکێکە لەگۆرانییەکانی ئەلبومی (ئاوازی دڵتەنگی)، کەهێشتا بڵاونەکراوەتەوە.

هەروەها وتی محەمەد جەمیل کاری دەرهێنانی بۆ کلیپەکە ئەنجامداوە.

ئاشکراشیکرد بەنیازە گۆرانییەکە بکاتە دیاریی جەژنی ڕەمەزانو پێشکەشی بینەرانی بکات.



## تەرازوو (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

ئەگەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت، پێویستە لەخۆتەوە دەستپێبکەیت. پێویستت بەوەیە کەئامانجەکانت بەڕوونی دیاریبکەیت، ئەگەر نا، ناتوانی بەدییانبهێنی. لەماوەی ئەم هەفتەیەدا کەسێک دەناسیت کەزۆرێک لەژیانت دەگۆڕێت.



## دوپشک (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

گەر دەتەوێ هەندێک گۆڕانکاری لەڕووخسارو قژتدا بکەیت، ئەوا کاتێکی گونجاوەو لەلایەن هەموو دەوروبەرەکەتەوە بەباشی پێشوازی لێدەکرێ. لایەنی سۆزداریت بەرەو پێشچوونی باش بەخۆوە دەبینێو ئاسۆی ژیانێکی نوێ دەردەکەوێت.




## کەوان (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

ئەم هەفتەیە هەفتەی یەکتر بینینەکانەو ژمارەیەکی زۆر خەڵک دەناسیت، کە لەوانەیە هەندێکیان ببنە هاوڕێی زۆر نزیکت. هەندێکیش لەوانە دەیانەوێت بێنە ناو ژیانی تایبەتیتەوە. هەرچەندە ئەزموونێکی نامۆ دەبێت، بەڵام پێویستناکات بەرەنگاری بیتەوە.




## گیسک (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

کەسێکی نزیکت ئیرەییت پێدەبات، ئەمەش لەماوەی ئەم هەفتەیەدا بۆت ڕووندەبێتەوە. بەشێوەیەکی ناخۆش کارت تێدەکاتو تەنانەت ناتوانی ئەو کاریگەرییە بشاریتەوە. لەگەڵ خۆت ڕاستگۆبە، بۆت دەردەکەوێت کێ باشە لەژیانتدا.



## سەتڵ (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

کەسێک بەکارێک لەکارەکانت سەرسامدەبێتو ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر دڵخۆش بیت. لەماوەی چەند ڕۆژێکدا گرفتێکت دێتە بەردەم، کەسەرقاڵدەبیت بەچارەسەرکردنییەوە. هەوڵەکانت دەبێتە مایەی ڕەزامەندیی دەوروبەرەکەت.



## نەهەنگ (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

خۆت بەدوور بگرە لەدەمەقاڵەو مشتومڕەکان، چونکە تەنیا یەک دانە لەوانە بەو ئاراستەیەدا ناڕوات، کەتۆ پێتخۆشە. کاتەکانی ئەم هەفتەیە بەکاربهێنە بۆ دانانی پلانی درێژخایەن لەبارەی کارەکەتو ژیانی تایبەتیتەوە.



# هەلور بەلورەی ناسلی کلیپدەکرێت

رەوەند جەواد

محەمەد جەمیلی دەرهێنەر، چەندان کلیپی بۆ گۆرانیبێژان لۆکەو دەشنێو ناسلی دروستکردووە، گۆرانیی هەلور بەلورەی ناسلی کەگۆرانییەکی منداڵانە کلیپکردووەو ئێستا لەقۆناغی مۆنتاژدایە.

محەمەد جەمیل بۆ دەستوور وتی "تائێستا کلیپم بۆ شانیاو دەشنێو ناسلیو میرا تۆمارکردووەو ئێستا سەرقاڵی کلیپکردنی بەرهەمێکی هونەرمەند نازێ عەزیزین".

وتیشی دواتر کلیپێک بۆ هەڵۆ محەمەد ئەنجامدەدەینو هەروەها کلیپێکیش بۆ گۆرانیبێژێکی ئەسیوبی تۆماردەکەین لەبارەی ژیانی ئاوارەکانی ئەسیوبیا لەکوردستان.

ئاماژەی بەوەشدا کاری دەرهێنانی بۆ کلیپی هەلور بەلورەی ناسلی ئەنجامداوەو ئێستا لەقۆناغی مۆنتاژدایە.

# هەولێر چوار مانگ سەرقاڵی شانۆ دەبێت

ژەنیار



ناوەڕاستی مانگی داهاتوو هەولێر وەرزێکی شانۆیی بەخۆیەوە دەبینێت، کەشانۆکارانی سلێمانیو کەرکوکو دهۆکیش بەشداریی تێدا دەکەن.

هیوا سوعاد بەڕێوەبەری شانۆی هەولێر لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "وەرزێکی شانۆیی لە١٥ مانگی ئەیلول دەستپێدەکاتو تا کۆتایی ئەمساڵ بەردەوامدەبێت".

وتیشی "لەو وەرزەدا جگە لەبەرهەمی شانۆکارانی سلێمانیو کەرکوکو دهۆک، ١٧ بەرهەمی شانۆیی بەڕێوەبەرایەتیی شانۆی هەولێر پێشکەشدەکرێت".

روونیشیکردەوە "مەبەست لەم وەرزە شانۆییە، هەوڵێکی دیکەیە بۆ ئاشتکردنەوەی بینەران بەشانۆ".

# ماڵی مێروولەکان لەئیسپانیایە



ژەنیار

کورتە فیلمی ماڵی مێروولەکان لەدەرهێنانی شاخەوان عەبدوڵڵا، بەشداری لەبەشی پێشبڕکێی خولی ئەمساڵی فێستیڤاڵی گرانادای ئیسپانی دەکاتو دەبێتە نوێنەری هەرێمی کوردستان.

شاخەوان عەبدوڵڵا بۆ دەستوور وتی "هەریەک لەکورتە فیلمەکانی شاری مێروولەکانو ماسیی سوور لەدەرهێنانی هەوراز محەمەدو باران لەدەرهێنانی هاوڕێ بەهجەت، بەناوی هەرێمی کوردستان بەشداری لەبەشی پێشبڕکێی فێستیڤاڵی گرانادای ئیسپانی دەکەین".

ئەوەشی وت "ئەم فێستیڤاڵە لە٢٣ تا ٣١ی تشرینی یەکەم بە بەشداریی ١٣٠ فیلم لەشاری گرانادای ئیسپاینا بەڕێوەدەچێت".

ئاماژەی بەوەشدا ماوەی فیلمەکەی ١٠ خولەکەو باس لەدەسەڵات دەکات، بەتایبەتی ئەو دەسەڵاتەی لەلایەن پیاوەوە بەرانبەر بەمێینە بەکاردەهێنرێت.

# ئاری محەمەد: ئاوازێکم براوە



رەوەند جەواد

ئاری محەمەدی هونەرمەند ئاشکرایکرد کە لەلایەن هەڤاڵ شێخانییەوە ئاوازێکی براوە، بەبێ ئەوەی پرسی پێبکرێت.

ئاری محەمەد وتی هەڤاڵ شێخانی لەسەر ئاوازێکی من کاری بۆ بەرهەمێکی ئاینی کردووە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەناوی من بکات.

وتیشی دیاردەیەکی ناشیرینە لای هونەرمەندانی نوێو هەڤاڵ شێخانی دەبێت بزانێت ئەو ئاوازە هی منە.

ئاشکراشیکرد کەپەیوەندیی بەهەڤاڵ شێخانییەوە کردووە، بەڵام هەڤاڵ شێخانی نکوڵی کردووەو وتوویەتی ئاوازەکە هی زیرەک حەمەئەمینە.




## کاوڕ (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

هەندێک گۆڕانکاریی بچوکو ورد لەماڵەکەتدا سوودی زۆری دەرەونی دەبێت بۆت. هەوڵی رەواندنەوەی ترسو دڵەڕاوکێ رۆژانەییەکانت دەدەیت. بەچوونە دەرەوە لەگەڵ هاوڕێیەکتدا کامەراندەبیت. رۆژی خۆشەویستیت شەممەیە.



## گا (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

کاتەکانت بەخۆشی بەسەربەرەو برۆ بۆ ئەو شوێنەی دڵت پێیخۆشە. تێکەڵاوییەکانت لەگەڵ خەڵکدا زیاتر بکەو لەلایەنی خۆشەویستییەوە چاو بۆ کەسێک لەئاستی خۆتدا بێت بگێڕە. بۆچوونەکانت بۆ دەوروبەرەکەت بخەڕوو.



## دووانە (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

ئێستا هەست بەتەنیایی دەکەیتو بڕواتوایە کەبەرانبەر بەدەوروبەرەکەت بەرپرسیارێتیت کەوتووەتە سەر شان. هەفتەیەکی خۆش بەسەر دەبەیت لەگەڵ خێزانەکەتدا. بەگشتی مێشکت کۆنترۆڵی هەستو سۆزت دەکات.



## قرژاڵ (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

کەسێک لەبازنەی هاوڕێکانتدا چاوی لەسەرتەو ژمارەیەکی دیکەشیان بەمە دەزانن، بەڵام هیچ کەسێکیان نیازی ئەوەی نییە کەبۆت ئاشکرابکات. بەڵام پێویستە تۆ هەوڵبدەیت بیدۆزیتەوە. وریابە لەوانە نییە هەموو کەس ئەمەی پێخۆشبێت.



## شێر (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

لەنێو جەرگەی فەنتازیایەکی رۆمانسیانەدایت. باری دارایيت بەرەو جێگیربوونەوە چووەو ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی هەیە لەسەر دۆخی سۆزداریی مێشکت. باش لەبیرت بێت ئەو پلانەی بۆ ژیانت دارشتبوو، ناتوانی وا بەئاسانی بیگۆڕیت.



## فەریک (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

ئەم هەفتەیە گونجاوە بۆ بەدەستهێنانی هەندێک بەختو چانس. لەبواری داراییدا دەتوانی قازانجی گەورە بکەیت، ئەگەر بەباشی بیر لەبارودۆخەکان بکەیتەوە. بەڵام پێویستدەکات سەرکێشیی زۆر نەکەیتو دیبلۆماسییانە کاربکەیت.



فۆتۆ: بەهمەن شەهبازی

# قوتابخانەی گەڕۆک بۆ قەرەجەکان دەکرێتەوە

فەرمان چۆمانی

وەزارەتی پەروەردە، ڕەزامەندی لەسەر کردنەوەی قوتابخانەی گەڕۆک بۆ قەرەجەکان دەردەبڕێتو بەنووسراوێک بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە ئاگاداردەکاتەوە، بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی دەڵێت لەکاتی دەوامدا ئەو پرۆژەیە دەستپێدەکرێت.

کەمال نوری بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی تایبەت بەدەستووری ڕاگەیاند "مامۆستایەکی ئامادەیی پیشەسازی ناوی هانایەو لەئەورووپا ژیاوە، ساڵی ڕابردوو هەمان هەوڵیدا، بەڵام بێ ئەنجامبوو، چونکە ئەو کەلوپەلانەی پێویست بوون توانای دابینکردنیمان نەبوو، ئەمساڵیش لەپەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی هەوڵمان بۆ داو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو وەزارەتیش ڕەزامەندی لەسەردا".

کەمال نوری بەدەستووری وت "ئەو مامۆستایە سەردانی ئەو ناوچانەی سلێمانی کرد کەقەرەجەکانی لێدەژینو ژمارەکانی وەرگرتنو شوێنەکەی دیاریکردن، ئێمەش وەک پەروەردەی سلێمانی ئەو شتانەی کەپێویستن بۆمان جێبەجێکردن".

شوێنی ئەو قوتابخانانە لەگەڕەکی چوارچراو چەند گەڕەکێکی شاری سلێمانی دەبێت، بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی وتی "هەرچەندە تائێستا پرۆژەکە بەتەواوی نەکەوتووەتە بواری پراکتیکی، بەڵام لەکاتی دەوامدا تەواودەبێتو شوێنەکانیش کەدیاریکراون گەڕەکی چوارچراو گەڕەکی خوارووی سلێمانییە".

بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی پێیوایە سەرکەوتنی پرۆژەکە پەیوەندی بەپابەندبوونی قەرەجەکانەوە هەیە، وتی "چونکە سەرەتا ئەوان وایاندەزانی شتێکی ڕۆتینییە، نەدەچوونە ژێر بارەوەو دوای چەند کۆبوونەوەیەک، تێگەیشتن بۆ ڕۆشنبیرکردنو خوێندەوارکردنی ئەوانەو لەزۆر وڵاتانی دنیادا هەیەو خوێندەوارن، پێیان باشبوو، لەداهاتوودا ڕەنگە بتوانین بەباشی جێبەجێی بکەین".

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی سلێمانی بەنووسراوی ٤٨١ لە ٢٠١٠-٨-١٠ پەروەردەکانی سنووری سلێمانی ئاگاداركردووەتەوە لەکردنەوەی ئەو قوتابخانەیە گەڕۆکە بۆ قەرەجەکان.

بەپێی نووسراوەکەی وەزارەتی پەروەردە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٠ بۆ ٢٠١١ هەلی فێربوون بۆ ٧٦ منداڵو ١٤٥ فێرخوازی گەورە دابیندەکرێت.

# پۆشاکە چینییەکە بە"دوو شۆردن تێکدەچێت"

## گرانی نرخی جلوبەرگی یەکپۆشی قوتابخانەکان، کەسوکاری قوتابیان نیگەراندەکات

کاروخ نامیق

کەسوکاری قوتابیان دەڵێن جلوبەرگی یەکپۆشی قوتابیان کە لەلایەن کۆمپانیایەکی چینییەوە دابینکراوە، نرخەکەی گرانەو شێوازی دوورینیان پێناشیرینەو دەڵێن بە "یەک دوو شۆردن تێکدەچێت".

ساڵی ٢٠٠٧ بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی کەمکردنەوەیەکی ئەنجامدا بۆ دابینکردنی جلوبەرگی یەکپۆشی بۆ قوتابخانەکانی پارێزگای سلێمانی، بۆ ئەو مەبەستە چەند کۆمپانیایەکی تورکیو چینیو ئەندۆنیزی بەشداری ئەو کێبڕکێیەیان کرد، دواتر کۆمپانیایەکی چینی کێبڕکێکەی بردەوە.

بەڕێوەبەری سەنتەری یەکپۆشی قوتابخانەکان کەبازرگانێکی چینییە، وتی "بەشداری ئەو کێبڕکێیەمان کرد کە لەلایەن پەروەردەی سلێمانییەوە ڕێکخرابوو، نمونەی جلوبەرگەکانمان پێشکەشکردو دوای تاقیکردنەوە، نمونەکانی ئێمەیان بەدڵبوو و پرۆژەکەمان بۆ دەرچوو".

ئەو کۆمپانیایە پۆشاکی پۆلی یەکی سەرەتایی تا پۆلی دوانزەی ئامادەیی بۆ قوتابخانەکانی پارێزگای سلێمانی دابیندەکات، هەروەها لەوڵاتی چینەوە پۆشاکەکان دەهێنێت.

لەسەنتەری یەکپۆشی نرخی قاتی پۆلی یەکی سەرەتایی تاشەشەمی سەرەتایی بە ٢٨ هەزار دینارەو لەپۆلی حەوتەوە تا پۆلی دوانزە بە ٣٦ شەش هەزار دینارە.

نرخی ئەو قاتانە کەسوکاری قوتابیانی نیگەرانکردووە، بەتایبەتی ئەوانەی چەند منداڵێکیان لەقوتابخانەیە.

بورهان ئەحمەد ٣٧ ساڵ باوکی سێ خوێندکارە وتی "ناچارین دەبێت ئەو پۆشاکە بکڕین کە لەقوتابخانەکانیانەوە داوایان لەقوتابییەکانمان کردووە، ئیتر نرخەکەی بەهەر چەندێک بێت، دەبێت بیکڕین، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە پۆشاکە تەنیا لەیەک شوێن دەستدەکەوێت".

تەنیا شوێنێک کەجلوبەرگی یەکپۆشی قوتابخانەکانی لێدەستدەکەوێت، سەنتەری هاتوچۆی ئەو سەنتەرە دەکەن بۆ کڕینی جلوبەرگی قوتابخانە بۆ قوتابییەکانیان.

نەشمیل عەلی ٣٥ ساڵ لەگەڵ کۆمەڵێک ژنی تری هاوڕێی هاتبوون بۆ کڕینی جلوبەرگی قوتابییەکانیان، ڕەخنەی لەنرخی پۆشاکەکان گرتو بەگرانی زانی وتی "نرخەکانیان زۆر گرانە".

نەشمیل بەدەستووری وت "جۆری قوماشەکەی باش نییەو بەدووجار شۆردن تێکدەچێت، هەروەها شێوازی دوورینەکەی زۆر ناشیرینەو دیزاینەکەی جوان نییە".

لەبەرانبەر گلەیی دایکو باوکی قوتابیان لەگرانی نرخی پۆشاکەکان، بەڕێوەبەری سەنتەرەکە بەدەستووری ڕاگەیاند "ئەو جلانەی ئێمە، ناتوانی لەبازاڕدا بەو نرخە بیدۆزیتەوە".

هەروەها وتی "من هەست ناکەم نرخی پۆشاکەکانمان گرانبێتو خەڵک گلەیی هەبێت، بەڵام لایەن هەیە ئەو شتە دەوروژێنێت بەتایبەتی قوماش فرۆشەکانی بازاڕو ئەوانەی خۆیان بەرکابەری ئێمە دەزانن ئەو بابەتە دەوروژێننو بەهەقو ناهەق پەلامارمان دەدەن".

ڕاشیگەیاند ئەوان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگای سلێمانی لەسەر ئەو نرخە ڕێککەوتوون وتی "لەخۆمانەوە نرخەکانمان دیاری نەکردووە".

هەموو قاتێکی یەکپۆشی لەچوار پارچە پێکهاتووە، چاکەتێک بۆ هەموو پارچەکان، بۆ کوڕەکان پانتۆڵەو بۆ کچەکان تەنورەیە، بۆ سەرەتاییەکان عەزییەی شەیالەیە، هەمووشیان کراسیان لەگەڵدایە لەگەڵ پارچە کانزاییەک کە لۆگۆی وەزارەتی پەروەردەی بەسەرەوەیە.

بەڕێوەبەری سەنتەری یەکپۆشی ئاماژەی بەوەشدا ئەو دایکو باوکانەی لای ئەوان جلوبەرگی منداڵەکانیان دەکڕن ئەو پرۆژەیەیان بەدڵە، چونکە پێشتر دەبوایە بچونایە لەبازاڕ قوماشیان بکڕیایەو دواتر سەرەیان لای بەرگدروو بگرتایە.



بەڕێوەبەری سەنتەری یەکپۆشی: دەستێک دەیەوێت ئەو بابەتە بوروژێنێت      فۆتۆ: کاروخ نامیق

گرانی نرخی جلوبەرگی یەکپۆشی لەقوتابخانەکان هاووڵاتیان نیگەراندەکاتو بەڕێوەبەری سەنتەری یەکپۆشیش پێیوایە نرخی جلوبەرگەکانیان گران نین، بەڵکو ئەوە دەستێکە دەیەوێت ئەو بابەتە بوروژێنێت.

قوتابخانەکان کەدەکەوێتە شارێی سالم، لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان، بەردەوام ئەو سەنتەرە جمەی دێت لەدیکو باوکو کەسوکاری قوتابیان تا شەوانێکی درەنگ

# دڵم هەر ئەو دڵەی جارانە

## هیچکات خۆشەویستی یەکەم بیرناچێتەوە

فەرمان چۆمانی

ئەوانەی لەژیاندا چەند جارێک خۆشەویستیان کردووە، دەڵێن هیچ کات خۆشەویستی یەکەمیان بیرناچێتەوە، دڵی ئەوان ئێستاش بۆ خۆشەویستی یەکەم لێدەدات.
ئەو کەسانە هەمیشە بەئاواتی خۆشەویستەکەیانەوە دەژیــن‌و دەڵێن تەنها بیرهاتنەوەی خۆشەویستی یەکەمیان، دەمێک دڵخۆش‌و دەمێک ئازاریان دەدات.
ئەحمەد خدر تەمەنی زیاترە لە ٦٥ ساڵەو لەکۆتاییەکانی تـەمـەنـیـدایـە، ئـەو ڕۆژەی هـەرگـیـز بیرناچێتەوە کەخۆشەویستەکەیان بەزۆر بەژن بەژن دا بەپیاوێکی تر، دوای ئەوەی ٨ ساڵ خۆشەویستی یەکتربوون.
ئەحمەد وتی "خۆزگە من تائێستاش ژنم نەهێنایە، بەڵام تەنها ئەو بۆ من بوایە". هەروەها وتی "هێندە چاوم لەدووی بوو ئێستاش یەک دەقە لەبیرمناچێت". بەڵام ئەحمەد ڕۆژانە نزا بۆ خۆشەویستەکەی دەکات، چونکە ئێستا لەژیاندا نەماوە، بـەڵام لەخەیاڵی ئەحمەددا زیندووە.
ئەوەی بۆ ئەحمەد قورستر بوو ئەوەیە لەژیانیدا تەنها یەکجار خۆشەویستی کـردووەو بۆشی نەبووە، بەڵام بۆ سـوارەی تەمەن ٢٥ ساڵ تۆزێک ئـازاری یەکەم خۆشەویستیی کەمترە، چونکە ئەو خۆشەویستبی تری کردووە.
سوارە وتی "ئەوکاتەی لەئامادەیی دەمخوێند بۆ یەکەمجار خۆشەویستییم کرد، بەڵام خۆشەویستییەکەمان دوو ساڵی خایاندو کە لەئامادەیی تەواوبووین، وازمـان لەیەکتر هێنا، لەزانکۆش کچێکیترم خۆشویست، بەڵام تائێستاش ئەوەی یەکەمجارم بیرنەچووەتەوەو لەگەڵ یادگارییەکانی دەژیم".
شێرکۆ تـەمـەن ٢٧ سـاڵـەو دەرچـووی پەیمانگای مامۆستایانە، لەتەمەنیدا چوار جار خۆشەویستیی کــردووە، بـــەڵام یـەکـەم خـۆشـەویـسـتـی هەرگیز بیرناچێتەوەو ئێستاش بەئاواتی گەڕانەوەیە بۆ لای‌و دان بەهەڵەی خۆیدا دەنێت".
شێرکۆ وتی "من لەوکاتەدا لەتەمەنێکی هەرزەکاریدا دەژیام، زۆر لەخۆبایی بووم بۆیە وازم لێهێنا، بەڵام تەمەنا دەکەم بگەڕێینەوە لای یەکتر".
پەشیمانی شێرکۆ بۆ خۆشەویستەکەی بەجۆرێکە تینی بۆ هێناوە سەردانی بکات‌و داوای لێبووردنی لیٚ بکات. ئەو وتی "ئامادەم ژیانی هاوسەری لەگەڵدا دروستبکەم، ئەگەر قبوڵم بکاتەوە".
کچانیش هاوشانی کوڕان تەنها یەکەم خۆشەویست ناودەنێن خۆشەویستی ڕاستەقینە، هەندێک پێیانوایە خۆشەویستی دووەم زیاتر بۆ پڕکردنەوەی جێگەی خۆشەویستی ڕاستەقینەیانە.
شۆخان ناوی خـوازراوی کچە خوێندکاری زانکۆیەو تەمەنی ٢١ ساڵە، تائێستا چەند جارێک تووشی خۆشەویستی بووە، لەبەرئەوەی کچێکی دیاربووە، بـەڵام ئەو تەنها ئەو خۆشەویستییەی بیرماوە کە لەپۆلی یەکەمی ناوەندی بوو.
شۆخان وتی "هەمیشە لەگەڵ یادگارییەکانی ئەو خۆشەویستییە دەژیم، چونکە بەشێک لەهۆکارەکانی ئەو دابڕانە خۆم بووم".
کـــاروان مـحـەمـەد تـوێـژەری کـۆمـەڵایـەتـی وتـی "لەبیرنەچوونەوەی یەکەم خۆشەویستی دەگەڕێتەوە بۆ پاکیەتی ئەوکاتەی کەمرۆڤ خۆشەویستی تێدا دەکات، بەڵام دواتر کەترسی لەخۆشەویستی دەشکێت‌و لـەدووەم‌و سێیەم خۆشەویستی کاڵدەبێتەوەو بیری نامێنێت".
مەریوان عەلی توێژەری کۆمەڵایەتی پێیوایە هەموو شت لەژیانی مرۆڤدا تەنها یەکەمجار گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە مرۆڤەکان زیاتر چێژ لەیەکەم خۆشەویستیان دەبینن.
مەریوان وتی "لەبەرئەوەی مەسەلەی خۆشەویستی زیـاتـر پـەیـوەنـدی بـەدڵـەوە هـەیـەو خۆشەویستی ئاوێتەیەکە لەگەڵ دڵ‌و ڕۆحدا، بۆیە یەکەم خۆشەویست لەدڵ‌و ڕۆحدا ناسڕێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆرجار خۆشەویستیی دووەم پەرچەکرداری شکستهێنانی خۆشەویستیی یەکەمە، بۆیە کوڕەکە یـان کچەکە ئەوەندە گرنگی بەو خۆشەویستییە نادات چونکە بەرۆح خۆشی ناوێت".
ڕووخۆش کچێکی دەرچووی زانکۆیەو تەمەن ٢٥ ساڵە، بەشەرمەوە ئـەوەی درکاند کەدووجار خۆشەویستی کردووەو هەردوو جارەکەش شکتیهێناوە.
یەکەم خۆشەویستیی ڕووخـۆش لەقۆناغی ئامادەیی بوو، بڕواناکات هەرگیز بیریبچێتەوەو وتی "ئێستاش لەناو یادگارییەکانیدا دەژیـم‌و سەرجەم دیارییەکانم پاراستووەو هەرکاتێک بەتەنیا لەماڵەوە گەشتێک بەناو دیاری‌و نامەکان دەکەم‌و دەچمەوە تەمەنێک‌و ژیانێکیتر، تا بێزاردەبم دەگریم بۆ ئەو ڕۆژانە".



---

# هونەرمەندێک‌و سەرکردەیەک، خۆشەویستیی کامیان هەڵدەبژێرێت؟

## لاوان دەڵێن بێزاربوون لەسیاسەت لەهونەر نزیکیاندەکاتەوە

ئاراز محەمەد

گەنجان بێزاربوونیان لەسیاسەت‌و حەزنەکردن لەوبوارە لەخۆشەویستی ســـەرکـــردە ســیـــاســیـــەکـــان دووریاندەخاتەوە، بەڵام خۆشەویستییان بـۆ بـــواری هـونـەر، لەهونەرمەندان نزیکیاندەکاتەوە.
هەردوو بواری سیاسی‌و هونەری بەڕای زۆربەی شارەزایانی دەروونی‌و توێژەرانی کۆمەڵایەتی، زۆرترین کاریگەریان لەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتی لاوان کردووە، لاوانـی کوردستانیش دەڵێن هونەر زیاتر کاریگەری لەسەر دروستکردوون‌و لەسیاسەت دووریخستوونەتەوە.
لەکۆمەڵگای کوردیدا هـەردوو لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی کەبواری (هونەرو سیاسەت)ن، کاریگەری لەسەر ڕەفتاری لاوان هەیەو لەڕێگەی نوێنەرو وتەبێژو واعیزەکانیانەوە ئـەدای خۆیانیان کردووەو شوێنەواریان بەهەڵسوکەوتی لاوانەوە دەبینرێت.
لاوانـی کوردستان لەئێستادا دەڵێن لەخۆشەویستی بۆ سـەرکـردەیـەک‌و هونەرمەندێک بـێ دوودڵـی ئـەوەی دووەمیان هەڵدەبژێرین.
خەندە عومەر خوێندکار لەزانکۆی سلێمانی لای وابـوو گەنجان زیاتر هونەرمەندانیان کـردووە بەڕێبەر بۆ خۆیان، چونکە گەنجان بایەخ نادەن بەبواری سیاسەت‌و سەرکردەکان.
ئـەو وتـی «هـۆکـاری ئەمە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە، کەسەرکردە سیاسییەکان گرنگییان نەداوە بەلاوان وەکو چینێکی کـۆمـەڵـگـا، تـا گـەنـجـان متمانەیان پێبکەن».
ژینە کەخوێندکارێکی تـری زانکۆی سلێمانییە، بـۆچـوونـی وایـە ئـەو خـۆشـەویـسـتـیـیـەی گـەنـجـان بۆ هونەرمەندان‌و بایەخپێدانیان بەهونەر هەیانە، زیاتر دەکەوێتە سەر شانی هونەرمەندەکە خۆی.
ئەو دەڵێت کەگەنجان دوورکەوتوونەتەوە لـەسـیـاسـەت، بـۆیـە وتـی «چونکە هـونـەرمـەنـدی وا هـەیـە بـۆ خـۆی پاشکۆی بەرنامەو پڕۆگرامی حیزبێکی سیاسییەو نابێت بەجێگای متمانەی لاوان، بەڵام هونەرمەند هەیە بێلایەنی خۆی پاراستووەو لاوانیش زیاتر گرنگی پێدەدەن».
لەکوردستاندا بەهۆی ئـەو ململانیٚ سیاسییەی لەساڵانی دوای ڕاپەڕینەوە دروستبووەو تائێستاش ئەو ململانێیە لەوپەڕی توندیدایە، گەنجان بەتایبەت ئـەوانـەی بـەنـەوەی دوای ڕاپـەڕیـن ناودەبرێن، ڕقیان لەبواری سیاسەت دەبێتەوەو خۆیان لێی بەدووردەگرن، ئـەوان حـەز بەژیانێکی تەرفیهی‌و هونەری دەکەن دوور لەڕق‌و کینە.
بۆیە گەنجان دەڵێن خۆشەویستی بۆ هونەر خۆشەویستی بۆ هونەرمەند لەسەرکردەیەکی سیاسی زیاترکردووە.
عومەر عەلی کارمەندی تەلەفزیۆنە، پێیوایە ئەوانەشی سیاسییەکانیان خۆشدەوێت زیاتر بەهۆی خراپی باری ئابوورییەوەیەو وتی «ڕەنگە کەسێک بـەهـۆی خـراپـی بـاری ئـابـوورییـەوە ناچاربێت زیاتر پەنا بۆ کایەی سیاسی بەرێت، بەڵام ئەوانەی لایەنی ئابوورییان باشە، مەیلیان بەلای هونەردا زیاترە».
سـەربـەسـت ساڵحی ڕۆژنـامـەنـووس لەگەرمیان بۆچوونێکی تـری هەیەو دەڵێت ئەو گەندەڵی‌و پەراوێزخستنەی کە لەکایەی سیاسییدا هەیە، زیاتر لەبواری هونەردا گەنجان هەوڵدەدەن خـۆیـان بـدۆزنـەوەو وتـی «لـەگـەڵ ئەوەشدا کەپتی سێکسی هۆکارێکیتر بووە، بۆ ئەوەی لاوان ڕوو لەهونەرو تاموچێژەکانی بکەن، جا هەر لەبینینی وێنەی سـەر گۆڤارێکەوە بێت، یان پارچە ڤیدیۆو فیلمێکی سینەماییەوە».
سەربەست پێیوایە هونەر لەکوردستاندا لەئاستێکی پـێـشـکـەوتـوودا نییەو نەیتوانیوە ئەرکی سەرشانی خۆی بەئەنجامبگەیەنێت، بۆیە ئەوانەی سـەرکـردەکـان هـەڵـدەبـژێـرن زیاتر دەگـەڕێـتـەوە بۆ بیٚ پشکی لاوان لەکایەی سیاسیدا.
ســەلام فـەتـاح پـسـپـۆڕی سیاسی‌و دەرچووی زانستە سیاسییەکان دەڵێت، هـــەردوو بـــواری سیاسی‌و هـونـەری‌و کارەکتەرەکانیان، کاریگەرییان لەسەر گەنجان دەبـێـت، بـەڵام وتـی «ئـەو هـونـەرمـەنـدانـەی کەبەستایلی نویٚ کاردەکەن، کاریگەری نێگەتیڤیان هەیە لەسەر گەنجان».
سەلام هۆکاری دوورەپەرێزی گەنجانی لەسیاسەت بۆ ئـەوە گـەڕانـدەوە کە تائێستا سیاسییەکان نەیانتوانیوە بـەجـوانـی ڕۆڵـی خـۆیـان بگێڕن، چ لەبواری ناوخۆدا بێت یان لەدەرەوەداو وتـی «بـەبـاشـی ئـامـانـجی خـۆیـان نەپێکاوە».
تائێستا ڕێژەی بەشداریکردنی گەنج لەسیاسەت‌و پۆستەباڵاکانی حکومەتدا لەئاستی داخوازییەکانی گەنجان نییە، ئەگەرچی بەشێک لەگەنجان هەر خۆیان لەبواری سیاسەت بەدووردەگرن، بەڵام تائێستاش ڕێگریکردنی بەتەمەنەکان بۆ گەنجان لەبەشداریکردنی سیاسەتدا بەپێی پێویست نییە.
مامۆستا هونەر حەسەن دەرچووی بواری شانۆ وەکو کەسێکی ئەکادیمی لەبواری هونەردا، وتی «هیچ تاکێک لەکۆمەڵگای ئێمە دوور لەسیاسەت نییەو بەجۆرێک لەجۆرەکان پەیوەندی بەسیاسەتەوە هـەیـە. بـەڵام لایەنە هونەرییەکە زیـاتـر لـەلای گەنجان خۆشەویستترە، چونکە هونەر وەکو سیاسەت لەوڵاتی ئێمەدا نەبووەتە هۆی گەندەڵی‌و نایەکسانی».
ئـەو پێیوایە یەکێک لەهۆکارەکانی خۆشەویستی گـەنـجـان بـۆ هـونـەر، ئەوەیە گەنجان‌و هونەرمەندان خاڵی هاوبەشیان هەیە.
بەڵام ئەو وتی «سیاسەت تائێستاش توانیویەتی ڕێبەڕێکی باش بێت بۆ زۆرێک لەگەنجان».



گەنجانی دوای ڕاپەڕین گوێ بەسیاسەت نادەن

# ”یەکێتیو پارتی تەنها قۆرخکردنی دەسەڵات کۆیکردوونەتەوە“

## دکتۆر موسەنا ئەمین ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ دەستوور

سازدانی: محەمەد نەجیب

**دکتۆر موسەنا ئەمین ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی پێیوایە تا ئەندازەیەکی باش ئۆپۆزیسیۆن کارابووە، هەندێک دۆسییەی گرنگو زیندووی جوڵاندەوە، بەڵام دەڵێت شێوازی بەڕێوەچوونی ئیداریی کوردستان ئەو شەفافیەتەی کەپێویستە تیایدا نییە.**

**ئاماژە بەوەشدەکات کەهەڵدروستکردنو فشارخستنە سەر حکومەتو زانیاری باسکردنو قرەکردن لەپەرلەمان، ئامرازێکی دیموکراسین بۆ بەجێهێنانی مەبەستەکانو وتی ”ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنیش ئەوە نییە کەگوێ لەجەنابی حکومەت بگرێت تاوەکو رێگەی پێبدات داکۆکی لەمافەکانی خەڵک بکات“.**

**دەستوور:** بۆچی تائێستا لەکوردستاندا دیموکراسیو گۆڕینەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات بواری پینەدراوە؟

**د. موسەنا ئەمین:** لەبەرئەوەی لەکوردستاندا بەشێوازێکی راستەوخۆ یەکگرتنی ئەو دوو حیزبە وایکردووە، کەئەو مەسەلەیە ببێتە شتێکی موستەحیل لەم قۆناغەدا، لەو رووەوە پێمانوایە ئەو رێککەوتنە ستراتیژیەی نێوان ئەو دوو حیزبە، خزمەت بەجوڵاندنەوەو بوژاندنەوەی ژیانی سیاسیی کوردستان ناکات، بۆیە دەبێت تەواو ببێت بۆ ئەوەی نەک رێککەون لەسەر خواردنی سامانی کوردستان، بەڵکو رێککەون لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی سیاسی گەورە، ئەوان پێکەوەن کەدەسەڵات قۆرخبکەن، ئەگەرنا پرۆژەی سیاسیو فیکریو مێژوویی و دوارۆژیان یەک نییە، هەروەها پرۆژەیەکی سیاسی کۆی نەکردوونەتەوە کەبەرژەوەندی خەڵکی تێدابێت، بەڵکو تەنها پرۆژەیەکی سیاسی کۆی کردوونەتەوە کەبەرژەوەندی قۆرخکردنی دەسەڵاتی بۆ ئەو دوو حیزبە تێدایە.

**دەستوور:** لێرەدا دەبێت کاری ئۆپۆزیسیۆن چی بێت؟

**د. موسەنا ئەمین:** بەڵێ لێرە کاری ئۆپۆزیسیۆن دەبێت هەوڵدانو خەباتکردن بێت بۆ دروستکردنی فەزایەکی تەندروستی سیاسی کەگۆڕینەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات شتێکی مومکین بێت، بۆ هەموو حیزبە سیاسییەکان، ئەوانەی دەتوانن زۆرینە بەدەستبهێنن.

**دەستوور:** رای بەرێزتان لەسەر چۆنیەتی ئەدای کاری ئۆپۆزیسیۆن لەپەرلەماندا چییە؟ تێبینیو سەرنجت چییە لەسەر مامەڵەو هەڵسوکەوتی سێ قەوارە ئۆپۆزیسیۆنەکەی پەرلەمان؟

**د. موسەنا ئەمین:** پێموایە تا ئەندازەیەک ئۆپۆزیسیۆن کارابووە، هەندێک دۆسییەی گرنگو زیندووی جوڵاندەوە، بەڵام شێوازی بەڕێوەچوونی ئیداری کوردستان ئەو شەفافیەتەی کەپێویستە، تێیدا نییە، هەروەها دەسەڵاتێکی دادوەری بەهێزی تێدا نییە، بۆیە دەرئەنجام تۆ شتەکان دەوروژێنیت، بەڵام هەندێکجار دەگەنە بنبەست، لەبەرئەوە خودی وروژاندنەکەو کارکردن لەسەریان بەتایبەتی لەسەر کۆمەڵێک دۆسییەی هەستیار وەک شەفافیەتو گەندەڵیو کەموکورتی دەزگاکان، کارێکی باشەو گرنگە بۆ ئەم قۆناغە، بەڵام کاری ستراتیژیو دوورخایەن ئەوەیە کەئۆپۆزیسیۆن لەکوردستاندا فەزایەک دروستبکات کەئەمەش بەهاوکاری دەسەڵاتیش دەکرێت، هەروەها بەهاوکاری بوونی سیستمێکو فەزایەک دەکرێت کەئەم شتەی تێیدا موکین بێت، بۆیە ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن زیاتر کارابن، ئەم بارودۆخە وا دەشڵەقێنن کەبتوانن لەئاییندەدا رێکیخەنەوە بەو شێوەیەی کە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا بێت.

**دەستوور:** دەوترێت هێشتا ئەوان بەڕوونی بەرنامەو پلانی ستراتیژییان بۆ هیچ نەخستوەتەڕوو، جگە لەهەندێک شەڕ لەمیدیاو لەپەرلەمان هیچی ئەوتۆ دیار نییە؟

**د. موسەنا ئەمین:** پێموانییە ئەوە وابێت، لەبەرئەوە شەڕی میدیاش شتێکی گرنگە، بۆیە هەڵدروستکردن لەسەر مەسەلەیەک خاڵێکی گرنگە، ئەمە راستە بەهاوکاری میدیاکان ئەم کارە وا دەکات کەکۆمەڵێک مەسائیل بچنەوە شوێنی خۆیان، بۆیە نابێت بەکەم سەیری ئەو شەڕەی میدیاو ئەو هەڵاو قرەیە بکرێت کە لەپەرلەماندا یان لەمیدیاکاندا دروستدەکرێت، چونکە بەبێ بوونی ئەوە، شەفافیەتو جوڵاندن لەناو ژیانی سیاسی نابێت، خەڵکی لەئاست مەسەلەکاندا بەرچاو روون نابن، هەڵدروستکردنو فشارخستنە سەر حکومەتو زانیاری باسکردن و قرەکردن لەپەرلەماندا، ئەوانە خۆیان شتنو ئامرازێکی دیموکراسین بۆ بەجێهێنانی مەبەستەکان.

**دەستوور:** ئۆپۆزیسیۆن دەڵێت دەسەڵات رێگریان لێدەکات لەوەی کارو بەرنامەو پرۆژەی خۆیان لەپەرلەماندا تەرحبکەن، ئایا ئەوە بەسە بۆ ئەوەی بڵێن ئۆپۆزیسیۆنین؟

**د. موسەنا ئەمین:** بێگومان حکومەت نایەوێت گوێ لەئۆپۆزیسیۆن بگرێتو هەوڵیشدەدات رێگری بکات، چونکە حکومەت پلانو بەرنامەی خۆی هەیە، بەرژەوەندیەکی جیاوازی هەیە لەئۆپۆزیسیۆن، هەروەها لەبارودۆخێکی سیاسی جیاوازدایە، بەڵام ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن ئەوە نییە کەگوێ لەجەنابی حکومەت بگرێت تاوەکو رێگەی پێبدات داکۆکی لەمافەکانی خەڵک بکات، بەڵکو دەبێت بیکاتە هەڵا لەسەر مافەکانی خەڵکو سەختترین شێوازی ئاشتیانە بگرێتەبەر بۆ ئەوەی بتوانێت داخوازییەکانی خەڵک جێبەجێبکات، بۆیە هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن نابێت پەیوەست بێت بەوەی کەحکومەت رێگەی پێبدات بۆ کارکردن، لەبەر ئەوە دەبێت خۆی جێ پێی خۆی هەڵکەنێتو سەنگەری بپارێزێت.

**دەستوور:** لەم نێوەندەدا بەڕای تۆ ئۆپۆزیسیۆن چ میکانیزمێکیتر دەگرنەبەر؟ ئایا شەڕی میدیایی کافییە دوای شەڕی پەرلەمانیی لەسەر مافی خەڵک؟

**د. موسەنا ئەمین:** من هێشتا رەخنەم هەیە لەشەڕی میدیا، شەڕی میدیاش تا رادەیەک ئۆپۆزیسیۆن نایکات، بەڵکو هەندێک رۆژنامەنووسی بەویژدانو ئازا دەیکەن، کەهەندێکجار خوێنی خۆیان دەکەنە کاسەوە، ئەوەی ئەوان دەیکەن ئۆپۆزیسیۆن لەناو پەرلەمان ئەو کارەی ئەنجامنەداوە، هەرچەندە تەواوکارییەک هەیە لەنێوان میدیاو پەرلەمانتاران، چونکە هەندێکجار زانیارییەک رۆژنامەنووسێک دەستیدەکەوێت لەبوارێکدا پەرلەمانتارێک زۆرجار مومکین نییە دەستیبکەوێت، بەڵام ئەوەی کەپێویستە پەرلەمانتارانی ئۆپۆزیسیۆن بیکەن جگە لەشەڕی میدیا، دەتوانن بایکۆتی هەندێک لەدانیشتنەکان بکەن یان لێپێچینەوە لەگەڵ سەرۆکی پەرلەماندا بکەن کاتێک لەلائیحە دەردەچێت، یا دەتوانن ناڕەزایی دەربڕنو لەمەلەفەکانی وەزیرەکان بپێچنەوە، یان داوای کێشانەوەی متمانە بکەن لەوەزیرێک لەکاتێکدا کەتێوەدەگلێت لەگەندەڵیدا، بۆیە هەموو ئەمانە شێوازی یاسای ناو پەرلەمانن، بۆ ئەوەی کەحکومەت ببرێتە ژێر پرسیاری جدیەوە، فشار بخرێتە سەری.

**دەستوور:** دەوترێت ئۆپۆزیسیۆن دووچاری قەیرانێک هاتوون لەشێوازی کارکردنو مامەڵەیاندا، بەجۆرێک ئێستا دەسەڵات بەو شێوەیە پەرلەمان ئاراستەدەکات کەخۆی دەیەوێت، ئایا لێردا ئیشی ئۆپۆزیسیۆن چی بەسەردێت؟

**د. موسەنا ئەمین:** من پێم وا نییە ئۆپۆزیسیۆن تووشی قەیران بووبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئۆپۆزیسیۆن خزمەتی باشی کردەوە بەحکومەت، وەکو ئەو دامەزراوەیە کەخزمەتی خەڵک دەکات، نەک وەک حیزبی دەسەڵات، بۆیە تارادەیەک وایکردەوە کەدەسەڵات بکەوێتەوە خۆی لەئەنجامدانی کارەکانی، بۆیە دەسەڵات دەبێت بەنرخاندنەوە تەماشای رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن بکات، چونکە ئۆپۆزیسیۆن لەرۆڵی خۆیدایەو دەسەڵاتیش بەهەمان شێوە رۆڵی خۆی جێبەجێدەکات. چونکە خەڵک چەند رێز لەحکومەت دەگرێت، بەهەمان شێوەش رێز لەئۆپۆزیسیۆن دەگرێت، بۆیە کورسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەجەماوەرێکی زۆر چاوەڕوانی هەیە لێیان، چونکە بەرپرسیارەتی خستووەتە ئەستۆیان، بۆیە ئەمانە لەرووی ئەخلاقەوە دەبێت وەفاداربن بەرانبەر ئەو بەرپرسیارێتییە، لەرووی سیاسییەوە دەبێت سەرکەوتوو بن لەجێبەجێکردنی ئەو بەرپرسیارەیەتییە، بۆیە دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆن تەواوکەری یەکترینو بەیەکەوە جوانن.

**دەستوور:** هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان سێ قەوارە ئۆپۆزیسیۆنەکەدا بەدیناکرێت لەرووی روانگەو دیدیان بۆ بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایا ئەمە پەیوەندی بەلاوازی ئۆپۆزیسیۆنەوە هەیە، یان دەیانەوێت یەک بۆچوونیان بۆ مەسەلەکان هەبێت؟

**د. موسەنا ئەمین:** ئۆپۆزیسیۆن مەسەلەکانیان هاوبەشن کەبریتین لەبەرگریکردن لەمافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان، ئەمە کاری ئۆپۆزیسیۆنە، ئەم کارەش کارێکی هاوبەشە لەنێوان حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆندا، ئەمە وایکردووە دەنگەکانیان یەکبن، چونکە ئێمە کۆمەڵێک دۆسییەی هەرە سەرەتایمان هەیە کە لەئەلفوبێی دیموکراسیدایە هێشتا لەکوردستاندا جێگیر نەبووە، ئیتر لەسەر چ بنەمایەک ئۆپۆزیسیۆن دابەشبن بۆ چەند رایەک، بۆیە دەبێت ئۆپۆزیسیۆن لەسەر ئەو دۆسیانە یەک دەنگبن، لەبەر ئەوە ئێمە هێشتا نەچوینەتە ئاستی ئەوەی کەگوزارشت لەئایدۆلۆژیاو پرۆژەیەکی جیاواز بکات.

**دەستوور:** بەڵام جەماوەر تێڕوانینان بۆ سێ قەوارەکە بەمجۆرەیە، گۆڕان ئۆپۆزیسیۆنێکی تورەیە، یەکگرتوو بەمیانڕەو و بەکۆمەڵیش دەوترێت بەباش دەڵێن باشو بەخراپ دەڵێن خراپ، ئەم سێ شێوازەی ئۆپۆزیسیۆن لەکارکردنیاندا بوار بۆ دەسەڵات ناهێڵێتەوە بەئارەزووی خۆی پەرلەمان ئاراستەبکات؟ چونکە ئۆپۆزیسیۆن دابەشبوون؟

**د. موسەنا ئەمین:** پێم وانییە ئۆپۆزیسیۆن تائێستا لەشتێکی جەوهەریو سەرەکیدا دابەشبووبێت، بەم شێوەیە، بەڵام شێوازی دەربڕین لەشتەکان هەندێکجار موزایەدەو چەواشەکاری پێوەدیارە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کەرابەری ئۆپۆزیسیۆنە، توندترین پێگەی ئۆپۆزیسیۆنی هەیە، هەندێکجار ئەو حیزبە لەبابەتگیریو روانگەیەکی ترەوەو پێگەیەکی جیاوازەوە بۆ ئەو مەسەلەیە قسەدەکات، هەندێکجار بۆچوونی یەکێک لەئەندامانی ئەو فراکسیۆنەیە وا دەکات سیمای گشتیو شێوازی حیزبەکە دەشێوێنێت، بۆیە مەرج نییە گوزارشت لەرای گشتی ئەندامانی ئەو فراکسیۆنە بکات لەناو پەرلەماندا، شێوازی دەستبردنی هەر حیزبێک بۆ دۆسییەیەک وەکو ئۆپۆزیسیۆن گوزارشت لەکلتوورو پێگەی سیاسی ئەو حیزبە دەکات، دەکرێت بوترێت بۆ فشاردروستکردن دەنگهەڵبڕینو تا ئەندازەیەک جیاوازە لەناوپەرلەماندا، بۆیە مەرجیش نییە ئەو حیزبەی کەدەنگی هەڵبڕیوەو هەڵای ناوەتەوە ئەو ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێزبێت، هەرچەندە ئەو تێڕوانینە لەناو جەماوەر بەو شێوەیە دروستدەبێت، چونکە هەندێکجار ئەو دۆسییانەی کە لەناو پەرلەماندا باسدەکرێن ریشەیەکی تری لەدەرەوەی پەرلەمان هەیە، کەپەیوەندی بەکۆی ژیانی سیاسی کوردستانەوە هەیە، کە لەدەرەوەی روالەتەکانی ئەو مەسەلەیەی کەدەخرێتە بەر میدیاکان.

**دەستوور:** زۆرجار رەخنەی ئەوە لەیەکگرتوو و کۆمەڵ دەگیرێت تا گۆڕان نەیەتە قسە لەسەر مەسەلەکان ئەوان بێدەنگدەبن، یانی هەموو ئەو بابەتانەی کەهێنراونەتە بەر باسو بووەتە هەڵا گۆڕان کردوویەتی، ئەمە بەڕای بەڕێزتان پەیوەندی بەچییەوە هەیە؟

**د. موسەنا ئەمین:** ئەو بیرۆکەیە راست نییە کەدەوترێت یەکگرتوو و کۆمەڵ بوونەتە پاشکۆی گۆڕان، هەر لەیەکەم رۆژی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمانەوە ئێمە وتمان باسەرۆکی پەرلەمان رکابەرێکی هەبێت، بەڵام برایانی گۆڕان رازی نەبوون، بۆیە هەر لەو رۆژەوە ئێمە هەڵوێستمان جیاوازە لەبرایانی گۆڕان، رازیش نابین کەپاشکۆی کەس بین، بەڵام لەرووی ئەخلاقیەوە رێگە بەخۆمان نادەین کەقەزیەیەک عەدالەتو حەق بێت بەرگری لێنەکەین، ئەمە ئەخلاقیاتی سیاسیو جۆری بیرکردنەوەیە، بەڵام برادەرانی گۆڕان ژمارەی دەنگیانو ئەزموونی پێشوویان لەگەڵ حکومەتی هەرێمو کەینو بەینەکان باشتر لەئێمە دەزانن، چونکە سەردەمێک هەبووە شەریکی ئەم بارودۆخە گەندەڵە بوون لەکوردستان، بۆیە لەئێمە باشتر دەزانن ئەم کەینەو بینە چۆن بەڕێوەدەچێت، ئەوان هەندێک زانیاریو داتاو خەڵکیان هەیە لەنێو حیزبەکانی تردا، بەڵام ئێمە خەتمائیلمان لەناو حیزبی تردا نییە، بۆیە زانیاری باشتری دەستدەکەوێتو لەشتەکان زیاتر بەرچاو رۆشنە، رەنگە هەندێکجار دەستپێشخەری بکات، بۆیە ئەگەر ئێمە زانیمان ئەو دەستپێشخەریەی گۆڕان شتێکی جوانە لەگەڵی دەبین، ئەگەر زانیمان ئەوەنییە لەگەڵی نابین، بۆیە نابێت گرفتی ئۆپۆزیسیۆن ئەوە بێت کەکێ رابەری ئۆپۆزیسیۆنە، هەروەها نابێت ببێتە دەزگایەکی ناوزڕاندن، بۆیە ئەگەر حکومەت شتی جوانیکرد، ئەوا پێویستە پێی بڵێیت دەستتخۆش بێت، لەبەر ئەوە کاری ئۆپۆزیسیۆن بریتیە لەباشکردنی ژیانی خەڵک، نەک کاری ناوزڕاندنو شەڕفرۆشتن بەحکومەت بەحەقو بەناحەق، بۆیە بەشێوازی تایبەتی خۆمان ئۆپۆزیسیۆن دەکەین.



> شەڕی میدیا شتێکی گرنگە، بۆیە هەڵدروستکردن لەسەر مەسەلەیەک خاڵێکی گرنگە

> شەڕی میدیا تا رادەیەک ئۆپۆزیسیۆن نایکات، بەڵکو هەندێک رۆژنامەنووسی بەویژدانو ئازا دەیکەن کەهەندێکجار خوێنی خۆیان دەکەنە کاسەوە

> گۆڕان سەردەمێک شەریکی ئەم بارودۆخە گەندەڵە بوون، بۆیە لەئێمە باشتر زانیاریو داتاو خەڵکیان هەیە لەنێو حیزبەکانی تردا، بەڵام ئێمە خەتمائیلمان لەناو حیزبی تردا نییە

### بەکورتی

**د. موسەنا ئەمین قادر**

**لەساڵی ١٩٧٠دا لەهەڵەبجە لەدایکبووە.**

**ماستەرو دکتۆرا لەعەقیدەو فەلسەفەی ئیسلامی.**

**دبلۆمی باڵاو ماستەر لەزانستە سیاسییەکان.**

**ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیو مامۆستای زانکۆی سلێمانی.**

**پسپۆڕ لەسەنتەری نێودەوڵەتی میانڕەویو بەرپرسی لقی کوردستانی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان.**

# "ئەگەری هێرشێکی ئاسمانی دوو رۆژە بۆ سەر ئێران بەهێزە"

## جان بۆڵتۆن نوێنەری پێشووی ئەمریکا لەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ کەناڵی عەرەبی "روسیا الیوم"

هیوای سەلیمی

**جان بۆڵتۆن نوێنەری پێشووی ئەمریکا لەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دەڵێت حکومەتەکەی ئۆباما گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کەئێران تەنها یەک ساڵی پێویستە بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی، بۆیە ئەو پێشبینیدەکات ئەمریکا هێرشێکی ئاسمانی دوو رۆژە بۆسەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران بکات.**

**پرسیار:** رای ئێوە سەبارەت بەدەستبەکاربوونی وێستگەی ئەتۆمیی بوشەهر چییە؟

**جان بۆڵتۆن:** دەستبەکاربوونی وێستگەی ئەتۆمیی بوشەهر سەرکەوتنێکی گەورە بۆ ئێران لەئاراستەی دەسڕاگەیشتن بەبۆمبی ئەتۆمییە. لەبەرئەوەی کەئەگەری ئەوە لەئارادایە کەوێستگەی ئەتۆمی بوشەهر لەبەرنامەی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیدا رۆڵبگێڕێ. پێدەچێ پلۆتۆنیۆم بەجێماو لەسووتەمەنی بەکارهاتوو لەدروستکردنی چەکی ئەتۆمیدا بەکاربێ، یان ئێران پیتاندنی یۆرانیۆم بەرادەی پێویستی بۆمبێک بەرهەمبێنێ، بەتایبەت دوای ئەوەی کەئێران رایگەیاند دەیەوێ ١٢ تا ٢٠ وێستگەی نوێ دروستبکات.

**پرسیار:** دەستبەکاربوونی وێستگەی ئەتۆمیی بوشەهر لەپانتایی نێودەوڵەتی چ ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە؟

**جان بۆڵتۆن:** دەستبەکاربوونی وێستگەی ئەتۆمیی بوشەهر، ئێران وەک وڵاتێکی خاوەن ئەتۆم بەهێزدەکاو دەسڕاگەیشتنی ئێران بەچەکی ئەتۆمی ئاساندەکات و توانا ئەتۆمییەکانی ئێران رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی وێرانی دەکات.

**پرسیار:** بەڵام ئێران وتوویەتی کەبەرنامە ئەتۆمییەکەی ئاشتیخوازانەیە؟

**جان بۆڵتۆن:** ئێران قسەی وادەکاو زۆرکەسی دیکەش هاوشێوەی ئێران لەمبارەوە قسەدەکەن. بەڵام ئێران بەدرێژایی ٢٠ ساڵی رابردوو و بەشێوەیەکی بەردەوام درۆی لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی کردووەو زانیارییەکانی لەم رێکخراوە شاردووەتەوە، تەنانەت چەندین بینای بەمەبەستی شاردنەوەی شوێنەوارەکانی چەکی ئەتۆمی رووخاند. ئێران تا ئەم ساتەش زانیارییەکانی لەئاژانس دەشارێتەوە، هەر بۆیە ئێران جێگەی بڕوا نییە.

**پرسیار:** ئێران رایگەیاندووە کەسەرجەمی بڕیارەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی جێبەجێکردووە. بەرای ئێوە روانینی دراوسێکانی ئێران بۆ مەسەلەی دەستبەکاربوونی وێستگەی بوشەهر چۆن دەبێ؟

**جان بۆڵتۆن:** ئێران بەشێوەی پێویست هاوکاری ئاژانسی نەکردو ئەمە بابەتێکە کەسەرۆکی پێشووی ئاژانسیش قسەی لەسەرکرد، رایگەیاند کە لەو بڕوایەدایە کەئێران کەمتر لەساڵێک چەکی ئەتۆمی بەرهەمدێنێ. ئەم وادەیە لەپێشبینییەکانی حکومەتی ئێستای ئەمریکا کەمترە.

**پرسیار:** سەرەرای ئابڵوقەکان؟

**جان بۆڵتۆن:** بەڵێ، لەبەرئەوەی کەئابڵوقەکان کاریگەرییان نییە. وڵاتانێکی وەک روسیاو چینو فەنزەوێلا بەئابڵوقەکانی ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا پابەندنینو تەنیا وەڵامدەرەوەی ئابڵوقەکانی ئەنجومەنی ئاسایشن. ئەم وڵاتانە پێوەندییەکی ئابووری باشیان لەگەڵ ئێراندا هەیە. هەر بۆیە راموایە کەدەستبەکاربوونی وێستگەی ئەتۆمیی بوشەهر بەو مانایە دێت کەئێران توانی کارێک بکا کەسەدام حسێنو سوریا نەیانتوانی. ئێرانێک کەبڕیاری لەناوبردنی ئیسرائیلی داوەو دوژمنی وڵاتانی عەرەبیشە.

**پرسیار:** ئێران هەست بەمەترسی دەکات لەبەرئەوەی کەسوپای ئەمریکا لەنزیک سنوورەکانی ئێراندا جێگیربوون؟

**جان بۆڵتۆن:** حکومەتی ئێران دەبێ کڕنۆشبەرێتو سوپاسی ئەمریکا بکا بۆ ئەوەی کەکۆتایی بەدوو دەسەڵات هێنا کەهەردووکیان هەڕەشەبوون بۆسەر ئێران، یانی تاڵیبان لەئەفغانستانو سەدام لەعێراق.

**پرسیار:** پێتوایە یارمەتی رووسیا بۆ دەستبەکاربوونی بوشەهر بتوانێ ترسی وڵاتانی ناوچەکە بڕەوێنێتەوە؟

**جان بۆڵتۆن:** بەهیچ شێوەیەک باوەڕم بەمە نییە. ئەگەر لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە قسە بکەی، بۆت ئاشکرادەبێ کە بەرادەی ئیسرائیل لەبەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران دەترسن. بوونی چینو رووسیا ئەم ترسە ناڕەوێنێتەوە.



> دەستبەکاربوونی وێستگەی ئەتۆمیی بوشەهر بەو مانایە دێت کەئێران توانی کارێک بکا کەسەدام حسێنو سوریا نەیانتوانی

> خودی حکومەتی ئۆباماش دانبەوەدادەنێت کەئێران بۆ دەسڕاگەیشتن بەچەکی ئەتۆمی تەنیا ساڵێکی پێویستە

**پرسیار:** بەڵام روسیا یارمەتی ئێران بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی ناکاتو وێستگەی بوشەهریش مەترسیدار نییە؟

**جان بۆڵتۆن:** جیاوازی نێوان کەڵکوەرگرتنی ئاشتیخوازانەو سەربازی لەوزەی ئەتۆمیدا هێڵێکی زۆر ناسکە. لەوبڕوایەدام کەروسیا هەستی بەمەترسییەکانی وێستگەی بوشەهر کردبوو، هەر بۆیە بۆ ساڵانێکی زۆر دەستبەرداری ببوو. روسیا لەبەرئەوە دەستی بۆ ئەم کارە برد تا لە ٢٠ وێستگەکەی داهاتووشدا قازانجبکات. لەپاڵنەرە ئابوورییەکانی رووسیا تێدەگەمو زیاتر لەملیارێک دۆلار بۆ هەریەک لەم وێستگانە مانادارە. بڕوابەخۆبوونو زانیاری زیاتر لەبەرهەمهێنانی سووتەمەنی ئەتۆمی تواناکانی ئێران بەهێزدەکاتو ئەم مەسەلەیە بۆ روسیاشو بۆ هەموو وڵاتانی جیهان مەترسیدارە.

**پرسیار:** ئێران لەدوای وێستگەی بوشەهر چی دەکات؟

**جان بۆڵتۆن:** لەو بڕوایەدام کەئێران بەرادەیەکی زۆر لەبەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی نزیکبووەتەوە. پیتاندنی بەردەوامی یۆرانیۆمو بەرهەمهێنانی سووتەمەنی ئەتۆمی بووەتە هۆکاری توانایی ئێران لەبواری ئەتۆمیو ئەمەش زۆر مەترسیدارە.

**پرسیار:** سارکوزی سەرۆک کۆماری فەڕەنسا رایگەیاند کەئەگەر ئێران پابەندی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان بێ، لەدەستبەکاربوونی بوشەهر پشتیوانی دەکات. رای ئێوە لەمبارەوە چییە؟

**جان بۆڵتۆن:** ئێوە دەڵێن کەحکومەتەکەی بۆشو ئۆباما هەردووکیان تووشی هەڵەبوون. تائەو کاتەی ئێران پابەندی بڕیارەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی بێ، هیچ نارەزاییەک بوونی نییە. بەڵام من لەداهاتوو نیگەرانم، لەو کاتەی کەئێران پشکێنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم لەبوشەهر دەربکاتو سووتەمەنی ئەتۆمیو پلۆتۆنیۆم بەرهەمبێنێو ٤٠ تا ٦٠ بۆمبی ئەتۆمی دروستبکات.

بەڵگەی ئەم راستییە پێشبینییەکانی وەزارەتی وزەی ئەمریکایەو وەهم نییە. ئەمە هەموو رووداوەکە نییە، هەروەک ئەوەی کەکۆریای باکوور ئەنجامیداو پشکێنەرانی ئاژانسی دەرکرد. ئەگەر هاوکارییەکانی ئێرانو کۆریا لەدروستکردنی مووشەکەکان ببینین، کەواتە بەردەمی ئێران بۆ ئەم مەبەستە کراوەیە. ئەمە مەترسیدارە کەئەو وڵاتانەی کەبیانەوێ ببنە هێزێکی ئەتۆمی لەرێککەوتننامەی رێگەگرتن لەبڵاوبوونەوەی چەکە ئەتۆمییەکان کەڵکی خراپ وەربگرن. دەستبەکاربوونی بوشەهرو هەوڵدان بۆ دروستکردنی ٢٠ وێستگەی دیکە رێگەی ئێران دەکاتەوە، بەشێوەیەک کەپێشووتر سەدامو بەشار ئەسەد نەیانتوانی بەم ئاواتە بگەن.

**پرسیار:** باشترین رێگە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە چییە؟

**جان بۆڵتۆن:** لەو بڕوایەدام کەتەنیا رێگە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەناوبردنی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێرانو گۆڕینی حکومەتی ئێرانە. ئەمە تەنیا رێگە چارەی درێژماوەیە. نازانم ئەم شتە روودەدا یان نا. لەو بڕوایەدام کەئەنجامی ئەم رەوتە کەزۆر مەترسیدارە ئێران لەچەکی ئەتۆمی نزیکدەکاتەوە.

**پرسیار:** ئێوە پێشنیازی هێرشی سەربازی بۆسەر ئێران دەکەن؟

**جان بۆڵتۆن:** بەڵێ، لەم بارودۆخەدا تەنانەت خودی حکومەتی ئۆباماش دانبەوەدادەنێت کەئێران بۆ دەسڕاگەیشتن بەچەکی ئەتۆمی تەنیا ساڵێکی پێویستە، بەڵام ئەگەر هاوکارییەکانی ئێرانو کۆریای باکوور لەبەرچاوبگرین، کاتێکی کەمتریشی دەوێ. سەبارەت بەئەنجامەکانی ئەم هێرشە سەربازییە دەبێ بڵێم کەئەگەر ئیسرائیل هێرشبکاتە سەر ئێران، ئێران حیزبوڵڵا بۆ جەنگی ئیسرائیل دەنێرێ. بەم هۆکارە سادەیە ئیسرائیل هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێرانی پێ باش نییە. بەڵام دەبێ بزانین کەئەمە تەنیا لایەنێکی مەسەلەکەیە، سەبارەت بەکاردانەوەی وڵاتە عەرەبییەکانیش پێویستە بوترێ کەئەوان بەئاشکرا دژایەتی دەکەن، بەڵام لەژێرەوە هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێرانیان پێ باشە.

**پرسیار:** ئێوە سەبارەت بەحکومەتەکان قسەتان کرد، بەڵام کاردانەوەی خەڵک چی دەبێ؟

**جان بۆڵتۆن:** سەرنجتان بۆ ئەوە رادەکێشم کەهێرشی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی سوریا، بێدەنگی وڵاتانی عەرەبی لێکەوتەوە. لەبەرئەوەی کەوڵاتانی عەرەبی بەباشی دەیانزانی کەدامەزراوە ئەتۆمییەکانی سوریا بەرنامەیەکی هاوبەشی ئێرانو سوریا بوو. وڵاتانی عەرەبی نایانەوێ ئێرانیش وەک سوریا دەستی بەچەکی ئەتۆمی بگات. ئەگەر ئیسرائیل هێرشبکاتە سەر ئێران، ئەم هێرشە بەرەوڕووی دژایەتی وڵاتانی عەرەبی دەبێتەوە، بەڵام بەکردەوە هیچ ناکەن، لەبەرئەوەی کەئەوان ئێرانێکی ئەتۆمی تەحەمول ناکەن.

**پرسیار:** هێرش بۆ سەر سوریا جیاواز بوو، لەبەرئەوەی کەجەنگی لێنەکەوتەوە، بەڵام ئێران هەڕەشەدەکات کەشەڕێکی بەربڵاو لەناوچەکەدا دەنێتەوە؟


**جان بۆڵتۆن:** حکومەتی ئێران حکومەتێکی ناعەقڵانییەو کاردانەوەکانی ئاشکرانین، بەڵام لەوبڕوایەدام کەئەوان کاردانەوەیەکی وانیشان نادەن کەراستەوخۆ بەرەوڕووی ئەمریکا ببنەوە، لەبەرئەوەی کەئێران نیگەرانی هاتنی ئەمریکا بەشێوەیەکی بەربڵاو بۆ کەنداوە، هەروەها لەداهاتووی دەسەڵاتەکەشیان دەترسن. ئەنجامی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران هێرشکردن بۆ سەر ئیسرائیلەو ئەمەش بابەتێکی گرنگە بۆ حکومەتی ئیسرائیل.

**پرسیار:** ئەنجامە ئابوورییەکانی ئەم جەنگە چۆن لێکدەدەیتەوە؟ ئەگەر ئێران هورمز ببەستێ نرخی نەوت لەهەشتا دۆلارەوە دەبێتە ٤٠٠ یا ٥٠٠ دۆلار؟

**جان بۆڵتۆن:** خۆری بەیانی ئەو رۆژە هەڵنایەت کەئێران هورمز ببەستێ، ئەگەر ئەم کارەش بکا لە ٢ یا ٣ رۆژدا هێزی دەریاییو ئاسمانی ئێران لەناودەچێ. ئەگەر ئێران ئەو کارە بکا، دەبێ ئەنجامەکانیشی قبوڵ بکا، بۆ نمونە بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتانی عەرەبی زیاددەکاو بازاڕە نێودەوڵەتییەکان نەوتی خۆیان لەرێگەی وڵاتانی عەرەبییەوە دابیندەکەن. هیچ کەس خوازیاری جەنگ نییە، بەڵام هیچ کەسیش نایەوێ ئێران چەکی ئەتۆمی هەبێ.

**پرسیار:** لەئەگەری هاتنەئارای جەنگێکی لەو شێوە، ئاڵوگۆڕی هێز لەهاوکێشە سیاسییەکان دەبینن؟

**جان بۆڵتۆن:** دەمەوێ شەفاف بم، لەو بڕوایەدام کەجەنگ روونادات، بەڵام تەنیا یەک هێرشی سەربازی دەبێ کەپێدەچێ ئاسمانی بێ، دوو رۆژی پێدەچێ تا دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران لەناوبچن. گۆڕانی هێز لەناوچەکە ئەو کاتەیە کەئێران بۆمبی ئەتۆم بەرهەمبێنێ، وڵاتانی سعودییەو میسرو تورکیاش بەم ئاراستەدا بڕۆن. لەماوەیەکی کورتی ٥ تا ١٠ ساڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکمان دەبێ کەچەندان وڵات بۆمبی ئەتۆمییان دەبێتو ئەم بارودۆخە زۆر مەترسیدار دەبێ.









www.arsivakurd.org

# مەنیپلەیشنی دەسەڵاتدارانی کورد



ئاری ئەبوبەکر

Manipulation لەکورتترین پێناسەیدا بەواتای داپۆشینی کردارێک بەکردارێکی ترو خۆگێلکردن لەهۆو ئاراستە بنەڕەتییەکەو ڕێگاچارەی، بەپێچەوانەوە بەکردارێکیترو لەرێگەیەکی ترەوە ئاراستەی کرداری یەکەم بەتولەڕێدا دەبرێت.

زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێین دەسەڵاتی کوردی بەپێی تەمەنی خۆی، یەکێکە لەو دەسەڵاتە دەگمەنانەی دونیا کەخاوەنی بەکارهێنانی زۆرترین مەنیپلەیشنی سیاسییە، تائێستاو لەتەمەنی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە خۆماڵییەی کورددا، کەمترین جار ڕێککەوتووە، کەدەسەڵاتدارانی هەرێم (بەهەردوو سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتەوە) کەبابەتییانە لەکێشەکان بڕوانن و هەوڵی چارەسەرێکی بنەڕەتی بدەن، بەپێچەوانەوە لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەیەک، لەگەڵ هەر کێشەو گرفتێک، لەگەڵ پێشهاتی هەر ئەگەرێک، دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان هۆکارو چارەسەری کێشەکانی بەئاوەژوو وەڵامداوەتەوە، بەجۆرێک کەمەنیپلەیشن لەلای دەسەڵاتی کوردی بووەتە فەلسەفەیەک بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکو دونیای دەرەوە.

باسی میدیای ئازاد بکرێت، دەسەڵاتی کوردی بەدەستی دەرەکیو موخابەراتی وڵاتان وەڵامدەداتەوە، ڕێپێوان دژی تیرۆری ڕۆژنامەنووسان سازبکرێت، دەسەڵات بەدەستێکی دەزانێت بۆ شێواندنی ئارامی کوردستانو لایەنە سیاسییەکانی هاوخەباتی خۆی پێ تاوانباردەکات، پێیان بوترێت دەستوور تێمەپەڕێنن لەدیکتاتۆرێک ڕزگارمانبووە با کەسیتر نەبێتە دیکتاتۆر بەسەرمانەوە، دەسەڵاتو سەرۆکی هەرێم وتەنی نا بۆ دەستوور بە "چقڵی چاو" وەڵامدەدەنەوە.

باسی پرۆژەو یاسایان لەگەڵ بکەیت، بەموزایەدەی سیاسی لایەنێک یان چەند لایەنێک وەڵامدەدەنەوە، قسە لەسەر گەندەڵی بکرێت یان باسی بێدادی هاووڵاتیان بکرێت، بەپرۆژە ئیفلیجەکان وەڵامدەدەنەوە. دیارە ئەم جارەو لەتازەترینیان کەمەسەلەی ئاشکرابوونی فرۆشتنی نەوتە بەرەشو قاچاخ، دەسەڵاتی سیاسی وەک پیشەی هەمیشەیی و لەمەنیپلەیشنێکی تازەو لەسەر شێوازی ساڵانی پێشووی، بەهەمان شێوە، ئاشکرابوونو قسەکردن لە بەقاچاخبردنی نەوتی کوردستان بۆ ئێران لەلایەن چەند حیزبێکەوە، بەدەستێک دەزانن کەدەیەوێت سومعەی هەرێم بشکێنێتو بەشیواندنی سومعەی هەرێمو گەورەکردنی کێشەکە زیاد لەقەبارەی خۆی ناوزەنددەکات، یان لەبەرانبەر وەزیری نەوتی عێراقی، لێدوانی نەتەوەیی ڕووکەشو سۆزئامێزانە دەدەن بەوەی کەوەزیری نەوتی عێراق دژی نەتەوەی کوردە، کەدێتە سەر مافەکانی کوردو چارەنووسی ناوچە ناکۆکەکانی وەک کەرکوکو خانەقینو هتد، ئەوا بێدەنگی هەڵدەبژێرنو دەبێژن هەرئەوەندەمان لەدەستدێت.

ئایا ناکرێت لەبری وتاری سۆزئامێزو نەتەوەیی و قسە لەسەر گەورەکردنی کێشەکەو قاچاخچێتیکردن بەنەوتەوە، لەبری بەلاڕێدابردنی ئەسڵی مەسەلەکە، کەفرۆشتنی نەوتە بەقاچاخ، حکومەتی هەرێم بیر لەوە بکاتەوە کەرێگە لەفرۆشتنی قاچاخی نەوت بگرێت؟

پێم وایە زۆر بەئاسانی دەکرێت کەهۆکارو چارەسەر بۆ کێشەی فرۆشتنی قاچاخی نەوت بدۆزرێتەوە، ئەگەر کەمێک لەخۆبوردیی گیرفان ئامادەبێت، بەڵام بەداخەوە بەهەڵوێستەکانی دەسەڵاتدارانی هەرێمدا وا دیارە، ئامەدەن هەموو شتێک بکەن لەپێناوی گیرفانو دەسەڵاتدا، ئەگەر نا هەر زوو خۆیان لەو لێدوانی بەتولەڕێدابردن دەپاراستو دەکەوتنە خۆ بۆ ڕێگەگرتن لەقاچاخچییەکانی نەوتو سازشنەکردن لەسەر مافە نەتەوایەتییەکانی کوردو ناوچەکانی مادەی ١٤٠.

Arei1976@hotmail.com

# کاریگەرییەکانی کشانەوەی هێزەکانی سوپای ئەمریکا لەسەر تورکیا

ئا: محەمەد عەلی کەمال

دوای ئەوەی باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا وەک بردنەسەری ئەو بەڵێنەی کە لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی وڵاتەکەیدا دابووی‌و پێش دوو هەفتە لەو وادەیەی بۆی دیاریکرابوو، ژمارەی هێزەکانی سوپای وڵاتەکەی بۆ کەمتر لە ٥٠ هەزار سەرباز لەخاکی عێراقدا دابەزاندو سەربازەکانی کشاندەوە، ئەم پرۆسەیە کاریگەری لەسەر هەریەک لەوڵاتانی ناوچەکەو دراوسێکانی عێراق دەبێت بەتایبەت ئەوانەی سنوورێکی زۆریان لەگەڵ ئەم وڵاتەدا هەیەو بەتایبەتیتریش وڵاتی تورکیا کەهاوپەیمانی ئەمریکایە.

لەو چوارچێوەیەشدا تورکیا پارێزگاری بەرانبەر هەندێ خاڵو بابەت هەیە کەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی ئەو وڵاتەدا هەیە. لەهەموویشی گرنگتر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەواتای نەمانی ئەو مەرجەعە دێت کەهەموو کاتو بۆ هەر کێشەیەک تورکیا بیویستایە دەگەڕایەوە لای‌و لەپلەی یەکدا بوو، بەڵام بەکشانەوەی هێزە شەڕکەرەکان لەکۆتایی مانگی ئابداو کشانەوەی تەواوی هێزە ئەمریکییەکان لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١دا تورکیا ئەم مەرجەعەی نامێنێت. لەدوای ئەوەش وەک لەوتاری مامۆستایەکی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی (١٨ی مارتی چەناککالە)ی تورکیدا هاتووە، پێکدادانی توندو بەردەوامی پێکهاتەکانی عێراق و دروستنەبوونی حکومەتێکی هاوبەش، ئەگەرەکانی ئەم پێکدادانانە بەهێزتردەکات. هەروەک بەپێی لێکۆڵینەوەکە ئەو ئالۆزییەی لەنێو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی عێراقدا هەیەو حساباتی سیاسی هەر لایەنێکی دیاریکراو و دابەشبوونی دیمۆگرافی ئەو وڵاتە خەمەکانی تورکیا سەبارەت بەداهاتووی عێراق زیاترو زیاتر دەکات. ڕەخنەیەکی دیکەش کەئەو باسی لێوەدەکاتو لەئیدارەی ئۆباما گیراوە بریتییە لەنەبوونی پلانێک بۆ دوای کشانەوەی هێزەکانیان لەساڵی ٢٠١١دا سەبارەت بەعێراق. چونکە بەبڕوای ئەوان هەرچەندە ئامانجی ئەو سەربازانە ڕوونە کە لەکۆتایی ئەو ساڵەدا دەکشێنەوە، بەڵام بارودۆخی ئەو ناوچانەی ئەو سەربازانە جێی دەهێڵن هێشتا نادیارەو نازانرێ چی لێدێ. لەبەر ئەوەی ئەوان پێیانوایە پەیوەندیی هەریەک لەهەرێمی کوردی باکووری عێراقو تورکمانەکانو گروپە شیعەکان بەئێرانەوە لەلایەکو کاریگەرییەکانی سوریاو لوبنان لەسەر کاروبارەکانی نێوخۆی عێراقو لەلایەکی ترەوەو پەیوەندی پاکستان بەقاعیدەو گروپەکانی دیکەوە ڕێگە نادات عێراق بەیەکگرتوویی‌و یەکپارچەیی بمێنێتەوە.

ئەو شارەزایە باس لەوەدەکات بەمەبەستی جێگیرکردنی بارودۆخی عێراقو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بۆ ڕێگەگرتن لەڕوودانی پێکدادان، سەرەتاکانیان بۆ چەندین ساڵ بەر لەئێستا دەگەڕێتەوەو هەروەک چەند دامەزراوەیەکی ئەمریکیش ئاماژەیان بۆ کردووە، پێویستە مۆدێلێکی نوێ لەهاریکاریی گشتگیر لەنێوان عێراقو وڵاتانی ناوچەکەدا بهێنرێتە ئاراو کاری بۆ بکرێت. ئەو مامۆستایەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەتورکیا سەبارەت بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق وتەیەکی ساڵی ٢٠٠٧ی هێنری کیسنجەری وەزیری پێشووتری ئەمریکا دەگوازێتەوە کەدژی ئەو کشانەوەیەو ئەو قەیرانەی دوای کشانەوەی ئەو هێزانە بەزۆر قوڵتر دەزانێتو پێیوایە کاریگەرییەکانی زۆر بەرفراوان دەبنو ئەگەری کشانی لەکەنداوەوە تا ئەندۆنیزیا هەیە. هەروەک باس لەگرنگی ڕۆڵی تورکیا لەم دۆخەشدا دەکات. سەبارەت بەوەی کەتورکیا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق پێویستە چ میکانیزمێک لەسیاسەت بگرێتەبەر تا بەرژەوەندییەکانی لەناوچەکەدا پارێزراوبنو سیاسەتەکانی دەرەوەی سەرکەوتوو بن، ئەو شارەزایە لەپەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان ڕایوایە لەکاتێکدا وڵاتەکەی حەز بەپەرەپێدانی پەیوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتاندا دەکات، ناکرێت لەهەمان کاتدا بەشێک بێت یان لایەنگری کێشەیەک بێت لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەبڕوای ئەو ئەگەر تورکیا بیەوێت لەپرۆسەی کشانەوەی ئەمریکادا ڕۆڵی گەورەو دیاری بەر بکەوێت، پێویستە لایەنە بەهێزو لاوازەکانی خۆی دیاریبکات یان ڕاستتر بڵێین حسابی ورد بۆ ئەو هەنگاوانە بکات کە لەسیاسەتی دەرەوەیدا دەینێت. لەنمونەی ئەوەی کەئەگەر بزووتنەوەی حەماسی فەلەستین بەڕێکخراوێکی تیرۆریستی نەزانێت کە لەهەمان کاتدا ڕەخنەیەکی ئەمریکاشە لەتورکیا، ئەوا دەبێت وریا بێت بەرانبەر بەو کارتانەی سەبارەت بەپەکەکە دەخرێنە بەردەمی. هەروەک پێویستە بەو ڕێککەوتنناندا بچێتەوە کە لەگەڵ ئێراندا هەیەتی‌و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا باشتربکاتەوەو بیگەیەنێتە ئەو ئاستەی بەها نێودەوڵەتییەکان دایاننناوە. بەبڕوای ئەو نووسەرە تورکیا لەبەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا هاوکارە لەگەڵ ئەمریکاو هاوپەیمانیەتی، بەواتایەکی دیکە تەنها وڵاتە کەخاوەنی دیموکراسی بێت لەناوچەکەدا. هەروەک هەڵوێستی لەبارەی بەرنامەی ناوەکییەوە ئەوەیە کە لەبواری ئاشتیدا بەکاربهێنرێت. ئەوەی کەهەیە ئەوەیە سەبارەت بە بەرنامە ناوەکییەکەی ئیسرائیل لێپێچینەوە دەکاتو هاوکات ڕەخنە لەسیاسەتەکانی خۆرئاوا لەبارەی بەرنامە ناوەکییەکەی ئێرانەوە دەگرێت. ئەوەشی لەمەوە دەستماندەکەوێت ئەوەیە کەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەخزمەتی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیدا نییە. لەبەر ئەوە پێیوایە نابێت تورکیا پەیوەندیی بەهەر بەرەو پێشچوونێکەوە بیچڕێت کە لەعێراقدا ڕوودەدات. چونکە ئەم بەرەوپێشچوونانە هەم بۆ سیاسەتی ناوخۆو هەم بۆ سەنگی تورکیا لەناوچەکەدا زۆر گرنگن. هەر بەرەو پێشچوونێکی ناوخۆی عێراق جا پۆزەتیف بێت یان نێگەتیف پەیوەندیی تەواوی بەتورکیاو سەقامگیری ناوچەکەوە هەیە. تورکیا پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لەقۆناغی کشانەوەی ئەمریکاو قۆناغی دوای ئەوەشدا کام دامەزراوانەی لەعێراق بهێڵێتەوەو لەگەڵ کام لایەندا پەیوەندی دبلۆماسی‌و لەگەڵ کام لایەندا پەیوەندی نافەرمی هەبێت، پێویستە ئەوەشی لەبەرچاوبێت کە چی پێویستە بکرێت بۆ ئەوەی خاکی عێراق بەیەکگرتوویی‌و یەکپارچەیی بمێنێتەوەو کام لەوڵاتانی هەرێمەکە زۆرترین کاریگەریی لەسەر عێراق هەیە.



فایەق سەعید

## جیهانبینی پەروەردە

faiekk@hotmail.com

# گەشەسەندنو هاوسەنگبوون لەلای پیاژێ

تەنها هەر پیاژێ نییە کەباسی قۆناغەکانی گەشەسەندنی منداڵانی کردووە، بەڵکو زۆرێکی دیکەش ئەم کارەیان کردووە. هەر زانایەو بەجۆرێک ئەو قۆناغانەیان دابەشکردووە کە لەگەڵ ئەو تیۆرییانەدا بگونجێت کەئەوان پشتیان پێبەستوونو جیاوازی ئەم دابەشکردنانەش کەم نین. هەر لەژان ژاک ڕۆسۆوە تا دەگاتە ئێریک ئێریکسۆن، تەمەنی منداڵانیان بەسەر چەندین قۆناغی گەشەسەندندا دابەشکردووە. ئەم دابەشکردنە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازی هەیە. لەکاتێکدا پیاژێ گەشەسەندنی منداڵی بەسەر چوار قۆناغدا دابەشکردووە، ئێریک ئێریکسۆنی ئەمریکی لەهەشت قۆناغدا وێنای کردووە.

تیۆرییەکەی پیاژێ باس لەگەشەسەندنی منداڵان دەکات لەساتی لەدایکبوونییەوە تا پێ دەخاتە قۆناغی کۆمەڵبینیەوە، بەشێوەیەکی دی باسی لەو ساتە وەختە کەمنداڵ هێشتا نەزمانو نەپێی گرتووەو گیرۆدەی دیاردەی خودبینیە تا ئەو کاتەی لەبیرکردنەوەی ئەبستراکت تێدەگاتو مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە بیرکردنەوانەدا دەکاتو پێ دەنێتە قۆناغی کۆمەڵبینیەوە. دەبێ ئەوەش یاداشتبکەین کەپیاژێ پێداگیری لەسەر ئەوەش دەکات کەسنووری نێوان قۆناغەکان شتێکی نەگۆڕ نییە، بەڵکو لەمنداڵێکەوە بۆ منداڵێکی دیکە جیاوازی هەیە. بەشێوەیەکی دی لەوانەیە قۆناغێک لەقۆناغەکان لەلای منداڵێکی دیاریکراو دوو ساڵ بخایەنێت، بەڵام لەلای منداڵێکی دیکە چوار ساڵ بخایەنێت. ئەوەی بەلای پیاژێوە گرنگە ئەوەیە هەموو منداڵان زوو یا درەنگ بەهەمان قۆناغدا تێپەڕدەبنو لەهەموو قۆناغێکیشدا خاوەنی ستروکتوری بنەڕەتی خۆیانن، ئیدی مەعریفی بێت یا نا.

هەموو جارێک کەپیاژێ دەچووە ئەمریکا ئەو پرسیارەی لێدەکرا کەئەگەر قۆناغەکانی گەشەسەندن بەو شێوەیە بێتو منداڵەکان ئەو قۆناغانە لەتەمەنێکی دیاریکراودا تێپەڕێنن، ئایا دەتوانرێ پەلە لەبڕینی ئەو قۆناغانەدا بکرێت؟ ئایا پێویست بەوە دەکات منداڵ بەهەموو قۆناغەکاندا تێپەڕببێت؟ ئایا دەتوانین تۆزێک پەلە لەبڕینی ئەو قۆناغانەدا بکەین؟ ئەم پرسیارە کەپیاژێ ناوی پرسیاری ئەمریکی لێنابوو، وەڵامەکەی لەلای پیاژێ بەڵێ بوو. پیاژێ ئەوەشی ڕاگەیاند کەئەو گریمانەیەکی هەیەو تائێستاش نەیتوانیوە بیسەلمێنێت، ئەویش ئەمەیە: بەئەگەری زۆر دەبێ کاتێکی گونجاو بۆ ئۆرگانیزەکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی ناو مێشک هەبێت.

چوار جۆر یا چوار قۆناغی بیرکردنەوە بەسەر هەر چوار قۆناغەکانی گەشەسەندنەوە زاڵە، بەڵام لەڕووی تەمەنەوە قۆناغەکانی گەشەسەندنەو قۆناغەکانی پرۆسەی بیرکردنەوە دەقاودەق یەکناگرنەوە، چونکە لەکاتێکدا یەکەمین قۆناغی گەشەسەندنی منداڵ لەدوای لەدایکبوونیەوە دەستپێدەکات، یەکەم قۆناغی بیرکردنەوە لەنزیکەی ١,٥-٢ ساڵیەوە دەستپێدەکات. چۆن سنووری قۆناغەکانی گەشەسەندن تێکەل بەیەک دەبن، ئاواش قۆناغەکانی بیرکردنەوە تێکەڵ بەیک دەبن. بۆ نمونە بیرکردنەوەی ڕاستەوخۆ یا بەرجەستەکراو کە بەقۆناغی دووەمی پرۆسەی بیرکردنەوەی دادەنرێت، وەکو چەترێک وایە کەمرۆڤ دەتوانێت دوو واقیعی منداڵی تێدا بخوێنێتەوە، واقیعی بیرکردنەوەی پێش لۆژیکو واقیعی بیرکردنەوەی فۆرمئامێز.

لەم پرۆسە درێژخایەنەدا (هاوسەنگبوون) وەک چەمکێکی زۆر گرنگی تیۆرییەکەی پیاژێ، ڕۆڵێکی سەرەکی لەکەمکردنەوە یا لەناوبردنی ناکۆکی نێوان بیروبۆچوونە ناکۆکەکاندا دەگێڕێتو منداڵانو هەرزەکاران دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرزتر کەتیایدا هەست بەگەشەکردنی ستروکتورە مەعریفییەکانی خۆیان دەکەن. مەبەست لەپرۆسەی هاوسەنگبوونیش بوونی هاوسەنگیە لەنێوان بیروبۆچوونەکانی منداڵدا. واتە منداڵ لەکاتی گەشەسەندندا کۆمەڵێک زانیاری جۆراوجۆر پەیدادەکات یا دەستی پێڕادەگات کەبەهۆیانەوە دەتوانێت جۆرە هاوسەنگییەک لەبۆچوونەکانیدا دروستبکات یا ناکۆکی لەنێوان بیروبۆچوونەکانی خۆیدا نەهێڵێت.

بۆ بەرجەستەبوونی هاوسەنگبوونیش منداڵ پێویستی بەوە هەیە کەدەستی بەزانیاریو زانستی دروست بگات. ژان پیاژێ قەناعەتی بەئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی کلاپەرێد هەبوو کەئاماژەی بەوە دابوو هەموو پێداویستیەکی منداڵ نیشانەی نوقسانیەکە کە لەهاوسەنگبووندا بوونی هەیە. پیاژێ پێداویستییەکانی منداڵ بەهەردوو پرۆسەی ئەسیمیلاسیۆنو ئەکۆمۆداسیونەوە دەبەستێتەوەو پێی وایە هەموو پێداویستیەک دوو مەبەستی سەرەکی لەپشتەوەیە: یەکەمیان بریتیە لەگونجاندنی یا ئەسیمیلیزەکردنی جیهانی دەرەوە لەگەڵ ئەو ستروکتورانەی کەتا ئەو ساتە وەختە لەلای منداڵ بوونیان هەیە. دووەمیشیان بریتیە لەدووبارە گونجاندنی ئەو ستروکتورانە لەگەڵ گۆڕانگارییەکانی ڕابردوودا، واتە ئەکۆمۆدیزەکردنی لەگەڵ ئۆبژێکتە دەرەکییەکاندا. پیاژێ پێداگیری لەسەر ئەوەش دەکات کەبەهۆی ئەسیمیلیزەکردنی ئۆبژێکتەکانەوە، بیرکردنەوەو کردارەکان بەئەکۆمۆداسیۆن ناچاردەکرێن، واتە ناچاردەکرێن کەدووبارە خۆیان لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەکی دەرەکی بگونجێنن.

پیاژێ پێی وایە تا ئەم پروسەیە (هاوسەنگبوون) ئەکتیڤترو گۆڕاوتر بێت، ئەوە جێگیرترو سەقامگیرتر دەبێت. هەر لەم بوارەشدا زۆر پێویستە کەجیاوازی لەنێوان دوو ڕوانگەی تەواکەری یەکتر بۆ پرۆسەی هاوسەنگبوون بکەین: یەکەمیان ئەوەیە کەئێمە هەر لەسەرەتاوە دەبێ جیاوازی لەنێوان ئەو ستروکتورانەدا بکەین کەبڕیار لەسەر دارشتنی حاڵەتەکانی هاوسەنگبوون دەدەن. دووەمیشیان بریتیە لەو پێداچوونەوە وەزیفیەی کەبەرپرسە لەگۆڕان یا گواستنەوە لەحاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکیتر.

www.arsivakurd.org

# پرۆژەنامەیەک بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی ئازادیی ئەدیبانی کورد



پێشنیازی: ماجید نوری

دوای ئەوەی لەهەشتەمین کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورددا بەندەش هەر وەک چەند ئەدیبو نووسەرێکی ناو کۆنگرەکە بێ هاندانی هێزو لایەنەکانی دووره دنیای ئەدەب، هەستمان بەتاکگەرایی‌و سەربەخۆیی خۆمان کردو لەشەش کاتژمێردا شەفافانە لیستێکمان بەناوی (ئازادی)یەوە بۆ خۆپاڵاوتن پێکهێنا، ئەمەشمان لەپەرۆشییەوە بوو بۆ وەدیهێنانی ئازادی‌و سەربەخۆیی ئەدیبانە، بەو مەبەستەی نووسەرانی کورد مەعریفەیەکی داهێنەرانەی جیاواز لەو زانیاری‌و راسپاردەو رێنوێنیانە بەرهەمبێنن کەحیزبەکانی کوردستان بەشێوازی سیاسیانەی خۆیان بۆ هەموو بوارەکانی ژیان هەیانەو بەرهەمیانهێناوە.

بەڵام دواتر لەکۆی ١٤٧ ئەندامی کۆنگرە، نزیکەی ٨٨ ئەندامیان بەئاگایانە یان بێئاگایانە بەسیناریۆی پشت کەوالیس رازی کرابوون‌و سنووری ئازادیی خۆیان تەسکو تروسک کردەوەو لەلایەن دەستەی راسپێردراوی نووسینگەکانی رێکخراوە دیموکراتی‌و جەماوەرییەکانەوە (لیستی داخراو)یان پێ پەسەندکرابوون، بەدڵو حەزی کەسانی دووره دنیای رەنگینی ئەدەب خەتمی سووری کۆنگرەیان پێ لێدابوون.

مەخابن بۆ زۆربەی نووسەرانی ناو هۆڵی کۆنگرە کەدەنگیان بەم بەرنامە حیزبییەدا، کەسەد دەرسەد بەرنامەکە گوزارشتی لەدەسەڵاتی کادیرە حیزبییە ناوەنجییەکان دەکردو ئەدیبانی بێلایەنی ناو کۆنگرەش تا کۆتایی کۆنگرەکە نەیاندەزانی ناوی پاڵێوراوانی لیستە داخراوەکەی تەبایی کێن؟!

لەبنەڕەتەوە جەمسەری بێدەنگکار لەو کۆنگرەیەدا کادیرە ناوەنجییە حیزبییەکان بوون‌و بێدەنگکراویش سەرجەم نووسەران، کۆمەڵێک کادیری حیزبی ناوەنجی رژێنرابوونە ناو هۆڵی کۆنگرەوە، زۆربەیان (گەر هەموشیان نەبێت) لەڕێی ئەو هەڵبژاردنە ئاشکراو راستەوخۆیەی ناو لقەکانی نووسەرانەوە نەهاتبونە کۆنگرەکەوە کەپێشتر بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی شەرعی نووسەران لەلقەکانی نووسەراندا کرابوون، بەڵکو وەک قارچک ئاسا بەبروسکەی چەند ئەندامێکی ناوەنجیانەی حیزبەوەو هەر لەناو هۆڵی کۆنگرەکە هەڵتۆقیبوون‌و کۆمەڵێک ئامێری کۆنترۆڵیان بۆ بێدەنگکردن بەدەستەوەبوو، بۆ نموونە هەرلەوێدا بەڵێنیان بەهەندێک ئەندامی (لیستی ئازادی)دا گوایە ناویان دەخەنە سەر (لیستی تەبایی)، ئەم لیستەی دواییان سێ مانگ بوو لەلایەن کادیرە ناوەنجییەکانی هەردوو حیزبەوە کار بۆ سەرخستنیان دەکرا، ئەوەبوو لەناو هۆڵی کۆنگرەدا هەوڵێکی زۆر درا تا منیش لەلیستی ئازادی بێمە دەرەوەو لەبەرانبەردا (جێگۆڕکێی ناو) بەبرادەرێکی لیستی تەبایی بکەن کەقورپەسەرە پێش دوو مانگ فەلاکەتی دنیای کردبوو تا بەیەدەگ دایانناببوو، منیش پێم وتن "ئامرازی تەشکیلکردنی لیست لەلای ئێوەوە بۆ کەلەپچەکردنی ئازادی نووسەرانە، ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە، دواتر زرەی زەنگەکە دەپەرێتەوە بۆ ناو هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگە، خۆ نووسەران لەتە کومباری ژوورەکانتان نین تا بۆ رازاندنەوە ئەم ژوورو ئەو ژووریان پێبکرێت، لێمان بگەڕێن با وەک نووسەرانی تری ناو لیستی ئازادی خاوەنی ئیرادەی خۆم بم، چونکە ئەمە کۆنگرەیەکی حیزبی نییە" هەمان تەکلیفیان لەچەند نووسەرێکی تریش کردبوو، ئێستا لەترسی وەزیفە لەدەستدان، یان لێرەو لەوێ تەهمیشکردنیان هەر ناوێرن باسیشی بکەن، تەنانەت ئەوانەی بەتوندیش بۆ ناو دەرهێنانی خۆیان لەلیستی ئازادی ئاگادارکردنەوەیان پێدرابوو، دوایەمین دانیشتن دوورو نزیک نەیانوێرا بەلای هۆڵەکەشدا بێنەوە، ئەوەی لەهەمووی لەو هەشتەمین کۆنگرەیەی نووسەراندا کاریکاتێرانەترو تەنزئامێزتر بوو، ئەو دوو برادەرە نووسەرەی کورمانجی سەروو بوون کە لەلیستی ئازادیدا لەگەڵماندا بوون‌و دژ بەلیستی داخراو هاوڕای ئەندامانی تری لقی نووسەرانی دهۆک بوون، زۆربەیان

> ئەو واقیعەی بەناو ئەو کۆنگرەیەدا تێپەڕی‌و رۆی، وەک واقیعێکی تاڵ پێویستییەکی مێژوویی بۆ ئێستامان دروستکردووە بۆ ئەوەی رێکخراوی نووسەران لەم شەرعیەتەی کەکۆنگرەیەکی ناشەرعی پێیدان رزگاربکرێت،

لەپێناوی سەربەخۆبوون‌و دیموکراتییەتا گریان دەکردەوە کەچی لەدوا ساتدا بەچەند دەقیقەیەک هەردووکیان بردرانە دەرەوەی هۆڵو ئێستاش نەمانزانی چییان پێ وتراو نەوترا، هەرکە گەڕانەوە ناو هۆڵ یەکێکیان رەنگی سپی هەڵگەڕابوو، بانگم دەکردن بەخەمێکەوە لێیان روانیم‌و دوورکەوتنەوە، دواتر تەلەفونم بۆ کردن‌و وتم "سەیدا با دوور نەبین لەیەکتر، ئەمەتا کەمێکیتر لەلایەن کاک حەمەسەعیدەوە لیستەکەمان بۆ هەڵبژاردن تەقدیم دەکرێت." لەناو مۆبایلەوە بەچرپەوە وتی "برا لەراهی خودێ ناومان بسڕنەوە با لەمە زیاتر گرفتمان بۆ دروستنەبێتن، لق رازی نیینە لەسەرخۆپاڵاوتنمان لەلیستی موعارەزەدا" دروستبوونی سەرتاپا ئەم واقیعە پڕگرفتەی ناو هۆڵی کۆنگرە رێک پێچەوانەی پەیامی بەڕێز سەرۆکی هەرێم بوو کەتێیدا جەخت لەسەر ئازادی دەکرایەوە، تەواو پێچەوانەی ئەو خوتبەیەش بوو کەمەلا بەختیار بەناوی بەڕێز سەرۆک کۆمارەوە لە ٢٦دەقیقەدا خوێندییەوەو لەپەرەگرافێکی زێڕیندا وتی "ئەو ئازادییەی نووسەران هەیانبووە سیاسیەکانیش نییانە" سەدو هەشتا پلەش پێچەوانەی لێدوانەکانی ئەو ئێوارە خوانەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو کەتەنیا لەسەر سەکۆی بەرنامەکەی جەمال حوسێنەوە ئازادییەکانی بەڕێزیشیان مژدەبەخش بوون.

ئەو واقیعەی بەناو ئەو کۆنگرەیەدا تێپەڕی‌و رۆی، وەک واقیعێکی تاڵ پێویستییەکی مێژوویی بۆ ئێستامان دروستکردووە بۆ ئەوەی رێکخراوی نووسەران لەم شەرعیەتەی کەکۆنگرەیەکی ناشەرعی پێیدان رزگاربکرێت، هەروەها بۆ رەتکردنەوەی هەر دەستەیەکیش کە بەتەزکیەو لیستی داخراو دادەمەزرێن، بەزووترین کات پێویستە ئەنجومەنێکی ئەدەبی دابمەزرێت‌و میکانیزمێکی نوێ بۆ ئازادی رێکخراوەیی دابنرێت، هەر ئەدیبو نووسەرێک گەر بیەوێت بەجیاوازی بیروبۆچوونیەوە لەدەرەوەی مەنزڵو بۆندی موقەدەسی حیزبیەکانەوە ئازادانە خۆی رێکبخاتەوە با بەناوی (ئەنجومەنی ئازادیی ئەدیبانی کورد) یا هەر ناوێکی تری شایستە کە بەباشی دادەنێن لەئەنجومەنێکدا کۆببنەوە.

باشترە بۆ ئەو نووسەرە بەڕێزانەی پێوەندی بەیەکەوە دەکەن، کەسانێک بن لەدەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی‌و وەزیفی خۆیان‌و لەناو ئەنجومەنەکەدا بۆ دەسەبەرکردنی مافەکانی خۆیان وەک کەسایەتی ئەدیب بەئازادانە هەڵسوڕێن‌و خۆیان لەبەژن‌و باڵای هیچ حیزبو کەسایەتییەکی سیاسی کورتتر نەبینن، وا هەستدەکەم ئەو یەکێتی نووسەرانەی کورد کەئێستا بەلیستە داخراوەکەی یەکێتی‌و پارتی‌و بەهاوکێشە مۆدەباوەکەی تەوازن‌و تەوافق سەپێنراوە، تەنیا شەرعیەتی ئەو دوو حیزبەیان لەپشتە، ئیتر لەرووی ئازادی‌و پرەنسیپەکانی مافی ئازادانەی بیرو رای مرۆڤەوە هیچ شەرعیەتێکی دیکەی رەوایان نییە.

لەپێناوی دامەزراندنی ئەنجومەنی ئازادیی ئەدیبانی کورددا وەک خەمخۆرێک ئەم پێشنیازە بۆ ئەدیبان‌و نووسەران پێشکەشدەکەم بەتایبەت بۆ ئەوانەی ئەدیبی گەنج‌و رۆحی بەرەنگاربوونەوەی دەرگاو لیستو بەرنامە داخراوەکانیان تێدایە، باشتروایە پێوەندی بەیەکترەوە بکەن تا لەکۆبوونەوەیەکی فراواندا بەیاسایی (کارنامەیەکی رێکخراوەیی ئەدەبی) دابڕێژن، دواتریش بۆ سازدانی کۆنگرەی دامەزراندنی ئەنجوومەنەکە کاتێکی گونجاو تەرخانبکەن.

ئومێدم وایە هێشتا کەسانی خاوەن ویستو ئیرادەی سەربەخۆ لەناو ئەدیبانی نەتەوەکەمدا مابن، بۆیە داوا لەبەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و دەزگاکانی پاراستنی مافی مرۆڤ دەکەمەوە، مافی ئازادی‌و دیموکراتیانەی بەشداربووانی ئەم پرۆسەیە بپارێزن‌و رێگە بەهیچ کەسو لایەنێک نەدەن لەسەر کارو وەزیفەو ژیان، گرفتو گێچەڵ بۆ ئەندامانی ئەنجومەنەکە دروستبکەن.

# قانعی فەرد... کەلێنێکی بچوک بۆ هێرشێکی گەورە

هیدایەت مەلا عەلی



چاوپێکەوتنی (قانعی فەرد) لەگەڵ گۆڤاری (لڤین) قسەوباسی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، دەسەڵاتدارانی کوردستان بەگشتی‌و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی هەرچی لەتوانایاندا هەبوو خستیانەکار، بەرپرسو نووسەرەکانیان هەر کەسەو بەپێی مەوقعیەتی خۆی وتاریان نووسی‌و لێدوانیاندا، هەڕەشەکراو دەستەو گروپ بۆ تۆڵەکردنەوە راگەیەندرا، مەلای مزگەوتو سەندیکاو وەزیرو سەرۆکی هەرێم‌و عێراق هەڵوێستی خۆیان ئاشکراکرد، تەنانەت ئەم رەوشە سنووری بڕی‌و چەندین کەسایەتی سیاسی‌و حیزبو لایەنی پارچەکانیتری کوردستان روونکردنەوەو بەیانامەیان بڵاوکردەوە، چونکە هێرش کراوەتە سەر پیرۆزییەکان‌و سیمبۆلە نەتەوەییەکان.

دەسەڵاتدارنی کوردستان ئەم جارەیان لەسەنگەری بەرگریکردن لەسیمبۆلە نەتەوەییەکان، هاتە ناو شەڕێکی ناڕاستەوخۆوە، رووبەڕووبوونەوەی ئەم جارەی نێوان گۆڤاری (لڤین) و (پارتی) لەسەر چاوپێکەوتنێکی (قانعی فەرد) ئەو تەقلیدەی تۆخترکردەوە کەدەسەڵاتدارانی کوردستان چەندین جارە بۆ سەرکوتی ئازادی سیاسی‌و رۆژنامەگەری ئازاد بەکاریانهێناوە، بەڵام ئەم جارەیان بەفۆڕمو شێوازێکی تایبەتەوە.

بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە کەبزووتنەوەی کوردایەتی بەتوندی باوەشی بە (موقەدەسات، سیمبۆلە نەتەوەییەکان) و دەیان پەیکەری لەم جۆرانەدا کردووە، موقەدەساتو سیمبۆلی نەتەوەیی بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی بەمانای درێژەدان بەدەسەڵاتو پاراستنی هاوکێشەی هێز لەنێوان خەڵکو بزووتنەوەکەیاندا.

بەڵام ئەم جارەیان شەڕێک کە لەژێر ناوی هێرش بۆ سەر (سیمبۆلە نەتەوەییەکاندا) بەرپاکرا، هیچ نەبوو بێجگە لەسیناریۆیەکی داتاشراو، کە بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لەنووسەران‌و رۆشنبیرانی ئازادیخوازیش خۆبەخۆ چوونە ناو ئەم شەڕەوە کە (پارتی) تەواوی زەمینەو پێداویستییەکانی شەڕەکەی ئامادەکردبوو، ئەو لێکدانەوەی ئەم جارە وەک هەموو جارێک پێیوابوو بۆ بەرگری لەئازادی دەبێت موقەدەساتەکان تێکبشێنین‌و بەدەرنەبن لەرەخنە، ئەو لێکدانەوەیەیە لەم رووبەڕووبوونەوەیەدا هۆو ئامانجەکان تێکەڵاودەکاتو جێگاکانیان دەگۆڕێتەوە.

گەورەکردنەوەو بەخەرجدانی توانایەکی گەورەی راگەیاندن‌و بەرپەچدانەوەی چاوپێکەوتنی (قانعی فەرد) لەگۆڤاری (لڤین)دا لەلایەن پارتی‌و یەکێتی‌و نووسەرەکانیان، لەشێوەدا هەنگاوێکە بۆ بەرگری لەسیمبۆلە نەتەوەییەکان، بەڵام لەناوەڕۆکدا وەڵام بەمەسەلەیەکی دیاریکراویتر دەداتەوە.

> بەرگری لەموقەدەساتو دروستکردنی سیمبۆلو فەرزکردنی بەسەر خەڵکو کردنی بەهێڵی سور گەورەترین سەرکوتو پانترین هێڵی سنووردارکردنی ئازادیە

تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان) فەزای کۆمەڵگای کوردستانی بۆ بەرگری لەئازادی بیروڕاو ئازادی رۆژنامەگەری بردە قۆناغێکی تازەوە، ئاستی بەرزی نارەزایەتییەکان بەجۆرێک گەرمو گوڕبوو، تەنانەت کاریگەری لەسەر زیندووکردنەوەی کەیسی (سۆرانی مامە حەمەیش) دانابوو، بۆ یەکەمجار بوو دەسەڵاتدارانی کوردستان بەگشتی‌و پارتی بەتایبەتی بەم شێوەیە جەماوەری نارازی بۆ بەرگری لەئازادی رووبەڕووی خۆیان ببینەوە، یەکەم جاربوو لەکوردستان سنووری رووبەڕووبوونەوەو شەڕی نێوان حیزبەکان جێگای خۆی چۆڵبکاتو بیدات بەرووبەڕووبوونەوەی نێوان دەسەڵاتو خەڵک.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە (سەردەشت عوسمان) لەسنووری دەسەڵاتی ئەودا رفێندراو دواتر تیرۆرکرا، لەم رفاندن‌و تیرۆرە ئاشکرایەدا دەزگاو هەیبەتی دەسەڵاتەکەیان کەوتە ژێر پرسیارەوە، پارتی بوو بەجەمسەرێکی ئەو کێشمەکێشەی کەکۆمەڵگای کوردستانی لەنێوان ئازادیخوازان‌و سەرکوتگەراندا دابەشکرد، لەم رووەوە پارتی گوشارێکی گەورەی کەوتە سەر لەئاستی ناوخۆو لەئاستی دەرەوەدا.

پارتی لەسەرەتا برێک بێدەنگی‌و دواتر هەندێک بەرگری‌و لەکۆتایشدا پێویستی بەهێرش هەیە بۆ پاشەکشێ پێکردنی ئەو بزووتنەوە نارەزایەتییەی کە لەئەنجامی تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان)دا هاتەئاراوە، چونکە ئاشکرایە لەم رووبەڕووبوونەوەیەدا دەبێت لایەک بیباتەوەو لایەک بیدۆڕێنێتو یەکسانبوون بوونی نییە، پارتی تەواوی تواناکانی خۆی خستووەتەکار بۆ ئەوەی میکانیزمو زەمینەی نارەزایەتی خەڵک لەدژی رفاندن‌و تیرۆری (سەردەشت عوسمان) بگۆڕێت، پارتی بەم هەنگاوەی ئێستای توانی نیشانەیەکی باشی ئامانجەکەی خۆی بپێکێت، وەک دەبینین بەرەی ئازادیخوازی‌و یەکسانیخوازی نەیتوانیوە وەک سەرەتا بەپێی بەرنامەکی تۆکمەو دارێژراو درێژە بەکارەکانی خۆیان بدەن، سەرشەقام‌و ناوەندەکان بەجۆرێک چۆڵکراون، کەمپینەکان‌و هەڵسوڕانەکانی دەرەوەی وڵات بەجۆرێک بێدەنگی پێوە دیارە، راگەیاندنەکان بەدواداچوون‌و وروژاندنی ئەم کەیسەی بەجۆرێک پەراوێزخستوە، بۆیە لەبەرانبەردا بەرەی دەسەڵاتو پارتی خۆیان بۆ هێرش ئامادەکردو چاوپێکەوتنی (قانعی فەردیان) کردە کەلێن‌و بەرگری لەپیرۆزییەکان‌و سیمبۆلە نەتەوەییەکانیان کردە پەرچەمی ئەم هێرش‌و پەلامارە، پارتی‌و دەسەڵات دەیانەوێت (سەردەشت عوسمان) لەبیری کۆمەڵگا بەرنەوە.

ئەوەی ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان‌و هاوکارەکانی ئەنجامی دەدەن، هێرشە بۆ سەر ئازادی‌و پاشەکشێ پێکردنی یەکجاری بەنارەزەیەتییەکانی دوای تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان) لەبەرگێکی جیاوازدا، هەرچەندە من پێموایە بەرگری لەموقەدەساتو دروستکردنی سیمبۆلو فەرزکردنی بەسەر خەڵکو کردنی بەهێڵی سور گەورەترین سەرکوتو پانترین هێڵی سنووردارکردنی ئازادیە، بەڵام دەبێت هەموو شتێک وەک خۆی ببینین‌و وەک خۆی شیکردنەوەی بۆ بکەین.


بۆ ئەوەی هەرکەسێک لەوە تێ بگات کە (قانعی فەرد) کەلێنێکی بچوکە بۆ هێرشێکی گەورە، با بڕواتو کتێبی (پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەد)دا بخوێنێتەوە، پاشان دەزانێت ئەوەی کە (برایم ئەحمەد) و (قانعی فەرد) وتویانە زۆریان جیاوازی نییە، ئەوەی (برایم ئەحمەد) بە (مستەفا بارزانی) دەیڵێت وەک سوکایەتی‌و ئیهانە هەرگیز (قانعی فەرد) نەوتویەتی نەباسی کردووە، کەواتە لەسەر ئەو چاوپێکەوتنە بۆ ئەم واقیعەتە نەهاتە پێشەوە.

(پێنچ کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەد) چاوپێکەوتنێکی (برایم ئەحمەدە) کەدکتۆر (حوسێن محەمەد عەزیز) لەگەڵیدا ئەنجامیداوەو سیوپێنج پرسیاری ئاراستەی ناوبراو کردووە.

بۆ وەستانەوە بەرانبەر هێرش‌و بەرتەسکردنەوەی ئازای بیروڕاو ئازادی رۆژنامەگەری لەکوردستان بەرەی ئازادیخوازو نووسەران‌و رۆشنبیرانی قەڵەم ئازاد، هیچ رێگایەکیان لەبەردەمدا نییە بێجگە لەگەڕانەوە بۆ بەرێخستنی نارەزایەتی بەردەوامو سەراسەری.

# ئەدەبیاتو ئایدۆلۆژیا

ئیگڵتۆن
و: ئازاد بەهین



فرێدریک ئینگڵس لەکتێبی "لۆدویک فوێرباخو کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی"دا دەڵێ، هونەر زۆر دەوڵەمەنترە لەتیۆری ئابووریو سیاسی لەبەر ئەوەی کەمتر بەشێوەی ئایدۆلۆژی بێ خەوش دەنوێندرێ. لێرەدا پێویستە واتای دروستی "ئایدۆلۆژی" لەروانگەی مارکسیزمەوە بزانین. ئایدۆلۆژی لەپلەی یەکەمدا، کۆمەڵێک لەئایینەکان نییە، بەڵکو رێی ژیانی مرۆڤەکانو رۆڵی ئەوان لەکۆمەڵگای چینایەتیدا دیاریدەکات. ئایدۆلۆژی، بەهاو ئایدیاو بیرو خەیاڵێک بۆ قبوڵاندنی رۆڵی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان بەخودی ئەوان دەخاتەڕوو و بەمجۆرە، زانستی راستەقینە سەبارەت بەکۆمەڵگا، هەر وەک گشتێک، بەدەستنایە. لەم روانگەوە شیعری "وڵاتی وێران"، بەرهەمێکی ئایدیۆلۆژیکە، ئەم شیعرە نیشانەی مرۆڤێکە کەدەیەوێ بەشێوەگەلێکی پێچەوانەی تێگەیشتنی (بەرواڵەت) دروستی کۆمەڵگای خۆی، شێوەگەلێک کە لەلێکدانەوەی کۆتاییدا پووچو درۆینەن واتا بەئەزموونەکانی ببەخشێ. هەموو هونەرەکان پێوەندیان بەبیرێکی ئایدۆلۆژیک یان بەرداشتێکی ئایدۆلۆژیک لەجیهانەوە هەیە. هونەرێک کە بەتەواوی بەتاڵ بێ لەناوەڕۆکی ئایدۆلۆژیک، پۆلخانۆف وتەنی، هەر بوونی نییە. بەڵام ئاماژەی ئینگڵس باس لەوە دەکات کەپێوەندی هونەرو ئایدۆلۆژیک ئاڵۆزترە لەو پێوەندییەی کە لەنێوان تیۆری سیاسیو ماف (کەکاردانەوەی راستەوخۆی بەرژەوەندی چینێکی زاڵە) و ئایدۆلۆژیدا هەیە. کەواتە پرسەکە ئەوەیە کە "پێوەندی هونەرو ئایدۆلۆژی چۆنە؟"

ئەمە پرسیارێکی سادەو ساکار نییە. دەکرێ بەدوو شێوەی پاوانی بەرەوڕووی ئەم پرسیارە ببینەوە. یەکەم ئەوەیە کەهونەرو ئەدەبیات جیا لە "ئایدۆلۆژی نوێندراو لەچوارچێوەی هونەریدا" بەشتێک نەزانین. (بەپێی ئەم بۆچوونە، بەرهەمە ئەدەبییەکان تەنیا گەلاڵەیەکن لەئایدۆلۆژییەکانی سەردەمی خۆیان. ئەوان زیندانی "شیعری درۆینە"ی سەردەمی خۆیانو ناتوانن لێی دەرباز بنو بەحەقیقەتەکان بگەن).

ئەمە بەرهەمی ئەو رەخنە مارکسیسیتییە گشتییەیە کەبەرهەمی ئەدەبی بەتەواوی هەروەک کاردانەوەی ئایدۆلۆژییە زاڵەکان لەبەرچاودەگرێ. لەئاکامدا ناتوانێ ئەم خاڵە باسبکات کەبۆچی ئەدەبیات، لەکردەوەدا، ئەوەندە لەبەرانبەر پرەنسیپە ئایدۆلۆژیکییەکانی سەردەمی خۆیدا دەوەستێ.

جۆری دووەمی ئەوەیە کە لەنێوان ئایدۆلۆژیو هونەری بەرانبەر یان ناکۆکییەکەی بەشێوەی بەشێک لەپێناسەی هونەر دەربێنین. لەروانگەی "ئێرنێست فیشر"ەوە (لەکتێبی هونەر لەبەرانبەر ئایدۆلۆژی"دا هونەری رەسەنایەتی هەمیشە بانترە لەسنووردارییەتییەکانی ئایدۆلۆژی سەردەمی خۆیو دەمانباتە ناو واقعیەت گەلێکەوە کەئایدۆلۆژییەکانیانمان لێ دەشارێتەوە.

هەر دووی ئەم لێکەوتنانە لەروانگەی منەوە زۆر سادەو ساکارن. لوئی ئەلتێرسێر بیرمەندی فەڕەنسایی پێوەندی نێوان هونەرو ئایدۆلۆژی بەشێوەیەکی جوانتر (هەر چەند نە بەتەواوی) شیکردووەتەوە. ئەو دەڵێ ناکرێ هونەر تا ئاستی ئایدۆلۆژی بێنینە خوارێ، هونەر پێوەندییەکی تا رادەیەک تایبەتی هەیە لەگەڵ ئایدۆلۆژی. ئایدۆلۆژی بیرو خەیاڵێکی تەماوی نیشاندەدا کەمرۆڤەکان بەپێی ئەو و لەودا جیهانی راستەقینە ئەزموون دەکەن. هونەریش وەها ئەزموونێکمان پێ نیشاندەدا. سەرەڕای ئەوە، هونەر زۆرتر نیشاندەری ژیانە لەهەلومەرجێکی تایبەتیدا تا لێکدانەوەی عەقڵانی ئەو هەلومەرجە. سەرەڕای ئەوە، کاری هونەر لەکاردانەوەی ئەکتیڤیی ئەم ئەزموونانە کەمێک بانتر دەڕوات. هونەر سەرەڕای ئەوەی کە لەچوارچێوەی ئایدۆلۆژیدا دەگونجێ، هەوڵدەدا کەلێی دوورکەوێتەوەو بەخاڵێک بگات کەئێمە بتوانین هەست بەئایدۆلۆژی بنیاتنەری بکەینو لێی تێبگەین. هەر بۆیە هونەر ئەو زانستەی کەئایدۆلۆژی لێمان دەشارێتەوە نانێتە بەردەستمان، لەبەر ئەوەی "ئالتۆسێر" وتەنی زانست بەواتا دروستەکەی، هەمان ناسینی زانستییە، بۆ نمونە لەکتێبی کاپیتاڵدا سەبارەت بەسەرمایەداری زۆرتر دەتوانین شت فێربین تا "لەژیانی دژوار" بەرهەمی چارلێز دیکێنزدا. جیاوازی نێوان هونەرو زانست لەوەدانییە کەئەم دوو بابەتە لەگەڵ بابەتگەلێکی جۆراوجۆر سەروکاریان هەیە. بەڵکو جیاوازیان رێک لەوەدایە کەئەوان بەبابەتێکی تاکەوە بەرەوڕووی شکڵە جۆراوجۆرەکان دەبنەوە. زانست سەبارەت بەدۆخێکی دیاریکراو، زانستێکی عەقڵانیمان پێ دەدا، بەڵام هونەر دەبێتە هۆی ئەوە کەئێمە ئەو دۆخە ئەزموون بکەینو لەم روانگەوە هاوشێوەی ئایدۆلۆژیکە. سەرەڕای ئەوە، نابێ هەر بەمە قەتیسی بکەینەوە. هونەر ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێ کەسروشتی ئەو ئایدۆلۆژییە "ببینین" و لەناسینی تەواوی ئەو (کەهەمان ناسینی زانستییە) بەرەو پێش برۆین. ئەوەی کەهونەر چۆن ئەم کارە ئەنجامدەدا پرسێکە کەیەکێک لەهاوبیرانی ئالتێرسێر (پییەر ماشێری) زۆرتر شیکردووەتەوە. ئەو لەکتێبی "لەگەڕان بەدوای تیۆری خوڵقاوی ئابووری"دا (١٩٦٦) لەنێوان چیرۆکو ئەوەی کەخودی ئەو بەوەهم ناودەبات (لەبەر ئەوەیە کە لەروانگەی ئەوەوە ئایدۆلۆژی لەپێویستدا وەها شتێک نییە) جیاوازی دادەنێ. وەهم (واتە ئەزموونی ئایدۆلۆژیکی رۆژمەڕەی مرۆڤەکان) مادەی یەکەمە کەنووسەر کەڵکی لێ وەردەگرێ، بەڵام بەکارکردن لەسەری دەیکا بەشتێکیترو شکڵو بیچیمێکی تری پێدەدا. هونەر بەدیاریکردنی ئایدۆلۆژی، بەبیچمپێدانیو بەگونجاندنی رۆحی ئەو لەچوارچێوەی چیرۆکێکدا، دەتوانێ لەئایدۆلۆژی دوورکەوێتەوەو لەئاکامدا سنوورەکانی ئاشکرابکات. بەباوەڕی ماشێری، هونەر بەوەها کارێکەوە یارمەتیدەدا تا لەدەست هاو ئایدۆلۆژی رزگاربین.

بەباوەڕی من سەرەڕای ئەوەی کەراڤەکانی ئاڵتۆسێرو ماشێری لەهەندێ لاوە تەماوین، ئەو پێوەندییەی کەئەوان لەنێوان هونەرو ئایدۆلۆژی باسیدەکەن بەجوانی دیارە.

ئایدۆلۆژی بۆ هەر دووی ئەوانە جیا لەکۆمەڵێک بێ شکڵی ئایدیاکانو وێنەی هەڵواسراو شتێک زیاتر نییە. ئەم کۆمەڵەیە لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا تانو پۆو رێکوپێکی ناوەکی تایبەتی خۆی هەیەو رێک بەهۆی هەبوونی هەر ئەو سیستمە رێژەییەیە کەدەتوانێ ببێتە بابەتی لێکدانەوەی زانستی. رەخنەی زانستی هەوڵدەدا تا بەرهەمی ئەدەبی لەسەر بنەمای ساختی ئایدۆلۆژیکی خۆی کەئەنجامی رەچانی هونەری ئەوە، باسبکات. ئەم چەشنە رەخنەیە هەوڵدەدا دەستی بەوە بگات کەهۆکاری هاوبەشی هونەرو ئایدۆلۆژییەو لەهەمان کاتدا جیایی ئەوانە لەیەکتر. ئەمە کارێکە کە لەجوانترین نمونەکانی رەخنەی ئەدەبی ئەنجامدراوە.

لێکدانەوەیەک کەلێنین لەبەرهەمەکانی تۆلستۆی کردوویەتی، لەراستیدا بەخاڵی بزاڤی (ماشێری) دەژمێردرێ. سەرەڕای ئەوە، گەیشتن بەوەها رەخنەیەک پێویستی بەوە هەیە کەبەرهەمی ئەدەبی هەر وەک بینای رواڵەتی شیبکەینەوە.

# ئایدا لەئاوێنەدا

ئەحمەد شاملوو
و: عەتا جەمالی

لێوەکانت
بەناسکیی شیعر
شەهوانیترین ماچەکان دەکاتە شەرمێکی وەها
کەگیاندارانی ئەو شکەتیش بەری دەبن
بۆ ئەوەی پێی بنە ئینسان.
هەر دوو گۆنات
بەدوو شەقڵی تەریبەوە
کەفیزی تۆ ئاراستە دەکەنو
چارەنووسی من
کەشەوگارم لەکۆڵ ناوە
بێ ئەوەی تەیار بوویێتم
بەچاوەڕوانی سبەینێو
کچێنییەکی سەربەرزم
لەقەحبەخانەی دانوستان
سەربەمۆر هێناوەتەوە.
هەرگیز کەس هێندە قیژەون رووی لەکوشتنی خۆی نەنا کەمن
ژیام!
.....

چاوەکانیشت نهێنیی ئاگرە.
ئەوینیشت سەرکەوتنی مرۆڤە
لەو کاتەدا کەبەرەو شەڕی چارەنووسیی تاو دەدا.
باوەشیشت
ئەوەندووسکە شوێنێکە بۆ ژیان
ئەوەندووسکە شوێن بۆ مردنو
راکردن لەشار
کە بەهەزار ئەنگوستەوە
نەگریسانە
پاکیی ئاسمان تۆمەتبار دەکات
.........
کێو بەیەکەم بەردەکانی دەست پێدەکاو
مرۆڤیش بەیەکەم ئازار.
بەنرییەکی ستەمکار بوو لەناخمدا
کە بەزڕەی زنجیرەکەی رانەدەهات
من بەیەکەمین نیگای تۆ دەستمپێکرد
.........
باهۆزەکان
لەسەمای مەزنی تۆدا
لەبۆ شانو شاباشی تۆ
لەبلویرێک دەتووڕێنو
گۆرانیی دەمارەکانت
تاوی تاهەتا هەڵدێنن.
لێگەڕێ وا لەخەو رابم
کەگشت کۆڵانەکانی شار
پێم بزانن.
دەستەکانت ئاشەوایی‌و
دۆستانێکن یارەدەر
بۆ وەی دوژمن
لەیاد
بچێت.
تەوڵێت نەینوولکێکی باڵا بەرزە
پرشنگدارو بەرز،
کە "حەوت خوشکان" لێی دەڕوانن
تا لەجوانی خۆیان بگەن.
جووتێک باڵندەی بێتاقەت لەسینەتدا ستران دەڵێن.
هاوین لەکامە لاوە دێت
تا سی وشکاو
تامی ئاو نۆشینتر بکات؟
تا بێو باڵات لەئاوێنەدا دەرکەوێ
تەمەنێکی دوورو درێژ لەباڵای ئاوێنە رامام
من ئەستێرکو من دەریاکانیش گریاوم
ئەی پەریسای لەقەڵافەتی ئینساندا
کەپەیکەرت لەژیلەمۆی درۆدا نەبێ ناسووتێ!
لێرە بوونت بەهەشتێکە
کەپاساوە بۆ راکردنم لەدۆزەخ،
دەریایەک کە، من لەخۆیدا نوقم دەکات
بۆ وەی کە لەهەموو درۆو تاوانەکان
پاکبیمەوە.
سپێدەش بەدەستەکانت لەخەو هەڵدەستێت.

# مالهالەند (Mulholland)
# شەقامی خەونو ئارەزووەکان

ئا: سووسەن ئەبووبەکر





ئەگەر لەروانگەیەکی نەریتیو فۆرمی گێڕانەوەی سینەمای باو و کلاسیکەوە تەماشای فیلمی شەقامی مالهالەند (Mulholland Drive) لەدەرهێنانی دەیڤید لینچ بکەین، تەنها دەستکەوتێک کەدەمان بێت ئەوەیە سەرمان لێ بشێوێت. لینچ وەک شێوەی کلاسیکیو لۆژیکی گێڕانەوە چیرۆک ناگێڕێتەوەو هەڵبەت پێرسۆنیفیکاسۆنە سەیرو سەمەرەکانی کارەکە دژوارتر دەکات. لەم فیلمەداو هەروەها لەفیلمی شارێی ونبوودا نابێت بەشوێن هێڵێکی دیاریکراوی گێڕانەوەو پێوەندی لۆژیکی نێوان مرۆڤەکاندا بگەڕێین، لەبەر ئەوەی تەواو بەپێچەوانەوە بەوێنا کێشراوە. لەلایەکی ترەوە، بەرهەمەکانی لینچ ئاوێتەیەکە لەخەونو راستی.

باس لەسیمبولناسی فیلمەکە بکەم. هەر بۆیە باس لەسیمبۆلو رەمزە بەکاربراوەکان دەکەم.

جادە یان شەقامی مالهالەند (Mulholland Drive) تاریکو پڕ لەنهێنییە. ئەمە رەمزێکە بۆ پێوانو گوزەرکردن لەو رێگایەی مرۆڤ دەیەوێ بۆ گەیشتن بەهیواکانی پێیان بگات. ئەم شەقامە نوێنەری خەون و ئارەزووەکانی ئێمەیە. ئەو شتەی لەخەیاڵو خەونەوە سەرچاوەیگرتووە. گرتەی سەرەتایی فیلمەکە لەشەقامی مالهالەندەوە دەستپێدەکات، واتە فیلمێک دەبینین دەربارەی خەونێک کەحەقیقەتێکی هەستپێکراوەو دەکرێ بوونێکی واقعو دەرەکی هەبێتو لەجیهانی واقیعدا پێی بگەینو هەستی پێبکەین. بەڵام بۆ گەیشتن بەو دونیایە لەجیهانی واقیعداو بۆ هەستپێکردنی کۆمەڵێک کۆسپو لەمپەر هەیە، لەدرێژەی فیلمەکەدا ئەم لەمپەرانە دەردەکەون. پیاوە ناشیرنەکەی پشت دیوارەکە، سیمبۆلی دەجاڵ یان ئەو پەڕی ناشیرینییە. ئەو شتەی رێک خاڵی بەرانبەری پاکیزەبوونو پاکییەو ئەوە وەک شەیتان، مرۆڤەکان بەرەو شوێنێک دەبات بەوەی لەراستیو پاکی دووردەکەونەوە. رەنگە ئەمە هەمان روانگەی ئایینی بێت بۆ چیرۆکی شەیتانو دەجاڵ. کەلێرەدا لینچ وەک سیمبۆلێک کەڵکی لێوەرگرتووە.

سندووقی شین (Pandora box) دەرگای چوونە ناو رەشییەوە، وێرانیو گوناە، کلیلەکەی بەدەست هەمان ئەو پیاوە ناشیرینەوەیە کە لەپشت دەرگاکە وەستاوە، هەمان ئەو کلیلە شینەی کە لەگرتەیەکدا بەدەست بکوژەکانی کامیلاوە دەیبینین، رەنگی شین لێرەدا سیمبۆلی گوناهە.

قاوەخانەی دایان (سیمبۆلی گوناە ویستن) لەو شوێنەی ریتا شتێک بەیاددێنێتەوە، بەبینینی ناوی دایان ئەو دەیەوێ بگات بەراستی، ئەو راستییەی جگە لەگوناە هیچ نییە

کلووپی سیلنسیۆ، سیمبۆلێکە بۆ گەیشتن بەراستی. لەم کلووپەدا دەبیستین:"... تاقمێک نییە.... ئۆرکێسترایەک نییە.... ئەو شتەی دەیبیستن لەسەر کاسێتێک تۆمارکراوەو بڵاودەبێتەوە." ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کەحەقیقەت شتێکی راستەقینە نییە. ئەمە نەک تەنها پاڕادۆکسێکی فەلسەفی، بەڵکو دەروونناسیشە. ئەوەی خۆی دەناسێت دەڕواتە کلووپی سیلینسیۆو تێدەگات ئەو ماوەیەی ژیاوە لەخەونو رۆیادا بووەو ئەوەی لەخەودا بینیویەتی، ژیانی کردووە.

کاوبۆی، سیمبۆلی لۆژیکو مەنتقە. ئەو رێگای دروست نیشانی ئادام (دەرهێنەری هۆلیوود) دەداتو پێشنیازی پێدەکاتو ئەم پێشنیازە جۆرێک هەڕەشەی لەگەڵدایە. لینچ لای وایە لۆژیک هەمووکات جۆرێک هەڕەشەی لەگەڵەو هەڕەشەش ئامرازو کەرەسەی هەڵبژاردنێکی عاقڵانەیە. هەموو کات ئەو کاتەی هەستەکان هێرش دێنن ئەمە عەقڵو لێکدانەوەیە کەئاگادارماندەکاتەوە لەسەرنەکەوتنەکانی داهاتوو کەرەنگە بێنە پێش. لەدوایین میوانیدا ئادام لەگرتەیەکدا دەبینین کەکاوبۆی دەڕواتە دەرەوە. راست ئەو شوێنەی کەئادام لەگەڵ کامیلیا کەهیچ توانایەکی نییە لەئەکتەر بووندا

پێشتر لەلایەن کاوبۆیەوە دوورخراوەتەوە خەریکی عاشقیو رابواردن دەبێتو دەبێت بەهۆی ئەوەی ئێرەیی بردنی دایان . مانای زانستی ئەم دیمەنە ساویلکە روانینە لەهەڵبژارنی کامیلادا وەک ئەکتەر، سۆزدەربڕینو تەنانەت دیاردەیەکی سەیریش بەناوی عەشق کاریگەری هەیە لەم هەڵبژاردنەدا. ئەوەی کەلۆژیک بەزەیی بەعەشقدا دێتەوە لەو خاڵە پاڕادۆکسانەیە کە لەبەرهەمەکانی لینچدا دەبیندرێ. لەگرتەیەکی تردا کاوبۆی دەدات لەدەرگای ماڵی دایانو داوای لێ دەکات هەستێ. بەئاگاهاتنەوەو هەستان ئاماژەیە بەلۆژیکیبوون.

ئەو چیرۆکەی لەرووی دەرەوەی فیلمەکەدا دەگێڕدرێتەوەو رەوایەت دەکرێ، تەنها گێڕانەوەی سەرنەکەوتنی ژنێکە بەناوی دایان بەوەی ببێت بەئەکتەر، یان بەدەربڕێنێکیتر رەتبوون لەشەقامی مالهالەند بەرەو ئاواتە بەدی نەهاتووەکانیو لەهەمانکاتدا سەرکەوتنەکانی بەرانبەرەکەی کامیلا لەبواری سینەمادا. دایان خۆی بەشایستەی ئەوە دەبینێت ببێت بەئەستێرەی سینەما (دووبارە دەیڵێمەوە ئەمە خوازەیەو ئەستێرەبوون هێمای سەرکەوتنەو جۆری ئەستێرەبوون گرنگ نییە)، بەڵام کامیلا کەکەمترین توانایی هەیە سەرکەوتوو دەبێتو دەبێت بەئەستێرە. کەوایە دایان بەکلیلێکی شین دەرگای سندوقی Pandora دەکاتەوە بۆ ئەوەی گوناهی ئێرەیی بردن ئەزموون بکات، کامیلا بەشێوەیەک هەم خۆشەویستی هەم سەرکەوتنەکانی دایانی بەرەو مەرگ بردووە. ئەم مەرگە لەخەونو رۆیادا روودەداتو گرتەی خۆکوشتنی دایان لەسەر قەرەوێڵەکە دوای ئەوەی پیرەژنو پیرەپیاوەکە بەشێوەیەک کەشێواوی دەروونی پێوەدیارە دەرخەری ئەم وتەیە.

کەوایە ئەوەی روونە، گێڕانەوەی ئێرەیی بردنو ونبوونی خەونو ئارەزووەکانی، ئەو شتەی لەشەقامی مالهالەند یان رێگایەک بەرەو ئارەزووەکانی لەناوچووە. بەڵام وەک وتم ئەمە رووکەشی فیلمەکەیە. بەڵام مەبەستی شاراوە یان دەروونی فیلمەکە چییە؟ ناکۆکی زەینی بینەری فیلمەکە لەم رووە دەروونیدا دەردەکەوێ. سەرەتا دەبێت سنوورێک لەنێوان مەجازو واقعدا دابنێین. کوێی فیلمەکە فەنتازیاییو کوێی واقعە؟ لەسەرەتای فیلمەکەوە تا ئەو شوێنەی ریتاو بێتی دەڕۆنە کلووپی سیلنسیۆ لەخەیاڵداین. کەدایان لەخەوهەڵدەستێو بەئاگادێتەوە دوایین ئەو شتانەی کەدراوسێکەی لایەتی، دەیداتەوە پێیانو لێرەدا واقع دەستپێدەکات، بەڵام خەونو خەیاڵ کەئاخێزگەکەی لەنەستی دایاندایە تەنانەت لەراستیو واقعیشدا بوونی هەیەو واز لەدایان ناهێنێت.

لەراستییدا دایانو کامیلا یەک کەسن، کامیلا خەونو خەیاڵی دایانو دایان رووی واقعی ئەم کەسایەتییەیە. هێمۆسێکسواڵ بوونی ئەم دوو ژنەو سێکسی ئەم دوو ژنە پێکەوە جیا لەلایەنە بینراوەییەکانی بەتەواوی خوازەییو سیمبۆلیکە. ئەم دوو رووەی کەسایەتییەکە هەر کامەیان لایەنێک لەبەرانبەرەکەیان بەلاوە پەسەندەو دەیپەرستێو وەک دوو بنەمای ون بوو کەحەزدەکەن لەجەستەیەکدا بن یەکتر لەباوەش دەگرن، لێزبیەنەکان هیچکات بەم شێوەیە عاشقانە هەستی خۆیان بەرانبەر بەیەک دەرنابڕن، بەڵام دایان بەکامیلا دەڵێت عاشقی ئەوە. دایانو کامیلا دوو جەستەن بەرۆحێکەوەو لینچ ئەم کەسایەتییە سەرەکییە، واتە دایان، کامیلای لەیەکجیاکردووەتەوەو ئەمە زیاتر دەبێ بەهۆی سەرلێشێواوی بینەر. بێتیو ریتا لەکەسایەتی ریتادا بەشوێن شوناسی خۆیاندا دەگەڕێن، بەڵام پارەو کلیلەکە دەدۆزنەوە، پارەو کلیل هەردووکیان رێگا خۆشکەرن، هەڵبەت رێگاخۆشکەر بەرەو لەناوچوونو گوناە. ئەگەر دایانو کامیلا یەک کەسن ئەی بۆ دایان دەیەوێ کامیلا بکوژێت؟ هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەستو ئێرەیی بردن ( ئەو گوناهەی لەلایەن پیاوە ناشیرینەکەی پشت دیوارەکەوە بەهۆی سندوقی Pandora وە پێشکەش بەدایان کراوە) ئەمەش دەبێت بەهۆی گوناهێکی گەورەتر یان بەدەربڕینێکیتر دەبێت بەهۆی ئەوەی دایان کامیلا بکوژێت. دایان کە کەسایەتی خەیاڵی کامیلایە چاوی بەبینیی ئەم کەسایەتییە واقعە (کامیلا) هەڵنایەتو هەوڵی لەناوبردنی دەدات، هەر چەن لەخەودایە خۆی دەکوژێت بۆ ئەوەی واقعی کوشتبێت. ئەو مەرگەی کە لەلایەن بێتیو ریتاوە پێشتر دۆزراوەتەوە لەراستییدا تەنها خەیاڵەو بەس.

بەگشتی فیلمەکە رەخنەگرتنە لەمرۆڤو مەیلو حەزە شەیتانییەکانی. ئەو مرۆڤەی هیچکات رازی نییە بەدۆخی خۆیو هێرشدەکاتە سەر هۆکارە ناوەکیو دەرەکییەکان (کەبنەمایەکی دەروونناسیان هەیە) بۆ ئەوەی لەرێگایەکدا کەپێی دەوتری شەقامی مالهالەند، هیچ نییە جگە لەم قەیرانی دەروونی مرۆڤەکان بەوەی کەخەونەکانیان بەدی نەهاتووە. ئەم بابەتە پێشتر لەشارێی ونبوو (بەرهەمێکی تری دەیڤید لینچ) دا باسیلێکراوەو شتێکی تازە نییە لەبەرهەمەکانی لینچدا. شەقامی مالهالەند فەلسەفەی ژیان دەداتە بەر رەخنەو چاوەڕوانی ئەمەش لەلینچ دەکرا. بۆ تێگەیشتن لەفیلمەکە دەبێ لینچو بەرهەمەکانیو روانینی سوورئالیستی لینچ بناسین. شەقامی مالهالەند شەقامی خەونو ئارەزووەکانەو جەعزێکی داخراوی وەڵامو پرسیارەو فیلمەکە هیچ نییە جگە لەم پەیامە.

# دەنگی فیکەی شەمەندەفە......ر

بەهمەن موعتەمیدیان
و: هێرش حسەینی

گوێم لەفیکەی شەمەندەفەرەو تۆقاو و شڵەژاو لەخەو رادەپەڕمو دیسان ئەو چیرۆکە دەنووسم بەو هیوایەی کەئەم کەڕەتە لەجێیان هەستنەپێ. هەر دووکیانم دەناسی. چوارساڵ هاوپۆل بووین، لەپۆلی یەکەمەوە. بێدەنگو دوورەپەرێزو دایمە پێکەوەبوون. ئەوەندە لەیەکدەچوون دەتوت یەک کەسن، وەک ئەوەی جمک بن. زۆرکات دوور لەوانی دی، تەنیایی تایبەتی خۆیان هەبوو. نەک بڵێی ترسنۆک یان خوێڕی بن، ئیرادەی پتەو و قایمیان لەدوورەوە دیاربوو.

ئەو رۆژە لەو سەری حەوشەوە هاتنە لای من. ساردو بێ هەست. خۆنووسێکیان دامێ کەئێستا پێی دەنووسم. وتیان داوەریان بم، وتم باشە.

"بەیانی زوو، قەراغ هێڵی ئاسن، هەر ئەو جێگایە وا بەرد لەژوورەکانی شەمەندەفەر هەڵدەکەن."

بڕیارمان ئەوێ داو خۆنووس خەڵاتی داوەری بوو. کاتێ گەیشتمێ هەر دووکیان لەوێ بوون. تاو تازە هەڵاتبوو. بۆ یەکەم جار دیتم کەدوور لەیەک دانیشتوونو مەودایان بەینە. دەبوو قازی ئەوە بم کەکامەیان درەنگتر لەسەر هێڵە ئاسنەکە هەڵدەستێ ئەو کاتەی شەمەندەفەر دەگاتێ. بەتەما نەبووم داوەری وەها کێبڕکێیەک بم. مابوومەوە، حەپەسابووم. ئەو دووانە بەڕێوەبوون کە لەسەر هێڵە ئاسنەکە درێژ بنو من چاوم لێ دەکردن.

هەر ئەوەندەی چاو بقوچێنی، قەوما. لەدوورەوە بەفیکەفیک شەمەندەفەرێکی باری زلو زەلام وەدیارکەوتو نزیکو نزیکتر بووەوە. هیچکامێکیان لەجێی خۆیان جوڵەیان نەکرد. فیکەی شەمەندەفەرەکە گوێی کەڕ دەکردو من لێیان دەپاڕامەوە کەهەستن. لەوە دەچوو دەنگم نەبیستن.

نەمدەتوانی لێیان نزیکبمەوە. دەتوت مۆتەکە گرتوومی. هەر کامێکیان لەبن چاوەوە ئاگای لەوی دی بوو و ئیمانو متمانەو بڕوای خۆی بەوی دی دەنواند. شەمەندەفەرتوندو بەحوججەت نزیکبووەوە، وەها کەبن پێم لەرییەوەو وەک چرکەیەک درەوشانەوەی بەرقی تیژی سەر شمشێرێک، بەسەریاندا تێپەڕی. کاتێ چاوم هەڵێنابوو شەمەندەفەر هێشتا بەسەریاندا تێدەپەڕیو دەتوت قەت تەواو بوونی نییە.

هەر کاتێ خەوم لێ دەکەوێ ئەو دووانە دەبینم کە لەو سەری حەوشەوە دێنو خۆنووسێک دەدەن بەمن. من دەبمە داوەریان. قەتار نزیکدەبێتەوە. نزیکو نزیکترو دەزانم پێش ئەوەی گوێم لەفیکەی بێ، وەخەبەر دێمو دەرەتانی ئەوەم دەبێ جارێکی دی ئەو چیرۆکە بنووسم. ئێستا دەبێ بپاڕێمەوە کەئەو دووانە لەسەر ئەو هێڵە ئاسنانە هەستن، بەڵکو ئەمجارەیان لەجێیان هەستنەپێ.

دەستوور
خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرۆکی ئەنجومەن: ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811
جێگری سەرنووسەر: وریا حەمەتاهیر
سکرتێری نووسین: شۆرش خالید
بەڕێوەبەری هونەریی: لوقمان عومەر

# ئاراس کۆیی دەست لە پۆستی سەرۆکی گروپی میوزیکی نالی دەکێشێتەوە



رەوەند جەواد

ئاراس کۆیی میوزیکژەن دەستلەکارکێشانەوەی لەپۆستی سەرۆکی گروپی میوزیکی نالی راگەیاندو دەڵێت لەسەفەرەکەیاندا بۆ فەرەنسا گروپی میوزیکی نالی چەندان خروقاتیان ئەنجامداوە.

ئاراس کۆیی بۆ دەستوور وتی دوای دەستبەکاربوونی گروپی نالی پێیانوتم بەبێ هەڵبژاردن تۆ سەرۆکی گروپەکەیت، دواتریش چەندان کاری هونەریمان ئەنجامدا. وتیشی کاتێک بودجەمان لەحکومەتەوە بۆ برایەوە، بەشێک لەئەندامان بودجەکەیان دەخوارد.

ئاراس کۆیی دەڵێت سەفین سالح بەناشەرعی خۆی کردووە بەسەرۆکی گروپی نالیو بە بەڵگە من سەرۆکی گروپی نالیم، بەڵام لەناو گروپەکە کوتلەو کوتلەکاری دروستبووو.

ئاراس ئەوەشی وت لەئێستاوە بڕیارمداوە واز لەکارکردن لەناو گروپی میوزیکی نالی بهێنمو مافێکی زۆرم لای ئەو گروپەیە، ئەگەر بۆم جیبەجێ نەکەن، رووبەڕووی دادگایان دەکەمەوە.

ناوبراو پێشیوابوو ئەگەر نالیی شاعیر بمایەو بیزانیایە کەگروپێکی وایان بەناوی ئەوەوە دروستکردووە، ئەوا لەسەر خۆی دەدا.




## دەلاقە

# ٣١ی ئاب خیانەتێکی لەبیرنەکراو

وریا حەمەتاهیر

دوێنێ ١٤ ساڵ بەسەر کارەساتی ٣١ی ئابدا تێپەڕی، ڕووداوێک کە بەکارەساتو خیانەتێکی نیشتمانی گەورە لەمێژووی ئێمەدا ناسرا، کە تا هەنوکە کارەساتەکە لەڕووی زانستیو بابەتیەوە لێی نەکۆڵراوەتەوە، لەڕووی یاساییشەوە نەکەوتووەتە خانەی ئەو بابەتانەی کەداواکاری گشتی بتوانێت لەئێستادا دەستی بۆ بەرێت، پێناچێت بەمزوانەش بکەوێتە ئەو خانەیەوە.

٣١ی ئاب لەژیانی ئێمەدا لەماوەی چواردە ساڵی ڕابردوودا جگە لەوەی لەمینبەری یەکێتیو هێزە نەیارەکانی پارتیەوە وەک چەکێکی کوشندە دژ بەپارتی بەکاردێت، هەندێکجاریش ڕۆشنبیران لەدیدێکی ڕەخنەییانەوە هەڵیانسەنگاندووە، لەوەش زیاتر کاری لەسەر نەکراوە. تەنانەت لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتیو پارتیەوە هێندەی تر بێدەنگی لەو کارەساتە نیشتمانییە کرا، بەهۆی ڕێککەوتن لەسەر پارەو دەسەڵات لەنێوان ئەو دوو حیزبەدا.

بەرای ئێمە ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە، ٣١ی ئاب لەقاڵبی چەکێک دژ بەپارتی بێتەدەر، جگە لەلێکۆڵینەوە لەهۆکارو دەرەنجامەکانی ئەو کارەساتە، هەمووان هەوڵ بۆ ئەوە بدەن کەبەرپرسیارانی ئەو خیانەتە مێژووییە ببەینە بەردەم یاسا، بەڵام یاسایەکی دادپەروەرانە بۆ ئەوەی ئیتر یاسا حوکم بەسەر ڕووداوەکەدا بکات، بۆ ئەوەی ٣١ی ئاب کەخیانەتێکی نیشتمانی گەورەیە لەململانێی نێوان پارتیو نەیارەکانیدا بهێنرێتەدەرێ.

ئەوەی جێگای نیگەرانییە، هەڵوێستی یەکێتیو خودی تاڵەبانییە لەئاست ئەم خیانەتەدا، کە لەڕاستیدا ئێمە هیچ دڵمان بە بەدەنگهاتنەکانی ئەوان لەڕابردوودا خۆش نییە، بەڵام لەبێدەنگییەکانی ئێستاشیان نیگەرانین، چونکە وادەردەکەوێت ئەوان بەهۆی ڕێککەوتنی نێوانیانەوە دەیانەوێت ڕووداوەکە بەدەستی فەرامۆشی بسپێرن. کەبێگومان نە یەکێتیو نە تاڵەبانی حەقی ئەوەیان نییە بڕیاری لێخۆشبوون لەکارەساتێک بدەنو کەسیش ناتوانێ ئەو حەقە بەوان بدات، کە بەهۆیەوە هەزاران ڕۆڵەی ئەم نیشتمانە بوون بەقوربانی، هەروەها سومعەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی خستەژێر پرسیارەوە.

بەرای ئێمە ئەم هەڵوێستەی تاڵەبانیو یەکێتی، ڕەنگە هیچی کەمتر نەبێت لەخودی خیانەتەکە، چونکە پاڵپشتیکردن بۆ لەبیرکردنو فەرامۆشکردنی ئەو کارەساتەو دەربازکردنی ئەنجامدەرامی لەدەستی یاسا، هێندەی کارەساتەکە قورسە، بەتایبەت ڕەنگە لێکۆڵینەوە لەهۆکارەکانی کارەساتە بەو ئاکامە بگات یەکێتی یەکێک بێت لەهۆکاری ڕوودانی ئەو کارەساتە.

هەروەها دەبێت ئەوەش بڵێین کەکارەساتەکە خیانەت بوو لەنیشتمانو میللەت نەک یەکێتی، ڕەنگە پارتی والێکیبداتەوە تاکتیکێکی شەڕ لەو قۆناغەدا بۆ دەربازبوون لەدەست یەکێتی، بەڵام بەهەموو پێوانەو پێوەرەکان ئەوە خیانەتێکی مێژوویی گەورە بوو. بۆیە ئەگەر ئێستا یەکێتی لەبەشەکەی خۆی خۆش بێت، ئەوا میللەت لەحەقی خۆی خۆش نەبووە.

پێداگری ئێمە تەنها بۆ ئەوە نییە کە بەسزاگەیانی ئەنجامدەرانیو قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکانی کارەساتەکە، دادپەروەری بچەسپێت، بەڵکو لەوە گرنگتر ڕێگرتنە لەدووبارەبوونەوەی خیانەتێکی هاوشێوە، لەحاڵەتی ناکۆکی نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێم، بەتایبەت ئەوان هێشتا خاوەنی هێزی چەکدارن.